# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی


گۆڤارێکی ئەکادیمی و زانستیی وەرزییە

48

٢٧٢١ کوردی ٢٠٢١ زایینی



- بنیاتی وشەی (مەلە) و چارەنوسی لە زمانی کوردیدا ٧
- نیشانکارێن پراگماتیکا زمانی د حەیرانۆکێن کوردیدا ٢٩
- چەمکی ژیان و مردن لە شیعرەکانی (گۆران) دا ٥٧
- هەندێ لایەنی نەفسانەیی لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا ٩٩
- ڕۆمانی مێژوویی ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) بەنموونە ١٢٧
- پرۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧ دا ١٦١
- نافرەت لە کولتووری کوردیدا ! ٢١١
- بررسی و تحلیل شکواییه در مثنوی مم و زین ٢٢٩
- Kurdish Language in Iraqi Kurdistan under Constant Threat of Marginalization and Declination 7

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

48

2021

گۆڤارێکی ئەکادیمی و زانستیی وەرزییە

ژمارە ( ٤٨ ) ٢٧٢١ کوردی ٢٠٢١ زایینی



سەرۆکی دەستەی نووسەران

پ.د. عەبدولفەتتاح عەلی بۆتانی

جێگری سەرۆکی دەستەی نووسەران

پ.د. عوسمان حەمەد خدر دەشتی

بەڕێوەبەری نووسین

پ.ی.د. ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر

دەستەی نووسەران

پ.د. موحسین محەمەد حوسێن

پ.د. خەلیل عەلی مراد

پ.د. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی

پ.د. نەشوان شوکری هرووری

پ.د. هۆشەنگ فاروق جەواد

پ.ی.د.جیهاد شوکری ڕەشید

دەستەی ڕاوێژکاران

پ.د. ڕەشاد میران

پ.د. زرار سدیق تۆفیق

پ.د. عەبدولوەهاب خالید موسا

پ.د. فاروق عومەر سدیق

پ.د. ئازاد عوبێد ساڵح

پ.ی.د. نەجدەت سەبری ئاکرەیی

پ.ی.د. حەمید عەبدوڵڵا ساڵح



هەولێر - شەقامی هەڵەبجە ISSN:2520- 4106 /https://gov.krd/ka

**باس و توێژینەوە بڵاوکراوەکان لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**
**دەربڕی بیر و بۆچوونی توێژەرانن نەک دەستەی نووسەرانی گۆڤار**

- گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی.
- بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود کواز
- نەخشەساز: عیسام موحسین نادر.
- هەڵەچن: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، ئیمان نەجات، شیلان جەلال
- ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: شیلان جەلال
موبایل: ٠٧٥٠٤٩٠٢٠٧٥
- ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:https://gov.krd/ka/
- ئیمێڵ:govary.ak@gmail.com

**لەم ژمارەیەدا**

**بەشی کوردی**


* بنیاتی وشەی (مەلە) و چارەنوسی لە زمانی کوردیدا ٧

پ.د. فاروق عومەر سدیق

* نیشانکارێن پراگماتیکا زمانی د حەیرانۆکێن کوردیدا ٢٩

م. هـ. ئاشتی حەجی حەسەن - م. هـ. زێرەڤان ئیبراهیم موسا

* چەمکی ژیان و مردن لە شیعرەکانی (گۆران) دا ٥٥

د. جەبار ئەحمەد حسێن

* هەندێ لایەنی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا ٩٧

د. مةكنون محةمةد تاهير ميقداد - م.ى.تةلعةت محةمةد عةزيز

* ڕۆمانی مێژوویی ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) بەنموونە ١٢٥

د. ئاوارە کەمال صالح

* پرۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە .. ١٥٩

د. بورهان حاتەم عوسمان

* ئافرەت لە کولتووری کوردیدا ! ٢٠٩

پ. د. ڕەشاد سەبری میران

* بررسی و تحلیل شکواییه در مثنوی مم و زین ٢٢٧

پ.ی.د. جیهاد شکری رشید

* Kurdish Language in Iraqi Kurdistan under Constant Threat of ... 7

Muhammad Qadir Saeed

## ڕێنمایی بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

- گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستی وەرزییە، باس و توێژینەوەی زانستی تایبەت بە کورد و کوردستان بڵاو دەکاتەوە، بەمەرجێک لە هیچ شوێنێکی دیکە بڵاو نەکرابێتەوە یاخود بۆ بڵاوکردنەوەی وەرنەگیرابێت.
- زمانی بڵاوکردنەوەی باس و توێژینەوەکان لە گۆڤارەکەدا کوردی و عەرەبییە، ئەو باس و بابەتانەش کەوا سەروکاریان لەگەڵ مەسەلەکانی کورد و کوردستان هەبێت، ئەگەر بە زمانی دیکەش بن بڵاودەکرێنەوە.
- لە هەڵبژاردنی ناونیشان و نووسینەوەی توێژینەوەکاندا، پێویستە ڕەچاوی بنەماکانی میتۆدی زانستی بکرێت. بە پێچەوانەوە هەر توێژینەوەیەک پێڕەوی لەم بنەمایە نەکات لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە وەلادەندرێت.
- هەر باس و بابەتێک لەبارەی ساغکردنەوەی (پەیدۆزی، تحقیق)،ی دەستنووسەکانەوە بێت، پێویستە پەیدۆزییەکە بە گوێرەی بنەما زانستییە کارپێکراوەکانی ئەو بوارە ئەنجام بدرێت، هەروەها چەند لاپەڕەیەکی کۆپیکراو و زانیاری تەواوی سەبارەت بە دەستنووسەکە و شوێنی هەڵگرتنی بخرێتە ڕوو.
- پێویستە توێژەر لە لاپەڕەی یەکەمی توێژینەوەکەیدا، ناونیشانی باسەکەی، ناو و ناسناوی زانستی، شوێنی کارەکەی، ئیمێل و ژمارەی تەلەفۆنی خۆی بنووسێت.
- پێویستە توێژەر پوختەی توێژینەوەکەی بە دوو زمانی دیکە، جگە لە زمانی نووسینی دەقەکەی لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا بنووسێت، بەمەرجێک لە یەک لاپەڕەی (A4) زیاتر نەبێت و تێیدا گرینگی باسەکە و ئەنجامە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەی بخاتە ڕوو.
- پێویستە توێژەر لە سەرەتا و کورتەی توێژینەوەکەیدا وشەی سەرەکی توێژینەوەکەی بە هەر سێ زمان بنووسێت.
- دەبێت توێژەر لەمەسەلەی بەکارهێنان و ڕێکخستنی سەرچاوەکاندا پێڕەو لە شێواز هارڤەرد بکات بەم شێوەی خوارەوە:

١. لە نێو ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا: **(ناسناو یان ناوی کۆتایی، ساڵی چاپ، ل).**

٢. لە لیستی سەرچاوەکاندا: **ناسناو، یان ناوی کۆتایی، ئینجا ناوی یەکەم و دووەمی نووسەر، ساڵی چاپ، ناوی کتێب، شوێنی چاپ.**

- دەبێت توێژەر توێژینەوەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە بنووسێت:

**یەکەم: بۆ توێژینەوەکان بە زمانی کوردی**

- ناونیشانی سەرەکی بە (Unikurd Peshew) سایز (٢٠).
- ناونیشانی ناوەوە بە (Unikurd Hiwa) سایز (١٣).
- ناوەڕۆکی توێژینەوەکەی بە (Unikurd Goran) سایز (١٣).
- پەراوێزەکان کە دەکەوێتە بەر لە لیستی سەرچاوەکان بە (Unikurd Goran) سایز (١١).

**دووەم: بۆ توێژینەوەکان بە زمانی عەرەبی**

- ناونیشانی سەرەکی بە (Times new Roman) سایز (٢٠).
- ناونیشانی ناوەوە بە (Times new Roman) سایز (١٣) و بۆڵد بکرێت.
- ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بە (Times new Roman) سایز (١٣).
- پەراوێزەکان بە (Times new Roman) سایز (١١).

**دووەم: بۆ توێژینەوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

- ناونیشانی سەرەکی بە (Times new Roman) سایز (٢٠).
- ناونیشانی ناوەوە بە (Times new Roman) سایز (١٢) و بۆڵد بکرێت.
- ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بە (Times new Roman) سایز (١٢).
- پەراوێزەکان بە (Times new Roman) سایز (١٠).

- هەموو باس و بابەتێک بە (٣) دانەی کاغەز و دانەیەکی سەر (CD) پێشکەش دەکرێت، بەمەرجێک ژمارەی لاپەڕەکانی، لە هەموو وێنە و خشتە و سەرچاوەکانەوە لە (٢٥) لاپەڕە تێپەڕ نەکات.
- دوا بەدوای پەسەندکردنی هەر توێژینەوەک لەلایەن هەڵسەنگێنەرانی پسپۆڕەوە، توێژەر دانەیەک لە نووسراوی پەسەندکردنی توێژینەوەکەی لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە پێدەدرێت. لە دوای ئەوە توێژەر بۆ نییە باسەکەی پێشکەش بە هیچ لایەنێکی دیکە بکات، بەبێ نووسراوێکی ڕەزامەندی لە لایەن سەرنووسەری گۆڤارەکەوە.
- دەستەی نووسەران ئەو مافەی دەبێت کەوا هەندێک برگە و دەستەواژەی توێژینەوەیەک لابدات، یان بگۆڕێت و دووبارە دایبرێژێتەوە تاوەکو لەگەڵ ڕێنماییەکانی بڵاوکردنەوە لە گۆڤارەکەدا بگونجێت.
- چۆنییەتی ڕێزکردنی باس و بابەتەکان پەیوەندی بە ڕێبازی بابەتبەندی گۆڤارەکەوە هەیە نەوەک بابەت و بایەخی توێژینەوەکان، یاخود پلەوپایەی زانستی توێژەرەوە.
- گۆڤاری ئەکادیمیا ئەو باس و توێژینەوانەی کەوا لە نامەکانی ماستەر و دکتۆرا وەردەگیرێن، واتە (مستل)ن، بڵاوناکاتەوە.
- هەر باس و بابەتێک کە ڕەزامەندی لەسەر بڵاوکردنەوەی نادرێت، بۆ خاوەنەکەی ناگەڕێندرێتەوە.

# بنیاتی وشەی (مەلە) و
# چارەنوسی لە زمانی کوردیدا

**پ.د. فاروق عومەر سدیق**
ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی- هەولێر
drfaruq977@gmail.com

## پێشوتە:

ژیان وەستاو نییە، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە بیر و مێشکی قسەکەرانی زمان پێکەوە دەبەستنەوە قەتیس و چەقبەستو نابن و هیچ کات و زەمانێک لە جۆش و خرۆش و جوڵە و شڵەقاندنی خۆیان ناکەون، بەڵکو لە فەرهەنگی زماندا بەردەوام دینەمۆ و بزوێنەر و وزەبەخش و تەکانپێدەری گەشەسەندن و بەرەوپێشچون و دەوڵەمەندکردن و خوڵقێنەری وشە و ئیدیۆمی نوێن.

فەرهەنگ بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی کە بریتییە لە دەستەبەرکردنی کەرەسە و پێکهاتەی زمانی، دو (٢) ڕێگە دەگرێتەبەر: یەکەمیان: ئەگەر بوار پێدراوبێت بە گوێرەی یاساکانی وشەسازی باوی ناو زمانەکە خۆی وشەی تازە سازبو، ئامادە دەکات. دوەمیان: بەئاگایی، یا بێئاگایی بێت، باوەش بۆ خواستن و قەرزکردنی وشە و پێکهاتەی زمانیی لەم لاو ئەولا، دەگرێتەوە.

پەیبردن بە بنیاتی[١] وشە و چونە خوارەوە بەڕەگ و ڕیشە و بێخیدا، نەک هەر دەستکەوتی گەورە و گرنگی زمانیی لێ دەکەوێتەوە، بەڵکو چەندین ڕاستی و زانیاری نازمانیی، وەک: دەرکەوتنی سروشتی دەوروبەر و سیستێمی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کلتوری هاوبەش و چەشنی دانیشتوانی ئەسڵی ئەو ناوچانە و جۆری ئەو زمانانەی کە لەو سەردەمانەدا لەئارادابون و قەوارە و سنوری پەیوەندی و کۆنتاکتیان لەگەڵ دراوسێ و دورو نزیک لێیانەوە و ڕەوینەوە و لابردنی تەمومژ و غوبار لەسەر زۆر لایەنی نادیار و شاراوە و ونبوی ئەو زەمانە جیاوازانەی کە مرۆڤ پیایاندا، تێپەڕیوە، لێ سەوزدەبێت.

وشەی (مەلە) کە بەرامبەری لە عەرەبیدا: (السباحة) و لە ئینگلیزیشدا: (swimming)ە، یەکێکە لە وشە کۆنەساڵەکانی فەرهەنگی گشتی زمانی کوردی. لەڕەوتی ژیانیدا، تا ئەمڕۆ، چەندین قۆناغی جۆراوجۆری لە گۆڕینی فۆڕم سیمانتیکدا، بڕیوە و خۆڕاگر و چالاکانە لەکاردایە.

وشەیەک کە خاوەنی ئەو تایبەتییانە بێت، ئەوە هەڵدەگرێت و دەهێنێت کە بە باسێکی زانستیی سەربەخۆ، حەقی خۆی بدرێتێ. ئێمە بۆیەکەم جار لە مێژوی زمانناسی ئێرانی و کوردیدا، بەم باسە، چوینە ژێر ئەو بارەوە کە تاکو ئێستا، دەستی بۆ نەبراوە.

ئەم باسە، لە: [پێشوتە و (٢) دو بەش و ئەنجام و کورتەکەی بەزمانانی عەرەبی و ئینگلیزی] پێکهاتوە:

لە یەکەم بەشدا: تایبەتێتی سیمانتیکی و لێکسیکی و مۆرفۆلۆژیی (مەلە) و (مەلەکردن) کە لەو سازبوە، نیشاندراون.

لە دوەم بەشدا: ئێتمۆلۆژییەکەی ساغ و یەکلایی کراوەتەوە.

## یەکەم بەش

## لایەنی سیمانتیکی و لێکسیکیی وشەی (مەلە) و نەشونماکردنی

سیمانتیکی (مەلە) و لەوانەشدا کە لەو سازبون، لە چەند فەرهەنگێکدا، ئاوا، نیشاندراون:

١- (مەلە) بەناو ئاوا ڕۆیشتن و کەوتنە سەر ئاو بە هۆی جوڵاندنی پەلوپۆوە. خۆ شتن بەئاو؛ (مەلەکردن) چونە ناو ئاو و پەلوپۆ جوڵاندن بۆ هاتوچۆ کردن بەسەریا. بریتییە لە چونە ناو ئاو و خۆ تێهەڵکێشانی؛ (مەلەوان) کەسێکە کە مەلە بزانێ؛ (مەلەوانی) زانینی مەلە. (خاڵ،١٩٨٧، ٣١١-٣١٢)

٢- مەلە: شنا، ملە، آب بازی.

مەلەڤان: شناگر، ملەوان، آب باز.

مەلەکردن: شناکردن، ملەکردن، آب بازی کردن.

مەلەوان: ملاح، آب باز، دریانورد، ملوان، شناگر. (پور،١٣٧٣، ٦٧٨)

٣- مەلە: ١- سۆبایی، لەئاودا نەخنکان و پەڕینەوە.

٢- خۆ شتن. بەرامبەریان لە فارسیدا، (شنا) و (آبتنی)یە.

مەلەڤان: کەسێ کە سۆبایی دەزانێ، بە فارسی (شناگر)ە.

مەلەکردن: ١- سۆبایی کرن؛ ٢- خۆشتن، بەفارسی ١- شناکردن؛ ٢- آبتنی.

مەلەوان: گەمی ئاژۆ ٢- مەلەزان، بەفارسی: ملوان کشتی ٢- شناگر.

مەلەوانی: ١- کاری گەمیە ئاژۆ ٢- سۆبایی ٣- خۆ شتن. بەفارسی: ١- کشتی رانی، ملوانی ٢- شناگری ٣- آبتنی.

مەلۆنێ: سۆبایی، بەفارسی (شناگری).

مەلۆو: سۆبایی کەر، بە فارسی (شناگر). (هەژار، ١٣٨٤، ٨٣٣-٨٣٤)

٤- مەلە: ئاوبازی [جووڵانەوەی مرۆڤ لەسەر ئاودا بەبێ ئەوەی ڕۆبچێت] ؛

مەلە: وسڵ [غوسڵ: خۆ شۆردنی شەرعی]؛

مەلەوان: ئاوباز [مەلەزان] . (کوردستانی، ١٣٨٨، ٦٢٠-٦٢١)

لێکدانەوەی سیمانتیکی (مەلە) لای نوسەرانی ئەو فەرهەنگانە، بەگشتی لەم خاڵانەدا، یەک دەگرنەوە:

١- ئاوبازی و یاریکردن لە ئاودا.

٢- پەڕینەوە لە ئاودا.
٣- خۆ شتن.
لە (مەلە)، (مەلەکردن)، سازبوە (ناوی ڕوداو)ەکەیەتی کە بە (خۆشتن)، وتراوە. مرۆڤیش لە خۆشتندا، هەرچی چڵک و پیسی هەیە لێی دەبنەوە، واتە لە لەشی (جیا دەبنەوە).

وەک دەزانین، وشەکانی زمان لە بیرو مێشکدا، بەپێی یاسا و دەستور لەسەر بناغەی جۆری چەمک و واتاوە بەسەر چەندەها فیڵدەواتادا دابەشبون و ڕێکخراون و لەمانیش، فەرهەنگی زمان، پێکدێت. یەکێک لەو فیڵدە مەزن و فرە ئەندامەی کە دەشێت جیهانیی، پێی بوترێت، ئەوەیە کە سەنتەرەکەی چەمک و واتای (جیابونەوە)یە.

ئێمە لەم باسەماندا، لەبەر بێشوماری ئەندامانی ئەو فیڵدە کە (مەلەکردن) یەکێکە لەوان، چەند گروپێکیان لێ هەڵدەبژێرین و بە دو (٢) دایەگرام، نیشانیان دەدەین:



یەکەم بەشی ئەندامە فیڵدەکانی (جیابونەوە)



دوەم بەشی ئەندامە فیڵدەکانی (جیابونەوە)

فەرهەنگی زمان بۆ دەستەبەرکردنی کەرەسە و پڕکردنەوە و ڕانەوەستان لە ئاست پێویستییەکانی کۆمەڵ، چەندین ڕێگا دەگرێتەبەر لەوانە: بەکارهێنانەوەی سەرلەنوێ مادە و پێکهاتە زمانییەکانیی کە پێشتر ئامادە و بەکارهاتون، جا یا بە گۆڕینی پۆلەکانیان، یا گۆڕینی واتاکانیان لەسەربەخۆوە بۆ میتافۆر. (سدیق،٢٠١٧، ٢٦٧-٣١٢).

ئەندام فیڵدەکانی (جیابونەوە)ش، بەشێکیان، بەر ئەو ئەرکە کەوتون لەوانە: جیابونەوە، مەلەکردن، شتن و ...... هی تریش، وەک:

١- لە هاوڕێکانی جیانەبوەتەوە. (ڕاستەوخۆ)

حسابی تۆ هەمیشە جیابوە. (میتافۆر)

٢- لەڕوبارەکەدا <u>مەلەی کرد</u>        (ڕاستەوخۆ)

لە گۆمی مەنگدا، <u>مەلەدەکات</u>.  (میتافۆر)

٣- جلەکانی باش <u>شتوە.</u>      (ڕاستەوخۆ)

ناحەزەکانی باش <u>شتوە.</u>  (میتافۆر)

وشە، بۆی هەیە لە یەک کاتدا، لە چەند فیڵدە واتاییەکدا، ئەندام، بێت، ئەوەش، نیشانەی گرنگی و پێویستیی فەرهەنگی زمانە، بە واتاکەی، بۆ نمونە (مەلە) جگە لە ئەندامێتی لە فیڵدی جیابونەوەدا لە دوانی تریشدا، هەر ئەندامە، وەک: فیڵدی (ئەوزاری گەیاندن)




فیڵدی یاری

ئەو گۆڕانانەی کە لە سروشت و دەوروبەر و ژیانی مرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەردەوام و بێ وەستان، ڕودەدەن، فاکتەری هەرە بەهێز و بنەڕەتی لەکارکەوتنی هەندێ ئەندام فیڵد و هاتنە کایەی بەشێکی ترن، هەر بەنمونە: کوا

ئەوزاری (قوفە)؟، (عەرەبانەی دو ئەسپی؟)؛ کوا یاری (ئاشەبەتەندورە)، (میچمیچێن)؟، بەڵام تاکو ئێستا هیچ فاکتەر و هۆیەک، نەیتوانیوە، جێ بە (مەلە) و (مەلەکردن) لەو فیلْدانەدا کە نیشانمان دان، لەق بکەن.

سیمانتیک و بوار و مەبەستە هەمەجۆرەکانی بەکارهێنانی (مەلە) کە وەک هەموو وشەیەکي تری زمان لە گۆڕان و گەشەسەندن بوە، بەدروستی دەزانین کە لەم وێنەیەدا، وردیان بکەینەوە:




پلەی بەکارهێنانی ئەو (٤) جۆرە بەم شێوەیە، شی دەکرێنەوە:

یەکەمیان: لەبرەودایە.

دوەمیان: لەکزی و پوکانەوەدایە.

سێیەمیان: لە کزبوندایە.

چوارەمیان: وەک تێرمێک لە زانستی وەرزشدا، لەبرەودایە.

لەڕاستیدا، ئەم ئاڵوگۆڕە لە واتادا، دەچێتە ناو بابەتی (فراوان بون و تەسکبونەوەی) واتاوە.

**ستراکچەری (مەلە) و سازبوان لێی لە مۆرفۆلۆژیدا**

(مەلە) وشەیەکی تاک مۆرفێمی سەربەخۆیە. لە گراماتیکدا بەمەبەستی پێدانی کەس و ژمارەو، هاوشێوەی ئەم ناوی ڕوداوانە: (کارکردن، ئیشکردن، سەیرکردن، تەماشاکرن، پیاسەکردن، هاوارکردن، خەباتکردن، شەڕکردن، نانکردن، قەرزکردن، سوێرکردن، تەواوکردن، پینەکردن، سەعیکردن، درۆکردن، شوکردن، زەرەرکردن، قازانجکردن، تەوقەکردن، دەنگکردن، ڕەنگکردن، لۆمەکردن، هەڕەشەکردن، جوانکردن، ئازادکردن، بەڕەڵاکردن، چاککردن، خراپکردن، خوارکردن، ڕێککردن،

ڕەشکردن، سورکردن، تاڵکردن، قەڵەوکردن و ........ هی تریش) کە لە [ناو، یا ئەجێکتیڤ+ (کردن)] سازێنراون، ئەمیش، لە (مەلە) + (کردن) پێکهێنراوە.

وشەی (مەلە) بوە بە بناغە بۆ دروستکردنی ناوی لێکدراو و داڕێژراوی لە نمونەی: باسکەمەلە، پشتەمەلە، بۆقەمەلە، وشکەمەلە، مەلەوان، مەلەوانی، مەلەوانگە و ...... هی تریش. لە ئەدەبی کوردیدا، هەندێک لەو ناوانە، خراونەتە قاڵبی شیعرەوە، وەک:

کوێرایم دایە، مەلە نازانم
هیوام هەر تۆیە، دەردت لە گیانم (قانع، ۱۳۹۰، ٤٧٩)

کام گێژە کەوتوومە ناوی
بۆ کام گێژە مەلەی سستم (دیلان، ۲۰۱۳، ۲۰۰)

ئاخ نازانن دڵ چۆنە لەبروسکەی سەرگۆنە
ئاگر بەر بووە کای کۆنە کەوتمە مەلە، وەک سۆنە (پیرەمێرد، ۲۰۱٦، ٣٤٤، ۳۸۳)

نانا ناڕۆم، مەلەی دەکەم
لەنێو دەریای مەندی خەیاڵ
داهێزاو، ڕوگرژ، تووڕە
دڵ پڕتاسە، مێشک بەتاڵ (هێمن، ۱۳٦٦، ۷۷)

(نالی) لە هەوا کەوتە سەما، بوَ شەناوَر
بە وشکە مەلە بیمی هیلاکی غەرقی بوَ (نالی، ۱۹۷٦، ۳۷۸)

ئەڕۆن بەرەوخوار بە پشتە مەلە
ئەپژێتە دەمیان تیشکی ئەم کەلە (کامەران،۲۰۱۳، ۹۳)

بەکورتی یا شێخ لەگەڵ مەلەوان
ڕۆین گەیشتنە ئاوی فراوان
یا شێخ ڕوی کردە کابرای مەلەوان
وتی: چلۆنی کاکی پاڵەوان

شێخە نووشتانێ لەل مەلەوانێ
بوو بوون بە هاوڕێ، لە بیابانێ (قانع، ١٣٩٠، ٤٧٨-٤٧٩)

لە دیالێکتی خواروودا بەگشتی (مەلە) فۆرمی سەرەکییە، بەرامبەری لە سەروودا، ئەمانەمان بەرچاوکەوتون: سۆبایی، سۆباهی، سۆڤایی، سۆبەکاری؛ دەشێت ئەم ناوی ڕوداوانەش: سۆبەکاری کرن، سۆڤایی کرن، سۆمەرکرن، سۆبەکاری دابنێین، مەلەکرن، یەکسان بن، واتە ببن بە سینۆنیمی (مەلەکردن)ی خوارو، هەر لەوێ (سۆبەکار) = (مەلەوان). (باکایێڤ،١٩٥٧)، (کوردۆیێڤ،١٩٦٠) (زادە، ١٣٧٩)، (هەژار، ١٣٨٤، ٨٣٣).

دیارە لەو ناوچانەدا کە قسەپێکەرانی هەردو دیالێکتەکە سنوریان لەیەکترەوە، نزیک بێت، هەردولا سود لە بەکارهێنانی پێکهاتە زمانییە هاوواتاکان دەبینن.

## دوەم بەش
## ئێتمۆلۆژی وشەی (مەلە)

بۆ گەیشتن بەڕەگ و بێخی (مەلە) و سازبوانی، وەک: مەلەکردن، مەلەوان، مەلەوانی، مەلەوانگە و هی تریش، بە پەسەندی دەزانین، سەرەتا لە نیشاندانی سروشت و ئێتمۆلۆژی ساغکراوەی چەند وشەیەکی فارسییەوە کە لە هەمان بواری سیمانتیکی ئەو وشە کوردییانەدا، کاردەکەن، دەست پێبکەین:

(علی اکبر دهخدا) نوسیویەتی: (شنا) مەلەوانی و ئاوبازییە. ڕیشەی ئەمیش و ئەوانەشی، وەک (شناە. آشنا، شنار. شناب. شناو. شیناب)ی بەڕەگی (snā) ئاوێستاوە کە (خۆ شتن)ی گەیاندوە و بە (snâ)ی هندی کۆنیشەوە کە واتای (چونە حەمام، یا حەمامکردن)ی بەخشیوە، بەستوەتەوە، واتای وشەی (ملوان)یشی بە کەشتیوانی و کارکردو لەسەر کەشتی بازرگانی و دەریاوان و مەللاح، لێکداوەتەوە. (دهخدا، ١٣٧٧، ج ١٠، ١٤٥٠٨، ج ٤، ٢١٥٠٤).

بە وتەی (ئیبراهیم پورداود)، وشەی (ملوان) لەجێی (ملاح) هێنراوەتە ناو زمانی فارسییەوە.[٢] دوای کنەکردن، زانرا کە (مله) لە لەهجەی کوردیدا، واتای (شنا) و (ملوان)یش، (شناگر)ە. لەپاشاندا، گومان پەیدابوە لەوەی کە ئایا (مله)ی کوردی ڕەگ و ڕیشەکەی ئێرانی و ئارياييیە، یا وەک سەدەها وشەی تری ئەو زمانە، بێگانەیە.

کورد، ئەو کەسانەن لەناو گشت قەومە ئێرانییەکاندا، کۆنترین مەردومن کە لە زۆر قەدیمەوە لەگەڵ تایەفەی سامی نەژادەکاندا لە کۆنتاکدا، بن.

دزەکردنی زمانی ئارامی (سریانی) پێش حوکمڕانی عەرەب بۆ ناو لەهجەی کوردی، ئاسان بوە. هەروەک چۆن زمانی پەهلەویش، کە لەسەردەمی ئەشکانی و ساسانیدا، ئیشی پێدەکرا، دورنەبوە.

لەو دزەکردنەوە، سەدەها وشەی ئارامی کە لە نوسینە پەهلەوییەکاندا، بەکارهاتون و (هزاورش)یان، پێ وتراوە[٣]، پاشماوەی ئەو ڕۆژگارانەن و زۆرترینیان، هی سەردەمانی پێشترو زەمانی هەخامەنشینەکانن.

کورد کە لە ڕۆژئاوای ئێران دراوسێ و لەگەڵ سامی نەژادەکاندا، پێکەوە دەژیان، بەناچاری وشەیان لەیەکتر قەرزدەکرد. لە گەڕان و پشکنین بەدوای وشەی (مله)دا، بۆم دەرکەوت کە ئەم وشەیە لە چەندین ساڵی پێش لەدایکبونی حەزرەتی مەسیحەوە، (ئاسارە مێژوییەکان شایەتی ئەوە دەدەن) کە لەسەر زەمینی عێراقی ئێستادا، هەبوە و لە گشت زمانە سامییەکاندا بە هەندێ گۆڕانەوە لەکاردا بوە و دوای ئەوە چوتە ناو زمانی عەرەبییەوە.

(مله malah) لە زمانی سۆمەری (= شنعار) چوەتە ئەکەدییەوە و بوە بە (ملهو malahu)؛ لە ئەکەدییەوە چوەتە ئارامییەوە و بوە بە (ملاهه mallaha)؛ لە زمانی عیبریدا (مله) بوە بە (mallah)؛لە زمانی بابلی و ئاشوریدا، (ملهوmalahu) گۆڕاوە بە (ملاحو malâhu) و (ملهوتو malahũtu) و بە (کەشتیوان)، وتراوە.

(ملاح) لە زمانی عەرەبیدا، هەر ئەو وشە سۆمەری و ئەکەدییە دێرینەیە کە بەرلەناوچونی دەوڵەتی بابل لەخوارو پێش هاتنە سەر کاری پاشایەتی ئاشوری لە سەروی عێراقی ئێستادا، بەسەر زاری خەڵکی ئەو ناوچەیەوە بوە.

چەند وشەیەکیش لەو دو قەومە کۆنە ساڵەوە لەسەر دەستی بابلی و ئاشوری و ئارامییەکان، چونەتە ناو ئێرانەوە و ئێستاش، هەر ماون.

لەوەدا کە فۆرمی (مله)ی کوردی لە بنەڕەتدا (سۆمەری)یە، گومانی ناوێت، تەنها قسە لەسەر ئەوەیە کە ئایا ئەم وشەیە لە لەهجەی کوردیدا، پاشماوەی ئارامییەکان (سریانییەکان)ە و لەوانەوە ماوەتەوە، یا ئەویش هاوشێوەی وشەی تر لە عەرەبەکانەوە هاتوە و گۆڕیویانە؟ ئەم شک و گومانە، جارێ دەبێت بخرێتە ئەولاوە تا لە لەهجەی کوردییەوە، دەکۆمێنتی کۆن پەیدا دەبێت. لە بەدبەختی ئەم لەهجەیەشدا، ئاساری تاڕادەیەک زۆر کۆن لەبەردەستدا، نەبوە.

لە کۆتایی کنە و بەدواداگەڕانەکەدا، (مله) لە وشەی (ملوان)دا، ئێرانی نییە. وشەسازان، هەر لەبەرئەوەی لە زمانی کوردییەوە، وەریان گرتوە بە ئێرانییان، داناوە بێئاگابون لەوەی لەم لەهجەیەدا، سەدەها وشەی عەرەبی، یا سامی هەن بەجۆرێک گۆڕاون کە جارێکی تر دژوارە ناسینەوەیان. نیشاندانی شێوەی ئەسڵی عەرەبی، یا ئارامییان، ئاسان، نییە.(پورداود، ١٣٨٠، ٣٦٧-٣٧٠)

دکتر معین، دەربارەی (شنا)، نوسیویەتی: شنا šenā[= شناه = آشنا = شناو].
بەرامبەری لە ئاوێستادا: (snā)یە و واتای شڵپوهۆڕی مرۆڤ و گیانلەبەری ترە لە ئاودا، ئەویش، بەجوڵاندنی بازو و پێیە.
شناگر: šenā-gar[= آشناور]، واتە ئەو کەسەی لە ئاودا مەلە دەکات (مەلەوان).
آشناور: سباح
شناور: šenā-var[= آشناور] (مەلەوان)
ملوان: malav-ān لە [سۆمەری malah]دا بە (کشتیبان)، (ملاح)، دەریاوان و بەو کەسانەش کە لە کەشتیيە بازرگانییەکاندا، کاردەکەن، وتراوە. (معین،١٣٨١، ٧٠٣، ١٠٤٩)

بەلای (مصطفى پاشنگ)ەوە:
شنا/ šenā / (ئاوبازی و مەلەوانی)یە.
شنا/ شناه = آشنا
ریشەی (شنا) لە ئاوێستادا: (snā)یەو واتاکەی (خۆ شتن) بوە بەرامبەریشی لە هندیی کۆن و سانسکریتیدا: (snā)یە و مەبەستیش، (شتن)، یا (چونە حەمام/ حەمامکردن) بوە.
لە پەهلەویدا: شناو/ snāv = شناو
(شتن) + او (آب) = شتن (شتن، یا تێکەوتن)
ملوان / malavan
(ملە malah)ە لە زمانی سۆمەریدا.
بە ئاشوری و بابلی (ملهو malahu)یە <(malahwtu)بوە و بەکارکردن لە کەشتیدا، وتراوە.
(ملە) لە زمانی کوردییەوە وەرگیراوە و چوەتە ئارامی و سۆمەری و ئاشوری و بابلییەوە، (بان) و (وان) سوفیکسی پارێزگاریکردنن.

ملوان = ئەو کەسەیە لە کەشتیدا، کاردەکات (ملوان = مله + وان)، دوای دەستەڵاتی عەرەبەکان، چوەتە ناو زمانی عەرەبییەوە، بوە بە (ملاح). (پاشنگ،١٣٨١، ٧٥١، ٩٦٧، ٩٦٨)

محمد حسن دوست، بەرامبەر بە لێکدانەوە و بنجی وشەی (شنا) و (ملوان)دا، نوسیویەتی:

شنا/ši-nā/ (مەلەوانی و ئاوبازی)یە. دیارە کورتکراوە و سوکبوی (آشنا)یە و دەچێتەوە سەر

(-*ušnah < *abi- šnāka) ئەمانیش لە (ڕەگی $\sqrt{sn\bar{a}}$)کە واتاکەی (شتن)ە، سازبون.

مڵوان/ ma-la.vān> mala+van واتە (دەریاوان، مەلاح).

وەک دەرکەوتوە، بەشی یەکەمی (má-lahu)ی سۆمەرییە، واتە (کەشتیوان) > ئەکەدی (malaẖu) > ئارامی mallâẖu> عیبری mallāẖ> عەرەبی (ملاح).

لە فارسی ناوەڕاستی تورفانی m'l'h (mallāh) واتە: (مەلاح) < سامی.

لە کوردیدا: (malá)، (مەلەوانی و ئاوبازی)یە.

(malawān) و (melewân)(مەلەوان و ئاوباز)ە.

لە گۆرانیدا: (mäläwân) و (malahwân) (مەلەوان و ئاوباز)ە.

لە لوڕیدا: (mālö) (مەلەوانی) و (خۆشتن)ە لە ئاودا.

لە دەوانیدا: (ناوی دێیەکە لە کازرون، کازرونیش ناوی شار و ویلایەتێکە لە ئوستانی فارس). (mela) واتە (شنا). (دوست،١٣٩٣، ١٩٠٩، ٢٦٣٩).

دەکرێت سەرنج و لێکدانەوەی ئەو نوسەرانەی کە ناومان بردون، دەربارەی بنج و واتای (شناو) (ملوان) لەو (٢) دو خاڵەدا، کۆبکەینەوە:

١- وشەی (شنا) و ڤەریانتەکانی تری و ئەوانەش کە لەو سازبون لە ئەسڵدا، زادەی ئەو ڕەگەیە کە لە ئاوێستا و هندیی کۆن و سانسکریتیدا (snā)یە و واتای (خۆ شتن) و (چونە حەمام) و (حەمامکردن)ی بەخشیوە.

٢- وشەی (ملوان) لە ئەسڵدا، فارسی نییە و لە زمانی کوردییەوە وەرگیراوە و ڕیشەکەی (مله)یە کە لە بنەڕەتدا، (ملهو malahu)ی سۆمەرییە.

بەڕای (گێرتسینبێرگ) ڕەگی ( $\sqrt{snə}$ ) لە وشەکانی (snati) و (snayeite) لە زمانە هندو ئەوروپاییە کۆنەکاندا: واتای (مەلە)یان گەیاندوە. لە زمانی ئاسیدا، بون بە (nain) و لە تاجیکیشدا، بە (šino).

ڕەگی ( $\sqrt{snə}$ ) دیسانەوە لە وشەکانی: (snati)و (sha) بەرامبەریان لە تاجیکیدا: (šinokardan)ە، واتە (مەلەکردن). (گێرتسینبێرگ،١٩٧٢، ٢١٨).

(تسبۆلۆڤ)، دەربارەی بنج و واتای (مەلە) و (مەلەکردن) لە کوردیدا، نوسیویەتی:

ئەوانە لەگەڵ (ملاحة milāḫa)ی عەرەبیدا کە واتای (مەلەکردن و دەریاوانی) دەبەخشن، (mala)ی لوڕی کە لە عەرەبییەوە چوەتە ناوی واتای (مەلە) و (مەلەوانی) و (malavō)یش کە (مەلەوان) و (مەلەکەر) دەگەیەنن، بەراوردبکە. (تسبۆلۆڤ، ٢٠٠١، ٦٠٦، ٦٠٧).

لێرەوە گەیشتوینەتە ئەو باوەڕەی کە بەدڵنیاییەوە بڵێین: ڕەگ و ڕیشەی وشەی (مەلە)ی کوردی، بنج و بێخەکەی وشەی (مەلەهو malaḫu)ی سۆمەرییە، بەڵام بەرەبەرە بەتێپەڕبونی کات و سەردەم، لەناو کوردیدا، ستراکچەری ئەو وشە سۆمەرییە بەر بەرداشی ئیکۆنۆمی کەوتوە و واتاکەشی لە (کەشتیوان)ەوە، گۆڕاوە بە (مەلە) کە بە خۆ شتن و یاری و ئاوبازی و ئەوزاری گەیاندن لە ئاودا و دواتر بە چەشنێکی تایبەت لە زانستی وەرزشدا، بەکارهێنراوە.

بەڕای ئێمە، گۆڕانی واتای (کەشتیوان) بۆ (مەلە) لۆگیکییە و نەپچڕان نییە لە واتا ئەسڵێکەی، چونکە یەکێک لە مەرجە هەرە سەرەکی و گرنگەکان کە پێویستە لە کەسێکدا، هەبێت، ئەنجا بکرێت بە کەشتیوان، مەلەزانین و مەلەوانییە.

لە ڕاستیدا، شڵپوهۆڕی بەلەم و کەشتی و پاپۆڕ و ئەوانی تریش، بەرزبونەوە و نزمبونەوەیان بەم لاو بەولادا، دیمەنێکە هەر لە (مەلە) و (مەلەکردن) دەچێت.

ڕاستییەکی مێژوویی کە بە سروشتی زەوی و زەمینی کوردستان و دەوروپشتییەوە بەستراوەتەوە و فاکتەرێکە لە فاکتەرەکانی مانەوە و خۆڕاگری و کۆنەساڵیی وشەکانی: مەلە، مەلەکردن، بەلەم، کەشتی، قایغ، قوفە و ...... گەلێکی ترە لەوان، ئەوەیە، ئەگەرچی دەچێتە زانستی جیۆلۆجییەوە، بەڵام بە پێویستمان زانی زۆر بە

کورتیش بێت، قسەی تێدا بکەین. ملیۆنەها ساڵ پێش ئێستا، لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە تا کێوەکانی ڕۆژئاوای ئێران، دەریایەکی زۆر مەزن و فراوان، هەبوە و (تێسیس)ی پێوتراوە.

کوردستان و دەریاچەکانی: زرێبار، [دەریاچەی ورمێ لە ئاوێستادا، ناوی (چاچیست čaēčasta)ە]، واتە: درەخشان و بریسکەدار، لە پەهلەویشدا: (چێست čecist) بوە و ئاتەشکەدەی (ئازرگشسپ (ئاگری ئەسپی نێر))یش لە کەناری ئەودا، بوە.](مصطفی پاشنگ١٣٨١: ٤٣٥). قەزوین، وان و ......... چەندەها شوێنی تر کەوتبونە سنوری ئەو بەحرە گەورەیەوە و هەندێ لە ئاسارەکانی، وەک ئەو خڕکە بەردە گەورانەی کە ئەم لاو ئەولای جادەی تاسلۆجەیان گرتوە و ئەو گیانلەبەرە بەبەردبوانە لە شاخی ئەزمەڕ دۆزراونەتەوە، نمونەی پاشماوە و ئاساری ئەو ڕۆژگارانەن، جگە لەوە گەنجینەی لەبنەهاتوی نەوت و غاز و دەشتە بەپیت و بەرەکەتەکانی: شارەزور، بازیان، بیتوێن، کۆیە، هەولێر، بەجێماوی دەریای تێسیسن.(٤)

گۆڕانی نمای(٥) ژیانی مرۆڤ لە کۆچەرییەوە بۆ نیشتەجێبون، زۆر دابونەریتی کە جاران خوی پێوە گرتبون، یا نەیهێشت، یا زۆر کزی کردن، لەوانە گواستنەوەی شوێنی خۆ شتنی بو لە کەناری چەم و ڕوبارەکانەوە بۆ جێی تایبەتی، کانی ژنان و کانی پیاوان بەو مەبەستە لەیەکتری جیاکرانەوە. وەختێکیش، شارۆچکە و شار دروست کران، حەمامی گەورە بۆ هەموان و حەمامی تایبەتیش لە ماڵاندا بۆ (خۆ شتن)، دروستکران.

لێرەوە، دەورو گرنگیی (مەلە) بۆ (خۆ شتن) بەرەبەرە بەرەو کزی و پوکانەوە چو.

لە زمانی فارسیدا، وشەی (شستن) لە ڕەگی ($\sqrt{\check{s}n\bar{a}}$)ی ئاوێستایی کە لەگەڵ ($\sqrt{sn\bar{a}}$)ی هندیی کۆن و سانسکریتیدا لەیەک دەدەن، دروست بوە.

لە ئاوێستادا: (šanāv) = شستن + او (آب) = ششتن بە ئاو، تێکەوتنە بۆ ناو ئاو.(پاشنگ،١٣٨١، ٧٣٩)

لە کوردیدا، (شستن)یش بەکارهاتوە، هەروەک چۆن لە (شستوشۆ)دا، دیارە، بەڵام بەکارهێنانی کەم بوەتەوە ئەم وشانە: (شتن)، (شوشتن)، (شوتن)، (شۆرتن)، (شۆردن) بەرامبەر (شستن)ی ئێستای فارسی، ڕادەگیرێن کە تێکڕایان، سازبوی

($\sqrt{šɕ}$) و ($\sqrt{šor}$)ن و گۆڕاوی ($\sqrt{šnā}$) و ($\sqrt{snā}$)ی ئاوێستا و هندیی کۆن و سانسکریتین.

سازبونیستراکچەری (شتن) دەتوانین بەم شێوەیە نیشانی بدەین:

$$\sqrt{šɕ} - \quad + (\text{-t}) + (\text{ɕn}) > \text{šɕtɕn}$$

(شۆردن)یش بەم شێوەیە بوە:

$$\sqrt{šo} - +(\text{-r}) + (\text{-t}) + (\text{ɕn}) > \text{šortɕn} > \text{šordɕn}$$

لەوانیش، وشەکانی: شتنەوە، شۆردنەوە، سازێنراون و (شۆرا) و یشیان لێ دروستکراوە.

لە فەرهەنگی کوردیدا، ($\sqrt{šor} -$) لە سازکردنی وشەی نوێدا لە ($\sqrt{šɕ} -$) زۆر زۆر بەرهەمدارترە.

ئەمانە هەندێک لەو وشانەن کە بەیارمەتی (شۆر)، سازێنراون:

دەستشۆر، جلشۆر، تاتەشۆر، پشیلەشۆر، بەردەشۆر، مردوشۆر.

وشەی (دەستشۆر)یش لە کوردیدا لە شێوەی (دەستشۆ)شدا لەئارادایە.

لەبەر نەبونی دەکۆمێنتی نوسراو و لە زماناسییدا زۆر گرانە دەست بخرێتە سەر ئەو زمانانەی کە وشەیەکی وەک (مەلە)ی لێ هاتبێتە کوردییەوە، گرنگ ئەوەیە کە ئەمڕۆ وشەی (مەلە) یەکێکە لە کۆنە ساڵەکانی فەرهەنگی زمانی کوردی و تاکو ئێستا ئەکتیڤانە کاری خۆی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەناو ئەو بۆچونانەی کە دەربارەی سەرچاوەکانی هاتنی (مەلە)ی، دوانیان بەپەسەند دەزانین، یەکەمیان: وشەی (مەلە) کە لە بنجدا گۆڕاوی فۆڕم و واتای (مەلهو)ی سۆمەرییە و زمانی سۆمەریش، سەر بەهیچ گروپە زمانێک، نییە و بەر لە هاتنی ئارییەکان، زمانی دانیشتوانی بومی و ئەسڵی ئەم ناوچانە بوە، بەڵام بەنەمانیان، دوای خۆیان، چەندەها وشەیان بەجێهێشتوە و لەبەر بەهێز و بنج داکوتاویان زمانەکانی کە دوای سۆمەری هاتون قۆستویانەتەوە و هەر کاریان پێکراوە.

دوەم: ئەوەیە کە وشە سۆمەرییەکان، دوای ئەوان چونەتە زمانەکانی: ئەکەدی، ئاشوری، بابلی، سریانی و کە (زمانەکانیان گروپی زمانە سامییەکانن) و دواتر،

لەوانیشەوە پاش گۆڕان بەسەر فۆڕم و واتایان بۆ جارێکی تر ئەو وشە سۆمەرییانە، چونەتە زمانانی ترەوە، یەکێک لەو وشانە (مەلە)ی کوردییە.

لای ئێمە هەردو بۆچونەکە پەسەندە و بەدوری نازانین کە بەڕێگایەک لەو دوانە (مەلە) هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵام ئەو بۆچونەی کە گوایە (مەلە) گۆڕاوی (ملاح)ی عەرەبییە، زۆر بەدور دادەنێین، چونکە کۆنتاکتی نێوان زمانی کوردی و عەرەبی خۆی لەخۆیدا، ئەوەندە کۆن، نییە.

## ئەنجام

١-(مەلە)، وشەیەکی پۆلاینی خۆڕاگری کۆنەساڵی دیالێکتی خواروی زمانی کوردییە. لە خەباتی مان و نەماندا تا ئێستا بەسەرکەوتویی لە کاردایە.

٢- یەکێک لە تایبەتێتییە هەرە گرنگەکانی لە سیمانتیکدا، ئەوەیە کە لەیەک کات و ساتدا، توانیویەتی لە چەندین فیڵدەواتای زۆر گەورە و فراوانی وەک: (جیابونەوە)، (ئەوزاری گەیاندن)، (یاری) ئەندامێکی چست و چالاک و بەهێزبێت.

٣- (مەلە) لە ڕەگ و ڕیشەدا، گۆڕاوی پێکهاتە و فۆڕم و واتای (مەلەهو)ی سۆمەرییە. ئەم ڕاستییەش، بۆ یەکەم جارە لە زمانناسیی کوردیدا، چەسپێنرا.

٤- لە زۆربەی زمانە ئێرانییە نوێیەکاندا، وشەی (شنا) بەرامبەر بە (مەلە)ی کوردی ڕادەگیرێت. (شنا) و هاوڤەریانتەکانی لە بنجدا لەڕەگێکی ئێرانین، بەپێچەوانەی زمانە هاوگروپەکانی (مەلە) لەسەر بناغەی وشەیەکی غەیرەز ئێرانی بنیاتنراوە، ئەمەش نیشانەی ئەو ڕەوتە سەربەخۆیەیە کە زمانی کوردی لە تەمەنیدا، گرتویەتەبەر.

٥- بە گرێدانی ئەو چوار ئەنجامە، پێنجەم دێتە ئاراوە کە ئاوێنەبەندی ڕەنگدانەوەی چارەنوسی پڕ لە شەوق و ڕەونەقی (مەلە)ن.

## پەراوێزەکان

[1]- (بنیات) بە فۆرمەکەی تریشی (بونیاد) بەکاردێت، هەر لە وشەکانی: (بنیات، بنیاتکەر > بنیاتگەر، بنیاتگەری) سازێنراون، بەرامبەریشی لە فارسیدا: (بُنیاد bun-yād)ە کە بەئەسڵ براوەتەوە سەر (بونداد bun-dāt)ی فارسی ناوەڕاست و ئەمیش لە بنجدا لە: [(بودنە) -budna* واتە (بن) + (داتی dāti) کە لە ڕیشەی (دا - dā) بەواتای (دانان، جێگیرکردن)ی زمانی ئێرانی کۆن] سازبوە. (دوست، ١٣٩٣، ٥٢٣).

[2]- لە زمانناسیی ئێرانیدا، لەو لێکۆڵینەوانەدا کە دەچنە چوارچێوەی (ڕەوتی مێژویی)یەوە، کوردی، فارسی، تاجیکی، بەلوجی، تالیشی، ئاسی، ئەفغانی، واخۆنی، ئیشکاشیمی، بەرتەنگی، سەراکولی و ........ هی تریش، بە دیالێکتی ئەو زمانە ئێرانییە کۆنە دادەنرێن کە ئەمانی لێ کەوتوەتەوە.

پورداودیش، هەر بەو مەبەستە، جارێک (لەهجە کردی) و جارێکی تریش لە هەمان باسدا، (زبان کردی) بەکارهێناوە.

[3]- لە (هزاورش)دا، وشە بە ئارامی نوسراوە، بەڵام چ وشەیەکی لە زمانە ئێرانییەکاندا، بەرامبەر بوبێت، بە لەفوزکردنی ئەوان خوێنراونەتەوە، نەک بە ئارامی، وەک: بە ئارامی نوسراوە: (ابیتر) بە (پیتر) لە فارسی کۆندا و بە (پدر) لە پەهلەویدا، خوێندراوەتەوە، ئەمانەش، چەند نمونەیەکی ترن لە هزاورش:

گبرا = مرت = مرد (پیاو)؛

عینە = چشم (چاو)؛ ایش = کس (کەس)؛

انشونا = مرتوم = مردوم (مەردوم)؛

یدە = دست (دەست)؛

یوم = روج = روز (ڕۆژ)؛

گملا = اشتور = شتر (وشتر، یا حوشتر)؛

نیشە = زن (ژن)؛

زهبا = زر (زێڕ)؛

کلبا = سگ (سەگ)؛

رویشە = سر (سەر)؛

میا = آپ = اب (ئاو).

(بابکان، ١٣٨٩، ٢٩٣، ٢٩٤، ٢٩٥، ٢٩٩، ٣١١، ٣١٢، ٣١٤، ٣١٧، ٣٢٠، ٣٢٤، ٣٢٦، ٣٢٨).

[٤]- ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندییان بە بەحری (تێسیس)ەوە ، هەیە لە (٢٠٢١/٧/١٨) بەدەمیی لە نوسەری ناودار (سدیق ساڵح ئەحمەد) کە لە جیۆلۆجیشدا، بکالۆریۆسی هەیە، وەرگرتوە.

[٥]-أ- لە زمانی فارسدا، وشەی (نَماد) کە بە (نِماد) و (نُماد)یش، تەلەفوز دەکرێت، واتاکەی (نیشاندەر، دەرخەر)ە. لە بنجدا، دەچێتەوە سەر (ni-māta-) ئێرانی کۆن کە لە ڕەگی [ma(y)] و واتای (ئەندازەگرتن)ە سازبوە. وشەی (نِماط) عەرەبیش، گۆڕاوی (نَماد) (دوست،١٣٩٣، ٢٧٧٦).

ب- هەر لە فارسیدا (نما)ش بەکاردەهێنرێت کە دیارە گۆڕاوی (نَماد)ە. (نما) لەسازکردنی ئەم وشانەدا، بەشدارە: بدن نما، رونما، قبلەنما (معین،١٣٨١، ١١٢٢).

لە کوردیشدا (نما) لەگەڵ (نما)ی فارسیدا لەیەک دەدات و هەمان واتاش دەبەخشێت. لای هەژار ئەم واتایانە دەگەیەنێت: دیمەن، شاندەر: (قیبلەنما) (هەژار،١٣٨١، ٨٦٩) هەر لە کوردیدا، لە وشەی (نەشونما)شدا، بەدی دەکرێت.

## سەرچاوە:

### بەزمانی کوردی:


- پیرەمێرد، ٢٠١٦، دیوانی پیرەمێرد، بەرگی ١، ٢، ٣، سلێمانی.
- خاڵ، شێخ محەمەدی، ١٩٨٧، فەرهەنگی خاڵ،جزمی سێهەم، سەقز.
- دیلان، ٢٠١٣، دیوانی محەمەد ساڵح دیلان، چاپی دوەم، هەولێر.
- زادە، ئیسماعیل مستەفا ،١٣٧٩، بەرەو فێربوونی دیالێکتی کرمانجی ژووروو، مەهاباد.
- سدیق، فاروق عومەر ،٢٠١٧، زماناسی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، بێروت.
- قانع ،١٣٩٠، دیوانی قانع، چاپی شەشەم، تاران.
- کامەران، ٢٠١٣، دیوانی کامەران، چاپی دوەم، هەولێر.
- کوردستانی، ئایەتوڵڵا شێخ موحەممەد مەردۆخی، ١٣٨٨، فەرهەنگی مەردۆخ، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سنە.
- نالی، ١٩٧٦، دیوانی نالی، بەغدا.
- هێمن، ١٣٩٦، ناڵەی جودایی، چاپی یەکەم، مهاباد.
- هەژار ، ١٣٨٤، هەنبانە بۆرینە، چاپ چهارم، تهران.


### بەزمانی فارسی:


- بابکان، کارنامە اردشیر ،١٣٨٩، بە اهتمام دکتر محمد جواد مشکور، چاپ دوم، تهران.
- پاشنگ، مصطفی ،١٣٨١، فرهنگ پارسی پاشنگ، جلد دوم، چاپ یکم، تهران.
- پور، محمد تقی ابراهیم، ١٣٧٣، واژەنامەی کردی- فارسی، تهران.
- پورداود، ابراهیم، ١٣٨٠، هرمزنامە، چاپ اول، تهران.
- دهخدا، علی أکبر، ١٣٧٧، لغت نامە، ج ١٠، ج١٤، چاپ دوم، تهران.
- دوست، محمد حسن ،١٣٩٣،فرهنگ ریشەشناختی زبان فارسی، چاپ اول، جلد اول، تهران.
- معین، محمد ،١٣٨١، فرهنگ فارسی، چاپ چهارم، تهران.


### بەزمانی ڕوسی:


- باکایێف، چ. خ. ،١٩٥٧، فەرهەنگی کوردی- ڕوسی، مۆسکۆ.
- تسابولۆڤ. ر. ل. ،٢٠٠١، فەرهەنگی ئێتمۆلۆژی زمانی کوردی، یەکەم بەرگ، مۆسکۆ.
- کوردۆیێف، ک. ک. ،١٩٦٠، فەرهەنگی کوردی- ڕوسی، مۆسکۆ.
- گێرتسینبێرگ. ل. گ، ١٩٧٢، ستراکچەری مۆرفۆلۆژی وشە لە زمانە هندوئەوروپاییە کۆنەکاندا، لینینگراد.

## الملخص

## بنية كلمة ( مەلە: العَوم، السباحة )
## ومصيرها في اللغة الكوردية


من الكلمات العريقة العتيقة في المعجم العام للهجة الجنوبية للغة الكوردية، التي بقيت وثبتت صامدة، ذائدة عن نفسها في كفاحها الطويل، ولم تفسح المجال لكلمة أخرى أن تحل محلها، أو تزعزعها، كلمة ( مە لە: العَـوْم، السِّباحة ).

إنَّ قدرة هذه الكلمة وأهميتها، متعددة الأبعاد، فمثلاً هي في الجانب السيمانتيكيّ عضو في حقول دلالية مثل: (الافتراق) و( وسائل السَّير) و(اللعب)، التي تعد من الحقول الدلالية المهمة المعتبرة، ليس في المعجم الكورديّ فحسب، بل في معظم لغات العالم.

لم يظهر لحد الآن في علم اللغة الكوردية واللغات الإيرانية بحث مستقل عن كلمة ( مەلە: العَوم، السباحة) تناول جميع المناحي السيمانتيكيّة، والليكسيكيّة، والمورفولوجية، والإتمولوجية، أي الدلاليّة والمعجمية والصرفية والتأصيلية، لذا أرتأينا أن نتحمل هذا العبء، خدمة للكلمة الكوردية.

المبحث الأول: تناول الخصائص السيمانتيكيّة والليكسيكيّة والمورفولوجيّة لكلمة

(مەلە:العَوْم) و(مەلەكردن: السِّباحة).

وفي المبحث الثاني: تم التحقيق من التأصيل الإتمولوجي لكلمة ( مەلە: العَـوْم، السِّباحة).

## ABSTRACT

### The Basis of the Word “Mala” and its fate in Kurdish language

*Mala* is one of the oldest Kurdish words that, throughout its long history, has fought for survival and has not allowed other words to shake its position.

The potential and significance of a word may vary. For example, the word can be a member of the semantic field “separation”, “transportation”, and “sports game”. Such semantic fields are not only found in Kurdish but in many other languages as well.

To date, no independent study has been conducted in Kurdish or other Iranian languages, to cover the semantic, lexical, morphological, and etymological aspects of the word Mala. Hence, we deemed it necessary to conduct the study which falls into an introduction and two parts in addition to the conclusions, and as follows:

Part one explores the semantic, lexical, and morphological characteristics of the words “mala” and “malakirdin” while part two examines the etymology of the word “mala”.

# نیشانکارێن پراگماتیکا زمانی د حەیرانۆکێن کوردیدا

## (گوڤەرا بەهدینی) وەک نموونە

م. ه. ئاشتی حەجی حەسەن
پشکا زمانێ کوردی -کولیژا پەروەردە- ئاکرێ-زانکۆیا دهوك

م. ه. زێرەڤان ئیبراهیم موسا
پشکا زمانێ کوردی-کولیژا زمانان
زانکۆیا دهوك

### پێشەکی

نیشانکار Deixis وەکو بوارەکێ پراگماتیکا زمانی و گرنگ د ڤەکولینێن زانستێ پراگماتیکێدا دهێتە هژمارتن. ئەڤ نیشانکارە زێدەباری ب ڕێژەکا گەلەك بەرفرەهـ و بەربەلاڤ د ئاخفتنا رۆژانە یا هەر تاکەکەسەکیدا، د ناڤ ژانرێن ئەدەبی وەکو (چیرۆك، هوزان، ب تایبەتی د حەیرانۆکێن کوردی)دا ژی هەنە. ئەڤ ڤەکۆلینە ب ناڤونیشانێ (نیشانکارێن پراگماتیکا زمانی د حەیرانۆکێن کوردیدا " گوڤەرا بەهدینی وەکو نموونە) کو ڤەکولینەکە د ئاستێ پراگماتیکێدا و پراکتیکرنا ئەوێ ل سەر مالکێن حەیرانۆکا کوردییە.

- ئارمانج ژ ڤەکولینێ ئەوە، ئایا نیشانکارێن پراگماتیکا زمانی د ناڤ حەیرانۆکێن کوردیدا هەنە؟ هەروەسا ئەو نیشانکارە دناڤ حەیرانۆکێن کوردیدا و ل گەل دەست نیشانکرنا هەر جورەکی چنە؟ حەیرانۆکنڤێس پتر پەنایێ بۆ کیژ جورە نیشنکاران دبەت؟ ئەرك و دەربڕینا ئەڤان نیشانکاران د مالکێن حەیرانۆکاندا چنە؟....هتد.

- ئەڤ ڤەکولینە ب شێوەکێ گشتی ل دویڤ ڕێبازا ئەرکی شیکاری هاتییە ئەنجامدان.

- ئەڤ ڤەکولینە ب شێوەزارێ بادینیێ دیالێکتا سەرییا کوردی هاتییە نڤێسین و نموونێن ئەوێ ژ مالکێن حەیرانۆکێن کوردیێن گوڤەرا بەهدینی هاتینە وەرگرتن.

- گرنگیا ڤەکولینێ د ئەوێ چەندێدایە، کو ئەڤ نیشانکارە ب ستوینێن هەرە گرنگن د بوارێ پراگماتیکا زمانی ب گشتی و د حەیرانۆکێن کوردیدا ب تایبەتی دهێنە نیاسین، دا کو هەمی رەگەزێن دی ژ بۆ خزمەتکرنا وان بهێنە دابینکرن. ژلایەکێ دیڤە نیشانکار وەکو بوارەکێ پراگماتیکی، گرنگییەکا مەزن ب شرۆڤەکرنا ئاخڤتنا رۆژانە دایە، داکو ئەڤ ئاخڤتنە شێوەیەکێ روون و ئاشکراتر ژ ئاخڤتنکەری بگەهیتە گوهداری. لەورا هەر ژ دەستپێکا پەیدابوونا ئەڤی بواری گرنگییەکا مەزن دناڤ ڤەکولینێن پراگماتیکی هاتییەدان، بێگومان گرنگیدان ب ئەڤان نیشانکاران ژلایێ زانایێن پراگماتیکیڤە دزڤریتەڤە بۆ ئەوی رۆلێ نیشانکاران دناڤ بوارێن زانستێن هەین؛ ژبەرهندێ گەلەك جاران دهێتە دیتن کو ڤەیلەسوف و زاناو زمانڤان دناڤ ڤەکولینێن خۆدا بەحسێ نیشانکاران دکەن، هەوڵ ددەن ئەڤان نیشانکاران ب کاکلا زانستێن خۆ ب هژمێرن. لەورا د ئەڤی چەرخیدا ڤەکولەر و زمانڤانا د زۆربەیا نڤیسارێن خۆدا بەحس ل گرنگیا ڤەکولینێن نیشانکاران دبیاڤێ پراگماتیکێدا دکەن و ئەڤێ چەندێ دووپاتدکەن و بەحس ل جهێ مفا وەرگرتنا وان دکەن، ژ وان ژی ئاماژە ب راستییێن چەوانیا دروستبوونا ئەوان نیشانکاران دناڤ (ئاخڤتن، دەق، گوتار، حەیرانۆك، ....) دکەن.

### ١- تێگەهـ و پێناسێن حەیرانۆکێ:

ئەگەر بۆ ئەدەبیاتێ ڤەگەرێین، دێ بینین دەولەمەندیا ئەدەبێ فۆلکلۆرێ کوردی ب تایبەتی سترانا فۆلکلۆری، بوویە ئەگەر کو گەلەك چەق ژێ پەیدابین، مینا حەیرانۆکێ کو ئەوژی چەقەکێ سترانا فۆلکلۆرییە د سەردەمێن کەڤندا، د ناڤبەرا دوو کەسان یان ب کەسەکی یان دیاردەکی هاتیە گۆتن، حەیرانۆك دەربڕینەکا خودییە، ئانکو گرێدای لایەنێ دەروونییا ڤەهێنەرێ حەیرانۆکێیە، حەیرانۆك گەلەك بەربەلاڤ دناڤ تەخ و چینێن جڤاکیدا بتایبەتی ل دەڤەرا بەهدینان دهێتە دیتن، ئەڤ چەقێ فۆلکلۆری د کرمانجییا ژێریدا نینە. هەرووەسا حەیرانۆك ب زمانەکێ سادە و رەوان هاتیە نڤیسین و هەمی کەس ب ساناهی تێدگەهن، حەیرانۆك ژلایێ کەسێن ئاسایی ڤە هاتیە گوتن، بەلێ دگەل هندێ ژلایێ روخسار و زمانی ڤە چ ژ هوزانێ کێمتر نینە،

چونکی ژ لایێ ناڤەرۆکێڤە بابەتێن وێ ئەڤینی و دلدارینە و ب ڕێز و بەندێن خۆڤە یا کورتە و چەند ڕستە و پەیڤاندا و ب زمانەکێ سڤك و شێوەیەکێ دیالۆگێ و ب کێش و سەروایەکا جوان ئەڤیندار ئێش و ئازارێن خۆ دزانن و مەرەمێن خۆ دهاڤێنە بەر ئێك لەوڕا دبێژنێ، حەیرانۆك زارێ ئەڤیندارا (نبی، ٢٠١٣، ٤٠). حەیرانۆك وەکو هەر بەرهەمەکێ ئەدەبی ئەگەرێن پەیدابوونا خۆ ژ ئەوانا داب و نەریت هەنە، ئایین، رامیاری، ئابووری... ئەڤ ئەگەر بووینە کو ئەڤ جورێ هوزانێ پەیدا ببیت.

سەبارەت پێناسێن حەیرانۆکێ، گەلەك بیر و بوچوونێن جودا جودا ل سەر هەنە و هەرکەسەك ل دویڤ وان بیرو بوچوونێن خۆ د ئەڤی بیاڤیدا پێناسە دکەت.

(ئەحمەد زەرۆ) دەربارەی حەیرانۆکێ دبێژیت: ((کورتکرنەکە ژ پەیڤا (حەیران)... و ب پاشپرتا (ۆك) کورتکرییە، و هاتیە بچویککرن ژبۆ ئەگەرێ خوشکۆککرنا بابەتی و رێزو بەیتێن وێ)). ژ ئەڤی بۆچوونێ دیار دبیت کو حەیرانۆك ژ لایێ (زمان)ی هاتیە روونکرن، کو سترانەکا کورتە ژچەند ڕێزو بەندان پێکهاتیە، نە وەکی (حەیرانێ) یا درێژە، ئەڤەژی ژبۆ جوانکرن و خۆشی وەرگرتنێیە (زەرۆ، ١٩٨٧، ٧).

دیسان حەیرانۆك ب ئەڤی ڕەنگی ژی هاتیە پێناسەکرن ((ڕەنگەکێ سترانا فۆلکلۆری یا کوردییە، پرە ژ سوز و وەفاداریێ و ژحەژێ کرنەکا پاك و بژین ب خەم و ئازار پەیدا دبیت، و خۆ بتیتال و رەوشتێن بلندڤە دگەل ئەڤینەکا دژوار و دیر ژ ئاخڤتنێت سەقەت دبەستیت، ئانکو ئەو سترانن ئەوێن ب ئەڤینێ بەردلکی دهێنە گوتن)) (بادی، ٢٠٠١ ، ١٠). هەلبەت یا خویایە کو حەیرانۆك تایەکە ژ سترانا کوردی پتر گرنگی ب بابەتێن ئەڤینداریێدایە، چونکی ئەڤ جورێ سترانێ پتر بۆ لایەنێ ئەڤینداریێڤە دچیت، ب تایبەتی ئەڤینەکا پاقژ و ڕاستەقینە، ئانکو گەلەك جارا حەیرانۆك بوویە ئامرازەك بۆ هندێ کو مروڤ دەربڕینێ ژ هەست و سوزێن خو بۆ کەسێ بەرامبەر خۆ بکەت. ئەڤ چەندەژی ل دویڤ شێوازەکێ تایبەتێ جوان و ب پەیڤێن پر قەشنگ دهێنە ڕێزکرن و وێنێن جوان و بالکێش ژێ پەیدا دبن. هەر ب مەرەما دانەنیاسینا حەیرانۆکێ ((حەیرانۆك پارچەکە ژ سترانا کوردی یا رەسەن، پێکهاتیە ژچەند مالکێت هۆزانا سڤك و تام خوش و کێش (وزن وقافیە) یاتێدا

هەی هەر وەكو هۆزانا كلاسیكی، سترانەكا كورت و سەلیقە سڤك و تام خوشە، بەندێت وێ هەمی ل سەر ئەڤینێنە، كچ و كور دهاڤێنە بەر ئێك لەوما تاما ئەڤینێ ژ دڤڕیتن )) (ئامێدی، ٢٠١٠ ، ٩). بێ گومان مەرەما سەرەكی یا حەیرانۆكێ بۆ چێژ وەرگرتنەكێیە، وەكو یا دیار تاما ئەوێ ب سەدەها سالان وەكو خۆ دمینیت و ئەگەر خوشتر لێ نەهێتن، نەخوشتر لێ ناهێتن. هەلبەت ئەڤ بەندە ل سەر ئەڤینیێ بن، تام و چێژەكا خوشتر دبەخشنە وەرگری.

سەبارەت ئەڤان پێناسا بۆ مە دیاردبیت، كو حەیرانۆك ل گەل سترانا ئەڤینیێ پەیدا بوویە، هەر برێكا سترانێ گەهشتیە مە. هەروەسا ب شێوەیێ هوزانێ دیاردبیت، وەكو هوزانێ یا ب كێش و سەروایەكا جوان یا هەی. هەروەسا قودیكا ژیانێیە و دەربڕینا ئێش و ئازار و خوشی و نەخوشی گلە و گازندێن ئەڤیندارانە، هەر دیسان دانەنیاسینا جڤاكییە ژ گەلەك لایەنێن دیڤە.

**٢- تایبەتمەندییێن حەیرانۆكێ:**

هەر بەرهەمەكێ ئەدەبی چ نڤیسی یان ژی زارەكی بیت، هندەك تایبەتمەندییێن خۆ هەنە، كو دبنە ڕێكەك ژ بۆ جۆداكرن ژ بابەتێن دی یێن فۆلكلۆری، حەیرانۆك ژی وەكو جورەكێ سترانێ تایبەتمەندییێن خۆ هەنە، ئەڤێن ل خوارێ هندەك ژ ئەوان تایبەتمەندییانە د حەیرانۆكێدا:

١- زمان كەرستەكێ گرنگە بۆ هەر بەرهەمەكێ ئەدەبی ب گشتی و نەخاسمە حەیرانۆكێ ب تایبەتی، چونكی زمانێ حەیرانۆكێ، زمانەكێ خوش و سڤك و سادە و ساكار و ڕەسەن و بالكێشە. هەر كەسەكێ ئەڤی دەقێ ئەدەبی بخوینیت یان گوهداری بكەت، دێ تێگەهیت، ئانكو زمانێ خەلكییە. هەلبەت دیرە ژ پەیڤێت بیانی، ئانكو ژ سەد حەیرانۆكا دە پەیڤێت بیانی تێدا نینن (جحفر، ٢٠٠٧ ، ١٠).

٢- دانەرێ حەیرانۆكێ یێ دیارنینە. ل دەسپێكێ دانەرێ خۆ هەبوویە بەلێ دگەل بوورینا دەمی ناڤێ دانەری نەمایە، ئانكو بەرزەبوویە (مزورین، ١٩٨٤، ٣٢).

٣- پالەوانێت حەیرانۆكێ ب تنێ دوو كەسن ئەوژی كچەك و كورەكە؛ ژبەركو بابەتێ سەرەكی د حەیرانۆكێدا ئەڤینداریيە، لەوڕا رولێ دوو كەسان دیار دبیت

ئەوژی (کچ) و (کور) (جحفر ،٢٠٠٧، ١٠). رۆلێ رەگەزێ (مێ) د ناڤ حەیرانۆکێدا ب رەنگەکێ بەرفرەهـ و پتر ژ رۆلێ رەگەزێ (نێر) دهێتە دیتن. (جەمیل، ٢٠٠٩، ٩٤).

٤- دیالوگ بەشەکێ هەرە گرنگە د پێکهاتا ژیانا مروڤیدا، مروڤ برێیا دیالوگێ هەبوونا خوە بەرجەستە دکەت. دیالوگ د ژانرێن ئەدەبی ب گشتی و حەیرانۆکێدا ب تایبەتی رەگەزەکێ گرنگە، چونکی حەیرانۆك ل سەر بنەمایێ دیالوگێ هاتییە دانان؛ ژ بەر ئەڤی رەگەزێ گرنگ، حەیرانۆك ب شێوازێ دیالوگێ پەیاما خۆ ئاراستە دکەت، ئەڤ ئاراستەکرن و پەیامە ژی پتر د ناڤبەرا (کچ و کوڕا و ژن و زەلاما )دایە، ئەڤجا کیژ رەگەز دەستپێبکەت دروستە. .کەواتە کێشێت حەیرانۆکێ نێزیکی کێشت سترانێت گوڤەندانە و دیرە ژ ئاخڤتنێن سەقەت و نەشرین.. (جحفر، ٢٠٠٧، ١٠).

### ٣- تێگەهـ و پێناسێن نیشانکاران ب گشتی:

نیشانکار بوارەکێ گرنگە ژ بوارێن پراگماتیکێ، چونکی ب پلا ئێکێ ژ پلەیێن شرۆڤەکرنا پراگماتێکێ دهێتە نیاسین. ئەڤی تێگەهی گەلەك ڕامان و شلوڤەکرن بۆ هاتینەکرن و ب پێناسەیێن جۆدا جۆدا هاتینە پێناسەکرن.

نیشانکار Deixis (( ئەو وشانەن، یان ئەو بەشانەی ئاخاوتنن، کە لە هەندێك باردا بەهۆی دەوروبەرەوە، کات و شوێن و کەسانی وتن دیاری دەکەن)) (فەرەج، ٢٠٠٠، ٦). نیشانکار ئەو بەشێن ئاخڤتنێنە، د هندەك بارودوخێن جیاوازدا کو ل دەم و جهـ و کەسێن دیتر ب ڕێکا ئەڤی دەوروبەری دهێنە دیارکرن، ئانکو ئەڤ زاراڤە، زمان و دەوروبەری پێکڤە گرێددەت، بۆ هندێ داکو تەمومژی د واتا ئەوان نیشانکاراندا نەمینیت و واتایەکا دیارکری بدەن، ژبەرکو ئەوان نیشانکاران واتایەکا فراوان و بەرفرەهـ هەیە. ژبلی هەبوونا خالێن هەڤبەند، ئەڤان نیشانکاران پەیوەندییەکا گەلەك بهێز و گرنگ د دەمێ ئاخڤتنێ د ناڤبەرا ئاخڤتنکەری و گوهداریدا هەیە، ب تایبەتی ل دەمێ شرۆڤەکرنا هەر گوتنەکێ پێدڤییە دەوروبەرێ گوتن تێدا دهێتە ئەنجامدان، ب بەرچاڤ بهێتە وەرگرتن، چونکی گەلەك یەکێن زمانی یێن هەین پێدڤی ب هندەك پێزانینێن دەوروبەرینە و ئەڤ یەکێن زمانی ب نیشانکار دهێنە نیاسین، داکو د ئەڤان نیشانکاران بگەهین، پێدڤییە ئاخڤتنکەر و گوهدار دەم و جهێ

بەرهەمئینانا ئەویٚ گوتنیٚ بزانیت (قاسم، ٢٠١٥، ١٣٠). نیشانکار د گەلەك فەرهەنگێن زمانی یێن جۆدا جۆدادا هاتییە، وەکو (لسان العرب، الوسیط) ب ڕامانا (ئاماژەکرنیٚ یان ئاراستەکرنا تبلیٚ بۆ تشتەکیٚ دیارکری)دا هاتییە، بەلیٚ د فەرهەنگێن هەڤچەرخدا ب ڕامانا (دەست نیشانکرن ئانکو دیارکرنا تشتەکیٚ دیارکری یان هزرەکا دیارکری د مێشکیٚ مرۆڤیدا کاربکەت و بۆ بەرامبەریٚ خۆ دیارکەی، ئارمانج ژیٚ ئەوە بۆ دان و ستاندنێیە دگەل ئێك). (ختام، ٢٠١٦، ١٦)

نیشانکار Deixis زاراڤەکیٚ تەکنیکییە، بۆ وەسفکرن و شرۆڤەکرنا گرنگترین تشتیٚ ئەم پیٚ رادبین ل دەمیٚ ئەم دئاخڤین بکاردهێت، نیشانکرن یانژی بێژین نیشانکار رامانا ویٚ بخۆ ب رێکا زمانی ئاماژەکرنە، لەوڕا هەر دەربڕینەکا زمانی بۆ ئەڤیٚ ئاماژەکرنیٚ بهێتە بکارئینان دبێژنیٚ نیشانکار. ئانکو ((نیشانکار ئەو هێماییٚن زمانینە ئەوێن ئاماژە بۆ کاریٚ وان نەهێتە دەستنیشانکرن، ئەگەر دناڤ دەوروبەریٚ گوتنێدا ئەویٚ تێدا هاتی نەهێتە دانان، چونکی ئەو بتنیٚ چ رامانا نادەن، بەلیٚ ئەو د ناڤ فەرهەنگا هزرییا ئاخڤتنکەرێن زمانیدا یێن هەین بیٚ کو بهێنە گرێدان ب ئاماژە بۆ کارەکی)) (قاسم، ٢٠١٥ ، ١١٣). لەوڕا دیٚ بینین نیشانکار زاراڤـن یان پەیڤن ئاماژە د کەنە هندەك کەرەستەیان چ د ئامادەبن یان ئامادە نەبن، هەروەسا ب ڕێکا بەرناڤێن نیشانکرنیٚ یێن دان و ستاندنیٚ ئاماژە دکەنە کەسایەتییا مرۆڤان و ئاماژە دکەنە دەمەکیٚ دیارکری یان جهەکیٚ دیارکری یان جڤاکەکیٚ دیارکری.

ژ دەرئەنجامیٚ ئەڤیٚ چەندا بووری، بۆ مە دیاردبیت کۆ نیشانکار بریتییە ژ ((تێگەهەکیٚ زمانی، کو هەمی ڕەگەزێن زمانی کوم دکەت، ئەوێن ڕاستەوخۆ ڤەدگەرنە سەر دەوروبەر، ژ ئالییٚ هەبوونا خوەیەتییا کەسی یان دەمی یان جهی و ئەڤیٚ چەندیٚ ئەو پەیڤ بدەستڤە دهێت، ئەویٚ واتا پێڤە گرێدای و ڕۆلیٚ ئەڤان ڕەگەزان پابەند دبن ب نیشانکرنا ئەوی ژێدەریڤە، ئەویٚ ئاماژە پێدهێتە دان و ب ئەڤیٚ چەندیٚ دەوروبەریٚ نیشانکاری دهێتە هەبوونیٚ)) (عەلی، ٢٠١٤، ١٧٠). لەوڕا دیٚ بینین نیشانکری هەمی بوارێن ئاخڤتنکەری ژلاییٚ جهـ و دەمیٚ ب جه دئینیت و دەربڕینن وەکو: (ئەز، من، تۆ، ئەو، ئەڤـ ــ ە، ل ڤێریٚ...هتد)، ئەڤ نیشانکارە کاردکەن بۆ ئاراستەکرنا گوهداری بۆ وی جهیٚ ئاخڤتنکەری دڤێت. واتە نیشانکری

دهێنە بکارئینان و ئاراستەکرن بۆ گوهداری بۆ بابەتەکێ دیارکری یێ ئاخفتنکەری د دەمەکێ دیارکری و لجهەکێ دیارکریدا دڤێت، ژبەر ئەڤێ چەندێ دشیاندا نینە پشت بەستن بهێتەکرن ل سەر نیشانکریـیان بۆ شلوڤەکرنێ بێ ڤەگەریان بۆ بەشێن دی یێن ئاخڤتنا ئاخڤتنکەری.

هەروەسا د پێناسەیەکا دیدا دەربارەی نیشانکریـان ڤەکولەر دبێژن: ( ئەو زاراڤێن جهـ و ناسنامەیا کەسان و تشتان و ڕوویدان و چالاکیان دیاردکەن)، ژبەرکو ئاخڤتنکەری ئەوان نیشانکارێن پێدڤی د ئاخڤتنا خۆدا ب کار دئینیت ژ بۆ تێگەهاندنا کەسێ بەرامبەر و ئاراستەکرنا وی ل جهێ بکارئینانا ناڤان و جهان بەرناڤان بکار دئینیت، ژبەر ئەڤێ چەندێ ئەڤە دبیتە پرەك دناڤبەرا بکارئینانا سیمانتیکێ و پراگماتیکێ (الزناد، ١٩٩٣، ١١؛ لهویمل، ٢٠١٤،٣٤-٣٥).

ژ ئەڤێ چەندا بۆری دیار دبیت هەر چەند تێگەهێن نیشانکاران جۆدابیت و پێناسەیێن جۆدا هەبن، بەلێ هەمی پێکڤە ڕێکدکەڤن د بنەڕەتەکیدا کو ئەوژی ئاخڤتنکەرە، ژبەرکو ئەڤ نیشانکرییە ناهێنە زانین و دیارکرن بتنێ ب ڕێکا ئاخڤتنکەری نەبیت، لەوڕا ئاخڤتنکەری ب ئەنقەست ل دویڤ پێدڤیاتییا خۆ هندەك نیشانکاران دناڤ ئاخڤتنا خۆدا بکاردئینیت ژبەر ئەڤان خالان:

١- ئاخڤتنکەر ئەوان نیشانکارا بکار دئینیت، دا کو ئاخڤتنا خۆ پێ مسۆگەر بکەت.

٢- بکارئینانا ئەوان نیشانکاران داکو تەمومژییێن واتایێ دناڤ گوتارا ویدا نەمینیت.

٣- ئاخڤتنکەری دڤێت ب ڕێکا ئەوان نیشانکارێن بکاردئینیت، پێکڤەگرێدانەکێ دناڤ گوتارا خۆ یا ئاخڤتنێدا دروست بکەت (عەلی، ٢٠١٤،١٧٠).

ژ ئەڤا بۆری دیار دبیت کو نیشانکار د دەمێ بۆریدا گەلەك ڕامان ژ لایێ زاراڤ و فەرهەنگانڤە بۆ هاتینە کرن و هەمی ئاماژە دکەنە تێگەهەکێ دیارکری ئەوژی نیشانێن پێکڤە گرێدانێنە، کو ئەو ئاخڤتنا ئاخڤتنکەری پێ د ئاخڤیت ژبۆ ئاراستەکرنا گوهداری.

حەیرانۆك وەکو هەر ژانرەکا دیتر یێ ئەدەبی هەڵگرێ کۆمەکا نیشانکار و بنەمایانە کو ئەڤە حەیرانۆکێ پێك دئینن و (ڤەهینەرێ حەیرانۆکێ) ئانکو حەیرانۆکنڤێس بەری نڤێسینا مالکێن حەیرانۆکان ئەڤان ل بەر چاڤ وەردگریت و هندەك ژ ئەڤان بنەمایان ژ کەتواری وەردگریت و دبنە ماددێ خاف و سەرەکی یێ حەیرانۆکان  و پاشی حەیرانۆکنڤێس ل گۆرەی هزرێن خۆ هندەك رەگەزێن دی ژی پێکدئینیت.

**٣-١- جورێن نیشانکاران:**

ڤەکۆلەران دابەشکرنێن جودا جودا داینە جۆرێن نیشانکاران و بارا پترا ڤەکولەران جورێن نیشانکاران ل سەر پێنج جوران دابەشدکەن، وەکو ( نیشانکارێن کەسی، نیشانکارێن دەمی، نیشانکارێن جهی، نیشانکارێن جڤاکی، نیشانکارێن دەقی). ئەڤ جورێن نیشانکاران ب رێژەکا بەرفرەهـ و بەلاڤ دناڤ مالکێن حەیرانۆکێن کوردیدا دهێتە دیتن، دبیت چەند مالکێن حەیرانۆکێ هەمی جورێن نیشانکاران تێدا هەبن، لەورا دێ هەولدەین لدویڤ هەر جۆرە نیشانکارەکێ دەست نیشانکری نموونا بۆ بەرچاڤ کەین وەکو:

**١- نیشانکارێن کەسی** Person Deixis :

نیشانکارێن کەسی جورەکە ژ جورێن نیشانکارێن بوارێن پراگماتیکا زمان ب گشتی و تایبەتی د بنیاتێ ناڤەکییێ حەیرانۆکیدا رەگەزەکێ سەرەکییە، هەروەسا رەگەزێ پێشکێشکرنێ یە، کەواتە رەگەزەکێ ساخە و گیانێ خو ددەتە حەیرانۆکێ و ئەڤە  ب ئەوێ واتایێ نینە، کو نیشانکارێن کەسی بتنێ ناڤێن کەسانە، وەکو (ئازاد، نەوزاد، نەسرین، ڤیان،...)، بەلکو گەلەك جاران ژی جهناڤێن (سەربەخۆ، لکاو، ئامرازێن ئاماژێ)نە، کو رۆلەکێ گرنك د حەیرانۆکێن کوردیدا دگێرن. لەورا نیشانکارێن کەسی د سادەترین پێناسا خودا بریتییە ژ ئەوان جورێ نیشانکاران، ئەوێن ئاماژێ ب ئەوان کەسا دکەن یێن کو پشکدارییێ د ئاخڤتنێدا دکەن (نحله، ٢٠٠٢، ١٧- ١٨). لەورا  نیشانکارێن کەسی  ب ستوینێن هەرە گرنگن د حەیرانۆکێن کوردیدا دهێنە نیاسین، داکو هەمی رەگەزێن دی ژ بۆ خزمەتکرنا ئەوان بهێنە

دروست کرن. هەلبەت ئەڤ جورە نیشانکارە دمالکێن حەیرانۆکێن کوردیدا پرن و ب شێوەیەکێ گشتی دابەشی سێ جوران دبن:

**أ- جهناڤ:**

ئەڤ جهناڤە د نیشانکاراندا ل سەر دوو جوران دهێنە دابەشکرن:

أ- ١- جهناڤێن سەربەخۆ: وەکو (ئەز، تو، ئەو، من، مە، هەوە، کی، کێ، فلان، ئێمە...).

أ-٢- جهناڤێن لکاو: ئەڤ نیشانکارە ژی د ئاخڤتنێدا جهێ ناڤێ کەسەکی دگرن یان بۆ کەسەکی دزڤرن، وەکو (م، ی، ین، ن، ن، ...هتد).

جهناڤێن (سەربەخۆ و لکاو) ب ڕەنگەکێ گشتی و جهناڤێن (ئەز، تو، م، ن،.....) ب تایبەتی ب ڕێژەیەکا بەرفرەهـ و دیار د حەیرانۆکێن کوردیدا دەردکەڤن، چونکی ئەڤ نیشانکارە پتریا جاران هەر ژدەستپێکا پارچە و مالکێن حەیرانۆکێ (کور و کچ) تا داوییا حەیرانۆکێ ب نیشانکارێن جهناڤێن (سەربەخۆ) یان (لکاو) یان هەردووکان پێکڤە بۆ دانوستاندنێ (دیالوگ) بکار دئینن. لەوڕا دێ هەولدەین هەردوو جهناڤا ب پێکڤە دەینەدیارکرن، بۆ نموونە:

<u>ئەز</u> کەوەک<u>م</u> ژ کەو<u>ێن</u> نێر<u>م</u>
ژ نزارا دهێم و ل بەڕۆژا دنێرم
خەلك و عالەم ئاشقێ کچکانن
ئەز ڕەبەنێ خود
ئاشقێ بەژنا بلند، ژنا ب مێرم (خیاط، ٢٠٠٢،١١).

جهناڤێن سەربەخۆ و لکاو ب شێوەیەکێ بەرفرەهـ د ئەڤێ پارچە حەیرانۆکێدا ڕەنگڤدایە، وەکو (ئەز) د نیڤە دێرا ئێکێ یا مالکا حەیرانۆکێدا جهناڤەکێ سەربەخۆیە و کەسێ ئێکێ یە و ئاخڤتنکەرە و دبیت ئەو ئاخڤتنکەرە (بێژەر یان نڤێسەر)بیت، کەوەکـم(م) جهناڤێن لکاوە بۆ کەسێ ئێکێ (ئەز) ڤەدگەریت.

هەروەسا (ن) ل داوییا پەیڤا (کەوێن) جهناڤێ لکاوە بۆ کەسێ سییێ یێ کومە کو ڕۆلێ وی بکەرە بۆ جارا دووێ و (م) (نێرم) جهناڤێ لکاوە بۆ کەسێ ئێکێ

یێ (تاك) و بۆ بکەری ڤەدگەریت، ئەڤ جهناڤە (م) گەنجاتی و کاملانا ئاخڤتنکەرێ حەیرانۆکێ ل دەمێ لوتکەییا ژیێ خۆ یێ گەهشتی دا دەتە دیارکرن. هەروەسا د پارچەکا دیدا ژ سەر زارێ کچێ دبێژیت:

ئەزێ ل سەرێ رێکا روینم
ئەزێ دەستێت خۆ، ل چوکێت خۆ وەرینم
هندی چاڤێ خۆ دگێرینم، ناگێرینم
ئەزێ کەسێ شتی لاوکێ خۆ نابینم (جحفر، ١٩٨٩، ٢٧٤).

(ئەز) د نیڤە دێرا ئێکێ یا مالکا حەیرانۆکێدا جهناڤەکێ سەربەخۆیە و کەسێ ئێکێ یە و ئاخڤتنکەرە و ئەو ئاخڤتنکەرە (کچ)ە، روینم(م) جهناڤێن لکاوە بۆ کەسێ ئێکێ (ئەز) ڤەدگەریت. ئەڤ روینشتنە دبیت چاڤەرێ بوونەکا درێژبیت ژ بۆ گەهشتنا هیڤیێن وێ یێن پاشەروژەکا گەشتر و خوشتر.

دنیڤە دێرا دووێ دا (جهناڤ) سەربەخۆ (ئەز)ێ کەسێ ئێکێ یە و بێژەرە و نیشانکارێ (جهناڤ) لکاوێ (م) (وەرینم) هاتییە بکارئینان کو جهناڤێن لکاوە بۆ کەسێ ئێکێ (ئەز) ڤەدگەریت. ئەڤ چەندەژی دەستەسەرکرنا خۆ بتنێ بۆ لاوێ خۆ نیشان ددەت. ئانکو بۆ لاوێ خۆ (تەسلیم)بوونە.

**ب- ناڤێن کەسی:**

ئەو ناڤن ئەوێن د حەیرانۆکێدا کەس پێدهێنە نیاسین، وەکو (ئازاد، موسا، سەعدین، قادر، عەیشێ، ...) بۆ نموونە:

هەرێ مویسێ، مویسێ عەباس
تە بەژن بلندە، چەند دل خواس
وەرە دەستێ من عەبدالا خودێ بگرە برەڤینە،
ببە تورکی، جهێت ئەڤراس (جحفر، ٥٢،١٩٨٩).

د ئەڤێ پارچە حەیرانۆکێدا نیشانکارێن کەسی پێکهاتیە ژ ناڤێ (مویسێ عەباس)ی، ل ڤێرە (مویسێ) گوهدێرە و ئاخڤتنکەر ل سەر زارێ کچێ هاتیە گوتن، ئانکو ئاخڤتنکەر (کچە)، ئارمانج ژ ئەڤێ چەندێ ئەوە، ناڤێ (مویسێ) د کەڤندا ب

واتا زەلامەکێ خودان بەژن بلند و ب هێز و ژێهاتی دهات، لەورا کچێ دەربڕین ژ پەسن و جوانییا ئەڤینداری خۆ ب ناڤێ (مویسێ) لێکچواندییە و داخوازا رەڤاندنێ بۆ هەر جهەکی ژێ کرییە. هەروەسا د پارچەکا دیدا:

عەیشێ جانێ رابە سەرخوە
کراسێ کتانی مەلەسی بکە بەرخوە
خوەزی من زانیبا راموسانێن تە خوەشترن
یان قەهوە و چاو گوشتێ بەرخە (خیاط، ٢٠٠٢، ٦٢).

د ئەڤی وینەیدا نیشانکارێ کەسی ب ناڤێ (عەیشێ)یە، ئانکو عەیشێ گوهدێرە و ئاخڤتنکەر (کورە)، ئارمانج ژ ئەڤێ چەندێ ئەوە، کو تێدا کور دەربرینێ ژ ڤیانێن خۆ و (عەیشێ) دکەت.

**ج- ئامرازێ ئاماژەیێ:**

ئەو کەرەستەنە ئەوێن جهێ ناڤی دگرن. بۆ نێزیکی، وەکو (ئەڤان، ئەڤی، ئەڤێ، ...) و بۆ دووری، وەکو (ئەوێ/اهە، ئەوی/ێ....ێ/اهە، ئەوێنهە،....). پتریا ئەڤان کەرەستان د حەیرانۆکێن کوردیدا بۆ نێزیکی هاتینە، بۆ نموونە:

ئەڤی خەلکی چ بدویڤ مەڤە ئینا
هەکو لاوێ من هاتی، من خۆ تێ وەرکر وەکی دینا
بەس وان نەزانی،
عەشقا من و وی وەکی عەشقا مەم و زینا (جحفر، ١٩٨٩، ٥٢).

نیشانکارێ کەسی ڤێرە (ئەڤی..)یە، کو ئاماژە ب ئەوان کەسێن نێزیکێ خۆ دکەت، دەمێ خەلکی ب نەباشی و ب نەرەوایی ئەڤینا وان کێم دکر و گوتە گوت و بێ بەختی و ترانە و یاری ب ئەڤینا ئەوان دکرن. هەر دەربارەی ئامرازێ ئاماژێ د پارچەکا دیدا هاتییە، دەما کچ دبێژیت:

ڤێ دهوکێ، یا ب لەڤەنە
سەرێت لەڤەنا، ب گۆپکەنە
هندی مروڤێت، مروڤی ل وێرێ بن
یێت خەلکی، دبێ فایدەنە (جحفر، ٢٠٠٧، ٨٣).

د ئەڤان پارچێن حەیرانۆکێدا نیشانکارێ ئاماژێ (....ڤێ) هاتییە، کو ل ئاماژە ب باژێرێ دهوکێ دکەت، کو کچ ئەڤیانا خۆ د ئەڤی باژێرێ تێدا دژیت بۆ خویانییا (نییاسا) ددەتە دیارکرن. دیسان ل (وێرێ) ژی ئێك ژ نیشانکارێن دی یێن ئاماژێ یە کو ب ئەرکێ هەڤالکار هاتییە، مەبەست پێ کەسوکارێن نێزیکێ وێ نە، وەك (خزم و کورخال و کورمەت، کورخالەت، گوندی و عەشیرا وان، ...هتد).

**٢- نیشانکارێن دەمی:**

ئەوان نیشانکاران بخۆڤە دگرن، ئەوێن ئاماژە ب دەمەکی دکەن. ئانکو پیڤانا دەمییە ل ئەوی دەمێ ئاخڤتن پتر ژ بۆ ڕۆهنکرنا ڕویدانەکێ بۆ گوهداری دهێتەکرن. نیشانکارێن دەمی وەکو (ئەڤرۆ، نووکە، سوباهی، پاشی، پشتی دوو هەیڤا، پشتی سێ حەفتیا، ...هتد) (نحله، ٢٠٠٢، ١٩-٢٠ ؛ واکته، ٢٠١٥- ٢٠١٦، ٤٩). هەلبەت دەم دژیانێدا گرنگییەکا زۆر پێ دهێتەدان و د حەیرانۆکێدا نیشانکارەکێ گرنگە و گەلەك جاران دەمێن کورت و درێژ دناڤ حەیرانۆکێدا ب ڕەنگەکێ بەرفرەهـ هاتینە بکارئینان و ب ساناهی دکەڤنە بەرچاڤ. هەروەسا دەمێن نهۆ و ڕابردوو و داهاتی، یان وەرزێن سالێ یان شەڤ و ڕۆژ ، یا سپێدە و ئێڤاری...هتد هەنە، بۆ نموونە:

کۆرکۆ دینۆ،<br>
چ <u>ئێڤارە</u> رۆژ <u>مەغرەبە</u><br>
تاسا لسەرێ من عەرەبە<br>
ئەز بەردێلێکا براکێ خوەمە<br>
ل <u>هیڤیا من نەبە</u> (خیاط، ٢٠٠٢، ٣٩).

د ئەڤی وێنەیدا چەندین نیشانکارێن دەمی وەکو (چ ئێڤارە، رۆژ مەغرەبە، هیڤیا من نە)، بخۆڤە گرتینە، ئەڤ دەمە دەمەکێ سیمانتیکییە و ڕوویدانا وێ داهاتی ڤە یا گرێدایە، چونکی گوتنا وێ بۆ دەمێ نووکە (ئیستا) ڤەدگەریت، ئەڤ نیشانکارێن دەمی ئاماژێ دکەنە گەلەك بوویەر و داب و نەریتییان، ب تایبەتی بارودۆخێن شیکرنا کچا کورد ب (پێکگهۆرکانێ) ئەوێ تێرا دەربازبووین پێش چاڤ دکەت. هەردیسان د نمونەیەکا دیدا دبێژیت:

چ سال سالە سالا تری
خودێ مالا فەقیریێ خراب کری
هەتا مە کارێ خۆ کر و گوستیر کری
خەلکی بەژنا بلند
ژ بابێ خواست و نەخت ڤەبری (خیاط، ٢٠٠٢، ٢١).

د ڤێ پارچە حەیرانۆکێدا باس ل نیشانکارێ دەمی ب(سالا)ن هاتییەکرن، ئەڤ نیشانکارە دەمەکێ سیمانتیکی بخۆڤە ڤەدگرن، مەبەستا وی ل ڤێرە ئەوە کو د سالێن حەفتیاندا هەتا بگەهیتە سالێن نووتاندا بەرهەم ب شێوەیەکێ گشتی ل گوندا گەلەك یێ باشبوو و ب تایبەتی بەرهەمێ تری، ئەڤ سالە پتر دەربڕینێ ژ هەژارییا کورکی دکەت، چونکی کوڕ هەمی دەما ڕەنج و وەستیانێ دکێشێن ب مەرەما هندێ داکو (خێزان)ێ پێکبینن، بەلێ هەژاریێ نەهێلایە بگەهیتە ئەوێ ئارمانجێ. هەروەسا د پارچەکا دییا حەیرانۆکێدا ئەڤی جورێ نیشانکاری ڕەنگڤەدا دەما کچ دبێژیت:

ئەڤ شەڤ، شەڤا (لیلة القدر)
سێ سەر، ل سەر من، کەم نەدر
هەما جابەك بۆ من بهێت بێژیت
یارکێ تە هات، مێرکێ تە مر (جحفر، ١٩٨٩، ١٦٩).

نیشانکارێن دەمی د نیڤە دێرا ئێکێ ژ ئەڤێ پارچا حەیرانۆکێدا ژ (شەڤ، شەڤا لیلة القدر) کو ژ دەمەکێ سیمانتیکی پێکهاتییە، دەمێ گوتنێ بۆ نووکە (ئیستا) دزڤریت، بەلێ دەمێ ڕوویدانێ بۆ داهاتی بخۆڤە ڤەدگریت. مەبەست پێ ئەوە، ژیانا ئەوێ کچ (ژن)ێ یا سەخت و دژوارە و ئەڤینا ئەوێ یا بەرێ هەر د سەرێ ئەوێدا و بەردەوام دبیت ل سەر ئەوێ پەیوەندیێ، لەوڕا کچێ (ژن) ئەڤ دەمە (شەڤە) بۆ خۆ بۆ لاڤا و نفرینا ب دەلیڤە دیتییە. بەلێ دنیڤە دێرا دوماهیێ یا ئەڤێ مالکێ دا نیشانکارێن دەمی ژ (هات و مر) پێکهاتینە، کو دەمەکێ ڕێزمانی بخۆڤە ڤەدگرن، چونکی (ت، ر) نیشانێن دەمێ بۆرینە. ب مەرەما گەهشتنا خوشییان ب دماهیك ئینانا نەخوشییان دگەهینیت.

### ٣ـ نیشانکارێن جهی:

نیشانکارێن جهی ب رەنگەکێ گشتی، نەبتنێ گرنگییەکا تایبەت د ئاخفتنا ڕۆژانەدا هەیە، بەلکو کارتێکرنەکا مەزن ل سەر مروڤی دکەت و دخوینا مروڤیدا دهێت و دچیت، جهـ و مروڤ دو تشتن پێکڤە دگرێدایینە مروڤ گرێدایە ب جهێ ڤە و ئەوژی گرێدایە ب مروڤی ڤە، لەوما مروڤ ب رێکا جهی دئاخڤیت و هەر ب وێ رێکێ دنیایێ دبینیت (قادر، ٢٠٠٦، ٢٦). ئەڤ جورێ نیشانکاران، ئەوان پەیڤان بخۆڤە دگریت، ئەوێن ئاخڤتنکەر ئاماژە بۆ جهەکی دکەت، وەکو (ل ڤێرێ، ل وێرێ، ئەڤی جهی، ئەڤی بازێری،...هتد).

نەیا بساناهییە نیشانکارێن جهی بهێنە زانین بێی دیارکرنا جهێ سەرەکی، ژبەرکو بکارئینانا ئەڤان نیشانکاران دگشتینە، بۆ نموونە (من دڤێت ل ئەڤێرێ ، ئەڤی جهی، کاربکەم) ئەڤ جهە د ڕستێدا دبیت ئاماژە بکەتە (کومپانییێ، ئاڤاهیەکێ، بازێری، وەلاتەکی، هتد .....) ژبەر ئەڤێ چەندێ ئەڤ ڕستە پێدڤی ب ڕوونکرنێ یە (ملحعین و عمار ، ٢٠١٦- ٢٠١٧، ٣٥-٣٩). لەوما ژی نیشانکارێن جهی ڕەگەزەکێ سەرەکییە و کەرستەکێ راسپاردە و هێڤینەکە بۆ نیشارێ دەمی، کو کارتێکرنێن جوراو جور لسەر سیمایێن دەرەکی و ناڤەکی یێن نیشانکارێن کەسی دکەت. نیشانکارێن جهی ژی دحەیرانۆکێن کوردیدا جهەکێ مەزن تژی کریە، چونکی هەر بوویەرەکا ڕوویبدەت ل جهەکی ڕۆ ددەت، دبیت ئەڤ جهـ جهەکێ گرتی و بچویك و تایبەتی بیت، ئانکو ئەو جهـ یێ دەستنیشانکری بیت و چێدبیت جهێ بوویەران یێ ڤەکری و فراوان بت، بۆ نموونە دەما دبێژیت:

چ <u>کانیکا</u> ل پشتا بانی

من کولا بو، ببو <u>کانی</u>

تۆ بخۆ دزانی

ئەز و تۆ <u>لڤێرە</u> حەفس نابین

دێ رابە دەستێ تە بگرم برەڤینم

ببمە <u>حدودێ</u>، ئەلمانی (ئامێدی،٢٠١٠، ٧٢٨).

د ئەڤێ پارچە حەیرانۆكێدا كو چەندین نیشانكارێن جهی هاتینە وەكو (كانی، لڤێرە ، حدود،...هتد). كو مەرەم ژ كانیێ ئەوە، ڤەژاندنا ژیانەكا نوی یە و ڕێكەكە بۆ پاشەڕۆژەكا باشتر، بەلێ (لڤێرە) دەربرینێ ژ بۆ ڤەكرنا وان ئاستەنگ و ئاریشەیێن كەفتینە ڕێكا وان دا ژ بۆ گەهشتنا پێكئینانا ژیانەكا نویتر، بەلی نیشانكارێ (حدود) ب رامانا شكاندنا هندەك كارێن نەدروست یێن كو ژ بارێ مروڤی زێدەتر دهێن، لەوڕا گەلەك جاران پێخەمەت ئەوان نەخوشی و كارێن نەدروست یێن د كەڤنە د ڕێكا مروڤی دا، مروڤ نەچاردبیت لابدەت و خۆ ژ ئەڤێ دلتەنگیێ و نەخوشیێ ئازاد بكەتن. هەروەسا دپارچەكا دیدا حەیرانۆك نڤێس ئاماژە ب چەند جهەكێن دی دكەت، بۆ نموونە دەما دبێژیت:

چووم بالاڤێ، ل <u>كانیا مالا</u>

من بالاف كر، ل گەل هەڤالا

خوزی ئەز و تو ببابینە

بویك و زاڤا، ل ئەڤان سالا (جحفر ١٩٨٩، ٣٢٢).

د ئەڤان مالكێن حەیرانۆكێدا نیشانكارێن جهی (كانیا مالا) هاتیە، جهەكە نێزیكی ئاخڤتنكەری كو ل سەر زارێ كچا كورد هاتییە گوتن. مەبەست پێ ئەوە كو كچ یا گەهشتیە ژی یێ خۆ یێ پێگەهشتی و دڤێت لدەمەكێ نێزیك شیبكەت و بگەهیتە ئەڤینداریێ خۆ یێ كو وێ دڤێت.

### ٤-نیشانكارێن جڤاكی:

ئەو نیشانكارن یێن جۆرێ پەیوەندیێ دناڤبەرا ئاخڤتنكەری و گوهداری دبوارێن فەرمی و نەفەرمیدا دیاردكەن. ئەڤ جۆرە نیشانكارە دهێنە بكارئینان دنڤیسیارێن فەرمیدا ل دویڤ پلە و پایەیا جهێ نڤیسیار بۆ دهێتە ئاراستەكرن، وەكو (بەرێز سەروكێ وەلاتی، بەرێز سەرۆكێ زانكۆیێ، پاشایێ هێژا، ڕێڤەبەرێ بەرێز هتد.....)( أحمد، ٢٠١٤ ، ١٧٥).

دبوارێن نەفەرمیدا هندەك جاران دهێنە بكارئینان جۆرێ پەیوەندیێ خزمایەتی د ناڤبەرا هەردوو لایاندا ( ئاخڤتنكەری و گوهداری)دا دیاردكەن، وەكی بكارئینانا

ناڤێ بچویکرنێ دەمێ بانگ (گازی) کرنا کەسەکێ خۆشتڤی ل جهێ ناڤێ وی یان سلاڤکرنا دناڤبەرا دوو هەڤالان دا بو ئێکو دوو. نیشانکارێن جڤاکی دبنە دوو جۆر وەکو :

**١- نازناڤ:**

ئەو نیشانکارن ئەوێن ئاماژە ب هندەك نازناڤان د ناڤ جڤاکیدا دکەن، ئەوژی دبنە سێ جۆر:

**أ- نازناڤێن جڤاکی**: ئەو نیشانکارن ئەوێن پلە و پایەکا مەزن دناڤ جڤاکیدا هەین (فەرەج، ٢٠٠٠، ١٤١). هەلبەت ئەڤ جورە ب ڕێژەیەکا زۆر ژ نیشانکارێن جڤاکی ب گشتی و نازناڤان ب تایبەتی د مالکێن حەیرانۆکێن کوردیدا ڕەنگڤەدایە، وەکو (ڕیهـ سپی، ئاغا، پاشا، مەم و زین، لەیلاو مەجنون، خەج و سیامەند،...)، نموونە بۆ ئەڤی جوورە نیشانکاری دەما کچ دبێژیت:

کوڕکۆ دینۆ

تە بەژن دارێ عوودێ وەکی تیێ ڤێ خەنجەرێ

ڕەنگێ تە ڕۆنە مینا ئاڤکوکا کەوسەرێ

ئەزێ خوە ل گەل بەژنا بلند بدەم رەڤان

دێ چینە دەڤ ئاغاکێ پشتەدەرێ (ئامێدی، ٢٠١٠ ، ٣٧).

هەروەسا د پارچەکا دیدا کوڕ دبێژیت:

کچێ دینێ وەرە دەرێ، وەرە دەرێ

دێ تە بەمە، لنك ئاغاکێ پشتەدەرێ

کراسێ سۆر فیستان زەرێ

تە ژ دەستێت، باب و براکێت تە بەمە دەرێ (جحفر ،١٩٨٩، ١٣).

د مالکێن ئەڤان هەردوو پارچێن حەیرانۆکاندا نیشانکارێن جڤاکی (نازناڤ) بریتییە ژ (ئاغاکێ پشتەدەرێ)، کو کچ و کوڕێن کوردان دەربرینێ ژ ئەوان کێشە و گرفتان یێن ل هەمبەر شویکرن و ژن ئینانا ئەواندا دکەن، ئەوێن ل هەمبەر ئەڤینا ئەوان دراوەستن کو نەگەهنێ، هەلبەت ئەوی دەمی کچ و کور بێ هیڤی دبن کو

نەدەنە ئێکو دوو، لەورا داخواز ژ ئێکو دوو دکەن کو چارەسەرییا گەهشتنا ئەوان رەڤینە و ب چنە ل دەڤ ئاغایەکی، چونکی پتریا ئاغان هێڤێنێ گەهشتنا خۆزیێن ئەوانە یێن نەگەهشتینە ئێك. ئانکو دکەڤندا هەتا نووکە ژی ئەڤ دیاردە ب شێوەیەکێ گشتی و تایبەتی ل گوندان یا هەی، هەر دەمێ کچ نەدا کورکی درەڤینیت و دبیتە د ناڤ مالا ئاغایەکیدا.

هەروەسا هندەك ناڤێن دیتر هەنە کو کوڕ و کچ ئەڤینا خۆ پێ ناڤ دکەن، هەردەمێ مە گول ئەڤان ناڤان دبیت، کو سمبۆلەك و دەربڕینەکە ژ ئەڤینەکا د ژوار لدەڤ هەردووك ئەڤینداران. ئانکو دلێ مروڤی و نەفسا مروڤی گەلەك بەرەڤ ئەڤینداریێڤە و خوشتڤێڤە دچیت ، هەروەسا پێچەوانەی ڤێ چەندێ ئەڤینداریێ مروڤی ژی ئەڤ چەندە ل دەڤ هەیە، ڕێژا ئەڤینێ ئەوی دەمی دیاردبیت ل دویڤ پالدانا مروڤی ب گرێدانێ و مەندەهوشیێ نیزیك بوون و دویربوون و ئاستەنگان، هندی نێزیکبوون زێدەبیت و بگەهنە ئێك دێ ڤیان یا بەلاڤ و کێم بیت، هندی دویری و ئاستەنگ هەبن دێ ڤیان زێدەتر و شرینتربیت، بۆ مە دیاردبیت هندی ئەو چیرۆکێن ئەڤینیێ ئەوێن هەردوو ئەڤیندار گەهشتینە ئێك ڤیانەکا ئاساییە، و ئەو ئەڤیندارێن ژ ئێك دویر و نەگەهشتینە ئێك ئەڤینەکا مەزنتر یا ب دەستڤە ئینای و بووینە هێمایەك و سمبۆلەك دناڤ جڤاکێ مەدا. بۆ نموونە دەما کچ دبێژیت:

کوڕۆ دینۆ...

ئەز ل سەربانی، تۆ ل سەربانی

تە دەرسوك سۆر و جەمەدانی

من تۆ چەند دڤێی، تۆ نزانی!!

بەلێ خوزی ئەز و تۆ بباینە،

لەیل و مەجریم، کەتباینە ڤی ئەسمانی (جحفر، ١٩٨٩، ٣٠).

د ئەڤی وێنەیدا نیشانکارێ جڤاکی پێکاتیە ژ (لەیل و مەجریم)ا، ئەڤ نیشانکارە ژی سمبۆل ئەڤینەکا دژوارە بۆ هەردووك ئەڤینداران، ب تایبەتی ئەو ئەڤیندارێن خەون و هیڤیا ب گەهشتنا ئێکو دوو ڤە دبینن، لەورا کچا ئەڤیندار هەمی دەمان هزر و خەیالا ئەوێ ل سەر ئەڤینداریێ ئەوێ بوویە، ب تنێ حەز و ئارەزۆیا

ئەوێ ئەو كورِ بوويە. هەلبەت ئەڤێ كچێ ڤيايە كو ئەڤينا ئەوان ژى وەكو چيرۆكەكا ناڤودەنگ و بەربەلاڤ ڕەنگڤەدابا، داكو هەر كەسەكى ڕاستيا ڤيانا ئەوێ بۆ كورِكى زانيبا چەندە و چەند حەژێ دكەت.

**ب- نازناڤێن خزمايەتى:** ئەڤ جۆرە ب رێژەكا بەرفرەهـ دناڤ مالكێن حەيرانۆكێن كورديدا دهێتە ديتن، وەكو (خال، مەت، مام،...)، بۆ نموونە:

وەرە وەرە، كورێ مامێ

خەنجەر زيڤۆ، شولێ شامێ

خوزى بابێ من ئەز دابامێ

بێ بەختى كر لگەل دوتمامێ (جحفر، ١٩٨٩، ٢٨)

د ئەڤان مالكاندا دوو نيشانكارێن جڤاكى (خزمايەتى) وەكو (كورِێ مامێ) ئانكو پسمام و (دوتمام) هاتينە، كو ئەڤ چەندەژى ل سەر زارێ كچا كوردە، كو ب ڕەنگەكێ جوان ئەڤينا خۆ بۆ پسمامێ خۆ دەربڕييە. هەروەسا د مالكەكا ديدا كچ ل كورمەتێ خۆ ئەڤيندار دبيت و دەما دبێژيت:

(سمائيل)ێ حەيرانێ كورِێ مەتێ

مەرگێ من گورى وى عاقلى وى مەعريفەتێ

(سمائيل)ێ منێ مەتێ من دخازيتۆ

باب و برا من نادەتێ (ئاميدى،٢٠١٠ ، ٦١٣).

د ئەڤى وێنەيدا نيشانكارێ خزمايەتى (كورِێ مەت)ێيە، كو كچ دەربڕينێ ژ ئەوێ سەرنەگرتنا ئەڤينا خۆ بۆ كورمەتى يا باب و برا نەهێلايى بگەهيتێ دياردكەت.

**ت- نازناڤێن پيشە:** كومەكا كار و پيشەيان د حەيرانۆكێن كورديدا هەنە، چونكى پيشە ژ لايەكيڤە دبيتە جۆرەكێ دن يێ ناڤەرۆكا حەيرانۆكێن كوردى و ژ لايەكێ ديڤە پتر بۆ خوشيێ و سڤككرنا كارێ ئەوان دهاتە گوتن، پيشە وەكو (جوتيار، شڤان، ماموستا، ...)، بۆ نموونە كچ دبێژيت:

هەرێ شڤانۆ شڤانێ پەزى

ئاگرەكى هلكە دەستێت من تەزى

دابچینە کانیکا دانگێ مالا
دەڤێ خوە بهاڤێژە روویکێن قورمزی (خیاط، ٢٠٠٢، ٩٤).

نیشانکارێ جڤاکی د ئەڤان مالکاندا بریتییە ژ (شڤان)ی، ئەڤ پیشەیە بۆ ئەوی کەسێ دچیتە بەر پەزی (بزن و میهـ )ا دهێتە بکارئینان، ئەڤ نیشانکارە د جڤاکیدا ب رێژەکا بەرفرەهـ دهێنە دیتن، چونکی گرنگیدانا ئەوان ب ڤێ پیشێ و چەندین پیشێن دیتر ژ بۆ پێخەمەت دابینکرن و کەلوپەل و پێدڤیێن ژیانێ بووینە. هەروەسا د چەند مالکێن دیدا باس ل پیشەکا دی کرییە کو ئەوژی (جوتیار)ییە، دەما دبێژیت:

جوتیارۆ جوتیارێ ڤان هێسترا
جووتێ خوە، ل ڤێرێ گرێ نەدە
ئەردەك ب کەڤرە
قرکا ڤی جوتیاری نادەمە
ب دەهـ پسماما، ب جووتێ برا (جحفر، ١٩٨٩، ١٦٦).

د ئەڤان مالکاندا نیشانکارێ پیشە پێکهاتییە ژ (جوتیار)ی، کو مەبەستا کچێ بۆ جوتیارێ بیانی بڕەنگەکێ راستەقینە دیاردبیت، وەکو یا دیار د کەڤندا خەلك ل گوندا بۆ کارێ جوتیاریێ دگەریا و جووت دکر، چونکی گەلەك ژ خەلکی گیانەوەرێ جووتی وەکو (گا، هێستر، ماهین، کەر، ...) نەبووینە، لەوڕا دەمێ کچ زیرەکی و جوانی و رەنج و پیشەیا ئەڤی جوتیارێ بیانی دبینیت، کچ پێ کاریگەر دبیت و حەز ژێ دکەت، هەتاکو حەز و ڤیانا ئەوێ بۆ ئەڤی جوتیاری پتر ژ یا پسمام و برا لێ دهیت، وەکو ئەوێ ئاماژە پێ کری.

**٢- جهناڤ:** ئەڤ جورێ نیشانکاران بۆ دوخێ (تاك، کۆ) د گەلەك مالکێن حەیرانۆکێن کوردیدا هاتینە، وەکو:

دوخێ تاك، بۆ نموونە:
..... ژ خێرا خودێ را
من زانیبا کا کیژ پیرەژنێ لمن کرینە نفرینە
داچمە سەر تەنیرکێت سندیان و گولیان...(ئامێدی،٢٠١٠، ٨١)

د دیمەنێ ئەڤان مالکاندا جهناڤێ تاك (من) هاتییە بکارئینان.

دوخێ کو، بۆ نموونە:

......ئەم نەچاربووین، بوون هەڤالا

خەلك و عالەمێ گوتی:

ئەڤە چییە؟

مە گوت ئەم بووین مالا. (ئامێدی،٢٠١٠ ، ٩٠)

د ئەڤان مالکاندا نیشانکارێ "جهناڤێ کو" (ئەم، مە) هاتییە بکارئینان، کو دەربرینێ ژ کومەکێ دکەن.

هەروەسان ئێك ژ جورێن دی یێن نیشانکارێن جڤاکی رێزگرتن و سڤکاتی پێکرنە، ئەڤ چەندەژی ب شێوەیەکێ بەربەلاڤ د ناڤ مالکێن حەیرانۆکێ دهێنە دیتن وەکو (حورمەت، خاتین، دایکێ، خالەت، خال، بێ زەحمەت، ریڤی، کورەمار، چاڤ پیس،...هتد) دەما دبێژیت:

حورمەت خویشکا (تاهری)

ژ وێڤە تێت، وەکو کورەماری

فتنا مەزن، وێ هەلکری

دێ چیتە جەهەنەمێ، ل ناڤ ئاگری (ئامێدی، ٢٠١٠، ٣٧٠)

نیشانکارێن جڤاکی یێن ژ بۆ رێزگرتنێ د ئەڤان مالکێن حەیرانۆکێ دا ژ (حورمەت، خویشك) پێکهاتینە. دیسان د نیڤە دێرا دووێ دا نیشانکارێ جڤاکی ژ بۆ سڤکاتی کرنێ ژ (کورەمار) پێکهاتیە، کو دەربرینێ ژ وی کارێ نەباش دکەت، ئەڤجا ئەو کار چ ب گوتن یان ب کریار بیت.

ئانکو ئەم دشێین بێژین گەلەك جاران نیشانکارێن جڤاکی ب گشتی دبنە پەیامەك بۆ جڤاکی، داکو جڤاك برێکا ئەڤێ چەندێ بشێت وان هەمی کاروکریارێن ژیان خو برێکا ئەڤان نیشانکاران باشتر برێڤە ببیت. لەورا دبێژنێ نیشانکارێن جڤاکی بوارێن پراگماتیکینە. د حەیرانۆکاندا مەرەم پێ ئەوە، کو هەر نیشانکارەکێ د جڤاکیدا هەی ب گشتی دبیتە بنەمایەك بۆ ڤەهاندنا مالکێن حەرانۆکا کوردی.

### ٥ ـ نیشانكارێن دەقی:

دەق ب شێوەیەكێ گشتی ((...پێكهاتەكا زمانییە یان شێوێ ئاخڤتنێیە، كو بریتییە ژ زنجیرەكا ڕستێن د دویڤ ئێكدا هاتین، كو د ناڤ وان ڕستاندا هەڤگرتنەك و پێكڤەگرێدانەك هەیە، ئەو ڕستە ب ڕێكا فرێكەری بو وەرگری دهێتە ڤەگوهازتن و وەرگر وان ڕستا دەقاو دەق وەردگریت)) (عەلی، ٢٠١١ ، ٥٧). لەوڕا ئەڤ جورێ نیشانكاران ژی پارچێن گوتنێ یان دەقی پێكڤە گرێددەن. هندەك جاران ئەڤ نیشانكارە د ناڤ گوتنێدا ئاماژە ب دەرڤەی دەقی دكەن. ئەڤ نیشانكارێن ب ئەڤی جوری ڕادبن بریتینە ژ (هەڤالكارێ دەمی، جهی) و (ئامرازێ ئاماژێ) (دزەیی، ٢٠١١، ١٠٩). بۆ نموونە:

هایێ هایێ هایێ هایێ<br>
حەیرانێ منۆ<br>
حەیرانۆ ڤێ سحارێ<br>
ژ كولێت ڤێ دنیایێ<br>
ئەز دێ مرم<br>
وەی لە منۆ<br>
ئێشەكا لمن پەیدابووی<br>
گاڤ ب گاڤێ<br>
رۆژ ب رۆژێ<br>
ب وێ ئێشێ خرابترم<br>
هندی حەكیم و تەبیب و دختور و لوقمان<br>
هاتن چ چارە لمن نەكرن<br>
گازی بكەنە بەژنا بلند<br>
دوو چاڤێت ڕەش و بەلەك<br>
گاڤەكێ، بێهنەكێ ل هنداڤی سەرێ من بهێت و بچیت<br>
ژ حەكیم و تەبیب دختور و لوقمانا چێتر بو<br>
چێتربو ئەز ساكنم (ئامێدی،٢٠١٠ ، ٨٣- ٨٤) .

نیشانکارێن دەقی دڤان مالکاندا ژ هەڤالکارێ دەمی و جهی و ئامرازێ ئاماژێ پێکهاتینە، وەکو (گاڤ ب گاڤێ، ڕۆژ ب ڕۆژێ، گاڤەکێ، بێهنەکێ،....) هەڤالکارێن دەمینە، هەڤالکارێن جهی وەکو (هنداڤی سەرێ من) و ئامرازی ئاماژێ وەکو (ڤێ سحارێ، ڤێ دنیایێ) کو ئەڤە هەمی دەربڕینێ ژنیشانکارێن دەقی دکەن. هەروەسا د پارچەیەکا دیدا ئەڤ جورێ نیشانکاری ڕەنگڤەددەت دەما دبێژیت:

هایێ هایێ
حەیرانێ منۆ ئەزێ دبێژم
نەهاڤینە، نە پائیزە، نە بهارە
رحانا دبێت، کینێ بابێ من ریحانێ
چاردە ستینا یێ سیارە
بابێ تە خوڕتەکێ گەلەکێ زەنگینە،
گەلەکێ کوبارە، گەلەکێ مالدارە
ئەڤە سێ شەڤ و سێ رۆژە، رەش مالێت مە
ژ ڤی وارێ بهارێ، بارکرن،
دێ ب سەر وارێت دی دا چنە خارە
رحانا دبێت وەزێ نە دخەما مرنا خومە
خەما من ژ وێ خەمێ عێل و عەشیر و عوربانێ
مالا بابێ من بزڤڕنە سەر حال
ئەز دترسم (براهیمی) بکوژن وەی لە منو،
تەرمێ حەیرانی بکێشنە بەر ڤان دیوارا. (ئامێدی،٢٠١٠، ٨٧- ٨٨)

نیشانکارێن دەقی د ئەڤان مالکاندا بریتییە ژ (ئامرازێ ئاماژێ) کو ئاماژە ب دەم و جهەکی دکەن، وەکو (ئەڤە سێ شەڤ و سێ رۆژە، ڤی وارێ بهارێ، ڤان دیوارا)، کو ئەڤە هەمی ب نیشانکارێن دەقی دهێنە نیاسین، زێدەباری ئەڤێ چەندێ کو مالکێن ئەڤێ حەیرانۆکێ بگشتی ب نیشانکارێن دەقی دهێنە نیاسین.

ل دەمێ بکارئینانا ئەڤان جۆرە نیشانکارێن دەقی، دبیت تەمومژییەك بکەڤیتە دڕستێدا، ژبەر ئەڤێ چەندێ هندەك ژ ڤەکۆلەران ئەڤ جۆرە نیشانکارێن دەقی لادانە.

## ئەنجام:

پشتی ڤەكولین ب داوی هاتی گەهشتینە ئەڤان ئەنجامان :-

١- ب ڕێكا ئەڤان نیشانكاران دڤێت واتا هەر پەیڤەكێ یان ئاخڤتنەكێ یان دەستەواژەیەكێ ل دویڤ وی دەوروبەرێ هاتییە ب كارهێنان بهێتە دەست نیشانكرن. ئەڤجا چ دەوروبەرێ زمانی بیت یان نەزمانی بیت، چونكی هەر پەیڤەكا دناڤ زمانی و ژ دەرڤەی زمانیدا بهێتە گوتن، داكو ب ڕێكا ئەڤان نیشانكاران واتایەكا ڕاست و دروست ژ ئاخڤتنكەری بگەهیتە گوهداری.

٢- نیشانكار ئێك ژ گرنگترین بوارێن پراگماتیكا زمانییە و ئەگەرەكێ سەرەكییە ژ بۆ بەرفرەهبوون و كێم مەزاختنا زمانی، یانژی ب شێوەیەكێ دی بێژین كو ئەڤ بوارێ پراگماتیكێ زمانی زەنگین دكەت، ئانكو ئاخڤتنكەر ب هاریكاریا ئەڤان نیشانكاران دشێت ئاخڤتنا خۆ ب شێوەیەكێ ڕێكوپێك و كێم مەزاختن دروست بكەت. كەواتە نیشانكار بوشاهیەكێ دئاخڤتنێدا تژی دكەن و ئالاڤەكێ سەرەكینە د ئابووریكرنا زمانیدا.

٣- هەروەسا نیشانكاران ڕۆلەكێ سەرەكی و گرنگ د هەمی ئاستێن شلۆڤەكرنا زمانیدا هەیە، هەر ژ ئاستێ دەنگی بگرە، هەتاكو دگەهیتە ڕستێ و دەقی،...هتد، هەلبەت ب ڕێكا ئەڤان نیشانكاران ئەم د تێگەهشتنا واتایێ و سروشتێ زمانی دگەهین.

٤- نیشانكار ژ ئەوان مەبەستێن پراگماتیكا زمانینە، ئەوێن ب شێوەیەكێ بەرفرەهـ و بەربەلاڤ د مالكێن حەیرانۆكێن كوردیدا ب هەمی جور و شێوێن خوڤە، هاتینە گوتن.

٥- د مالكێن حەیرانۆكا كوردیدا جورێن نیشانكاران ب شێوەیەكێ گشتی و نیشانكارێن كەسی ب تایبەتی، وەكو (جهناڤێ سەربەخۆ) زێدەتر تێدا هاتینە، ئەڤ چەندەژی ڤەدگەریت بۆ زالبونا دیالوگێ دحەیرانۆكاندا، چونكی ئەڤیندار ب شێوێ دیالوگێ بەندێن (پارچێن) حەیرانۆكێ دهاڤێژنە بەرئێك و دەربڕینێ ژ ئەڤینا خۆ دكەن. كەواتە نیشانكارێن كەسی (جهناڤێن سەربەخۆ) شەنگستێ سەرەكینە ژ بۆ ئاڤاكرنا مالكێن حەیرانۆكا كوردی.

٦- ڕاستە بابەتێ سەرەکییێ حەیرانۆکان ئەڤینداریيە، بەلێ ب ڕێکا نیشانکاران، ئەڤێ ئەڤینداریێ گەلەك دیاردە دناڤ جڤاکێ کوردیدا بەرچاڤ کرینە، کو بووینە ئەگەرێ دروستبوونا گلە و گازندە و نەخوشییان دناڤ خێزاناندا.

## لیستا ژێدەران:

**ب زمانێ کوردی:**


١. بادی، اسماعیل (٢٠٠١)، ژتورێ زار گوتنا کوردان – ڤەکولین ودەق، چاپخانا موکریانی، دهوك.

٢. جحفر، حجی ( ١٩٨٩ )، ژ کەلەپورێ کوردی، پشکا ئیکێ، چاپخانا: روشنبیر و لاوان..

٣. جحفر، حجی ( ٢٠٠٧)، ژکەلەپورێ کوردی، پشکا دووێ، چاپخانا هاوار، دهوك.

٤. جەمیل، مسعود (٢٠٠٩)، ڕۆخسارێ حەیرانۆکا کوردی" دەڤەرا بەهدینان" ، گوڤارا پەیڤ، ژ ٤٩، ئێکەتیا نڤێسەرێن کورد- دهوك.

٥. خیاط ، عبد العزیز(٢٠٠٢)، حەیرانۆك، چاپا ئێکێ، چاپخانا: وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٦. دزەیی: عبدالواحید موشیر (٢٠١١)، زانستی پراگماتیك، چاپخانەی پاك –هەولێر.

٧. زەرۆ، ئەحمەد عبدالله ( ١٩٨٧)، سترانا لیریکی (حەیرانۆك)، مطبعة الزمان، بغداد.

٨. عەلی، شێرزاد سەبری (٢٠١١)، واتا دناڤبەرا سیمانتیك و پراگماتیکی، چاپا ئێکێ، دەزگەهێ سپیرێز، دهوك..

٩. عەلی، شێرزاد سەبری (٢٠١٤)، پراگماتیك، چاپخانا حاجی هاشم-هەولێر.

١٠. فەرەج، هوگر محمود (٢٠٠٠)، پراگماتیك و واتای نیشانەکان، کولیژی زمانی زانکۆی سلێمانی، ناما دکتورایێ.

١١. قادر، رەمەزان حەجی (٢٠٠٦)، جهـ د رومانا کوردی یا دەڤەرا بەهدینان دا، چاپا ئێکی، چاپخانا هەوار، دهوك.

١٢. قاسم، هدی عبدالقادر (٢٠١٥)، سیمانتیك و پراگماتیکا ئیدیۆمان دزمانێ کوردیدا، ناما دکتورایێ، سکۆلا ئادابێ –فاکۆلتیا زانستێن مروڤایەتی، زانکۆیا دهوك .

١٣. مزوری، عبدالرحمن (١٩٨٤)، حەیرانوکێد کوردی و رومانسێد ئەسپانی، گوڤارا بەیان، ژ (١٠٠).

١٤. نبی، جوتیار اسماعیل (٢٠١٣)، (ناڤەروکا حەیرانۆکا کوردی) ڤەکولینەکا وەسفی – شلوڤەکار)ییە، ناما ماستەرێ ، زانکویا دهوك، سکولا ئادابێ، پشکا زمانێ کوردی.

١٥. ئامێدی، ڕێکیش (٢٠١٠)، حەیرانۆکێت کوردی، چاپا ئێکێ، چاپخانا خانی، دهوك.

ب زمانێ عەرەبی:

١٦. أحمد، عطية سليمان (٢٠١٤)، الاشهار القرآني والمعنى العرفانى في ضوء النثرية العرفانية المزج المفهومي والتداوليه لسورة يوسف نموذجا الأكادميه الحديثة للكتاب الجامعي، مصر، القاهرة، ط١.

١٧. بن واكته، صليحه (٢٠١٥-٢٠١٦)، الابعاد التداولية للاشاريات في سورة البقرة، رسالة ماجستير، جامعة محمد خيضر-بسكره، كلية الاداب واللغات-الجزائر.

١٨. ختام، جواد (٢٠١٦)، التداولية، أصولها و اتجاهاتها، دار كنوز المعرفة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ط١.

١٩. الزناد، الأزهر (١٩٩٣)، نسيج النص، بحث في ما يكون به الملفوض نص ا ، المركز الثقافي العربي، بيروت، لبنان، ط ١.

٢٠. لهويمل، باديس (٢٠١٤)، مظاهر التداولية، في مفتاح العلوم للسكاكي (ت ٦٢٦ هـ)، عالم الكتب الحديث، إربد، الأردن، ط١ .

٢١. ملحعين و بن عمار، الهام وفاء (٢٠١٦- ٢٠١٧)، المشيرات المقامية لنماذج من ديوان اللهب المقدس لمفدى زكريا، رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهيدي. ام البواقي –الجزائر.

٢٢. نحلة، محمود أحمد (٢٠٠٢)، آفاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، مصر، ).

## الخلاصة

## الإشارات التداولية اللغوية في الحيرانوک الكوردي:
## منطقة بادينان نموذجا

هذا الموضوع يعد بحثا في مستوى التداولية وتطبيق ذلك على أبيات الحيرانوك الكوردي. تعد الإشارات التداولية اللغوية واحدة من الأعمدة المهمة في مجال التداولية، لأنها تعطي أهمية كبيرة بتحليل الحديث اليومي ( الكلام اليومي المتداول )، بغية وصول هذا الكلام من المتكلم الى المتلقي بشكل أوضح. الإشارة المقصودة هي التداولية اللغوية، والمذكورة بشكل واسع ومنتشرة في أبيات الحيرانوك الكوردي بكل أشكالها وانواعها. لذلك فقد جاءت في أبيات الحيرانوك الكوردي أنواع الإشارات بشكل عام والأكثر الإشارات الشخصية على وجه الخصوص، مثل (الضمير المنفصل)، وهذا يعود الى هيمنة الحوار في الحيرانوك، لأن العاشق يقوم بتنظيم أبيات ( مقطوعات ) الحيرانوك بهيئة الحوار ويعبر بها عن حبه.



## Abstract

The paper is entitled "Deixis in Kurdish Folk Songs 'Hayranok: Taking Badini Area as an Example". It is a pragmatic investigation applied to Kurdish folk songs commonly known as 'Hayranok in Kurdish. Deixis are important pillars in language study and pragmatics because of their important role in helping understanding everyday speech; they make the speech clearer and more comprehensible from the speaker to the listener. Deixis is an area of pragmatics and is widely used in Hayranoksin their various types. Therefore, in Kurdish folk songs, types of deixis in general and personal deixis like pronouns, in particular are more widely used. This is related to the fact that the Hayranok songs are recited in the form of dialogue as the lovers in Hayranok, express their love for each other in the form of dialogue .

# چەمکی ژیان و مردن
# لە شیعرەکانی (گۆران) دا

**د. جەبار ئەحمەد حسێن**
بەشی کوردی- کۆلێژی زمان - زانکۆی سەلاحەددین
Jabbar.hussein@su.edu.krd

**١- پێشەکی:**

**١-١: ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:** دووانەی ژیان و مردن یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی نەک تەنیا شیعر و ئەدەب، بەڵکو زۆربەی بوارە مەعریفییەکانی وەک ئاین و فەلسەفە و دەروونزانی پێوەی سەرقاڵ بوون؛ (گۆران) یش لە روانگەی خۆیەوە ئەم بابەتەی لەناو شیعرەکانیدا خستۆتە روو.

**١-٢: گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:** گرنگی و هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە؛ لەلایەکەوە پەیوەندی بە گرنگیی بابەتی ژیان و مردنەوە هەیە و لە لایەکی تریشەوە ئەم بابەتە لەلایەن (گۆران) ەوە گرنگیی تایبەتی پێدراوە و لە شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە.

**١-٣: ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** ئامانجی لێکۆڵینەوەکە گەڕانە بەدوای واتاکانی ئەو دوو چەمکە لە ناو شیعرەکانی (گۆران)دا.

**١-٤: میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** لە لێکۆڵینەوەکەدا پەیڕەوی میتۆدی شیکاری کراوە.

**١-٥: پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکە لە سێ تەوەر پێکدێت:

تەوەری یەکەم: (چەمکی ژیان و مردن): چاوخشاندنێکە بە واتاکانی ژیان و مردن لە روانگەی ئاینی و فەلسەفی و دەروونزانییەوە.

تەوەری دووەم: (چەمکی ژیان لە شیعری گۆراندا): دەستنیشانکردنی لایەنەکانی ژیان و بنەما و پایەکانی ژیانێکی بەختەوەرە، کە لەناو شیعرەکانی گۆراندا ئاماژەیان بۆکراوە.

تەوەری سێیەم: (چەمکی مردن لە شیعری گۆراندا): لە ڕێگای شیکردنەوەی شیعرەکانییەوە، ڕوانگەی گۆران بۆ کارەساتی مردن و جۆرەکانی مردن و هۆکارەکانی مردن و بابەتی نەمری؛ خراوەتە ڕوو.

گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەش لە چەند خاڵێکدا کورتکراونەتەوە.

(**کلیلە وشەکان:** گۆران، ژیان، مردن، نەمری، گیان)

## ٢: تەوەری یەکەم: چەمکی ژیان و مردن

ئەم دوو چەمکە دووانەی یەکترین و ناکرێت باس لە یەکێکیان بکرێت بە جیا لەوی تریان، چونکە هەر یەکەیان واتا لەوی ترەوە وەردەگرێت، لەو بیروباوەڕە جیاوازانەی دواتر دەیانخەینە ڕوو هەست بە بوونی ئەم ڕاستییە دەکەین؛ زانای فسیۆلۆجی فەرەنسی (کلود بەرنارد) لەم وتەیەیدا ئەم ڕاستییە چڕ دەکاتەوە کە دەڵێت: (ژیان مردنە) (عبدالخالق، ١٩٨٧، ١٤)

چەمکی ژیان و مردن؛ یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی زۆربەی بوارە مەعریفییەکان وەک ئاین و فەلسەفە و دەروونزانی پێوەی سەرقاڵ بوون؛ لە بڕگەکانی خوارەوەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی لە هەر یەک لەو بوارانەدا هەندێک لەو واتایانە بخەینە ڕوو، کە ئەم دوو چەمکە دەیگەیەنن:

### ٢-١: لە ڕوانگەی ئەفسانەی کۆن و ئاینەوە:

لە زۆربەی ئەفسانە کۆنەکان و ئاینەکاندا، ئەو بڕوایە هەبووە کە مرۆڤ لە سەرەتای دروستبوونیەوە سیفەتی نەمری هەبووە، بەڵام دواتر هەڵەی کردووە و مردن و لەناوچوون بووەتە چارەنووسی؛ چیرۆکی ئادەم و حەوا لەناو ئاینەکاندا دیارترین نموونەی ئەم تێڕوانینەن. لە هەندێک ئەفسانەیشدا خواوەند نەمری وەک دیارییەک بۆ مرۆڤ ناردووە، بەڵام بە هۆی هەڵەیەکەوە نەگەیشتووەتە مرۆڤ.

لە کۆمەڵە سەرەتاییەکان و ئەفسانە و ئاینەکاندا بە شێوازی جۆراوجۆر، بیری نەمری سەری هەڵداوە، یەکێک لە جۆرەکانی نەمریی گیان بیری (تناسخ = دۆنادۆن)ە، بەو واتایەی کە (گیان لە دوای مردنی لەش دەمێنێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ لەشێکی تر و ژیانی خۆی لە ژیانی دووەمدا درێژە پێدەدات، لە دوای مردنی لەشی

دووەمیش، یان بۆ جیهانی گیانەکان دەگەڕێتەوە یان لە لەشی سێیەمدا جێنشین دەبێت. ئەم لەشی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و... جارێک لەوانەیە مرۆڤ بێت، جاریٚ ئاژەڵ، جاریٚ رووەک،هەندێک جاریش لەوانەیە بەرد بێت.) (شریعتی، ٩٧)

- لە روانگەی ئەفسانە و ئاینی بابلی و ئاشوورییەکان: (مردن کۆتاییەکی رەهای ژیان نییە، بەڵکو مردن واتای جیابوونەوەی لەش و گیانی گەیاندووە، یەکەمیان شیدەبێتەوە و دووەمیشیان لە جۆرێکی ژیان و بوونەوە بۆ جۆرێکی تر دەگۆڕێت و دادەبەزێتە جیهانی خوارەوە و بە ئەزەلی دەمێنێتەوە ) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ٢١ )

- میسرییە کۆنەکانیش بڕوایان وا بووە کە مرۆڤ دوای مردنی لە دنیایەکی تردا ژیانێکی شاد بەسەردەبات، بەڵام لەگەڵ ئەم بڕوایەشیاندا ژیانی ئەم جیهانەشیان فەرامۆش نەکردووە، پێیان وابووە (بەختەوەری دوای مردن بەستراوە بە پاراستنی لەشەوە و دەبێت بەبێ خەوش بپارێزرێت) (ناس، ١٣٥٤، ٤١)، هەر ئەم بڕوایەش وای لێکردوون مۆمیا دابهێنن و شارەزایی لێ پەیدا بکەن، کە بە یەکێک لە داهێنانەکانی میسرییە کۆنەکان دادەنرێت.

- (هیندۆسەکان) باوەڕیان بە بیری دۆنادۆن هەبووە، کە مردن گۆڕانی دۆخە و دەرکەوتنەوەی ژیانە بە شێوەیەکی نویٚ. (ناس، ١٣٥٤، ١٩٠)

- لە بیروباوەڕی (زەردەشتییەکان) یشدا (هەر مرۆڤێک چوار رۆژ دوای مردنی، ژیانێکی تر دەست پێدەکات) (ناس، ١٣٥٤، ٣١٨)، هەر کەسێکیش بەپێی پابەندبوونی بە بنەماکانی ئاینی زەردەشتییەوە پاداشت و سزای کردەوە و بیر و وتەی خۆی وەردەگرێت.

- لە ئاینی یەهوودی دا: باوەڕبوون بە ژیانێکی تر، لەلایان جێگیر نەبووە، چونکە ئەم بابەتە لەو کێشانەیە شاراوەن و باش نییە بیری لێبکرێتەوە. (شۆرۆن، ١٩٨٤، ٩٥) بەڵام باوەڕهێنان بە زیندووبوونەوە و ژیانی ئاینده (یەکێکە لە پایەکانی باوەڕ و ئینکارکردنی بە گوناهـ دادەنرێت) (امانی، ١٣٨٨)

- لە ئاینی مەسیحی دا: چارەسەری مەسیحی بۆ مردن جێگای چارەسەرەکانی تری پێش خۆی گرتۆتەوە، بە لای ئەمانەوە نەمری گیان بیری بتپەرستانە، بەڵام لای ئەمان بیری زیندووکردنەوەی جەستە و ژیانی نەمری لە جیهانێکی تر هاتە ئاراوە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە کاریگەری کەنیسەی مەسیحی ترس و تۆقاندنی خەڵک لە مردن گەیەنراوەتە لووتکە.

- لە ئاینی ئیسلامیشدا؛ خوا کە مرۆڤی خولقاندووە هەر لە سەرەتاوە نەمری پێبەخشیوە، واتە هەر کەسێک دێتە ئەم ژیانەوە بە نەمری دەمێنێتەوە، یان لە بەهەشت یان لە دۆزەخ. لەلای خوا ژیانی راستەقینە بۆ مرۆڤ لەم جیهانەدا نییە، بەڵکو لە ژیانی ئاخیرەتدایە، ژیانی ئەم جیهانە تەنیا ماڵێکە بۆ تاقیکردنەوەی مرۆڤ. (شعراوي، ١٩٩١، ٤٦-٤٧)

زانای ئیسلامی (شعراوي) لەسەرەتای کتێبی (ژیان و مردن) دا پێی وایە شیکردنەوەی ئەم بابەتە لە توانای عەقڵی مرۆڤدا نییە و ناچێتە ناو زانستی مرۆڤەوە، بە تایبەتی مردن کە شتێکی نادیارە، بۆ هەموو شتێکی نادیاریش دەبێت زانیاریمان تەنیا لە خواوە وەربگرین. (شعراوي، ١٩٩١، ٤)

بە گشتی بەلای هەموو ئاینەکانەوە؛ مردن چارەنووسی مرۆڤە، بەڵام کۆتایی بە مرۆڤایەتی ناهێنێت؛ هەموویان (بە کەمێک جیاوازییەوە) باسیان لە ژیانێکی تر و چەند شێوەیەکی نەمری کردووە. لە روانگەی هەر ئاینێکەوە؛ پابەندبوون بەو بنەمایانەی ئەو ئاینە دیاری کردووە، مەرجی بەردەوامی و نەمرییە لە ژیانی ئایندەدا.

**٢-٢: لە روانگەی فەلسەفییەوە:**

لەم برگەیەدا هەوڵدەدەین تیشکێک بخەینە سەر دیارترین واتاکانی چەمکی ژیان و مردن لە مێژووی فەلسەفەدا:

**- لای گریکەکان:**

بیری (دۆنادۆن) شێوەیەکە لە شێوەکانی نەمری، لەناو ئاین و فەلسەفەشدا بە شێوازی جۆراوجۆر خراوەتە روو. (فیساگۆرس) کە یەکێکە لە پێشەنگەکانی فەلسەفەی گریکی ئەو بۆچوونەی هەبووە کە (گیان لەناو لەشدا زیندانییە و لەکاتی مردن ئازاد دەبێت، پاش ماوەیەک پاک دەبێتەوە و دەچێتە ناو لەشێکی تر، ئەم پرۆسەیە چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە و جار بە جار پاکتر دەبێتەوە، تا دەگاتە قۆناغی کۆتایی کە یەکگرتنە لەگەڵ خوادا. ) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ٣٥ ) یەکگرتنەوە لەگەڵ

خوادا واتە بیری یەکیەتی بوون، کە دواتر لە تەسەوفی ئاینەکانیشدا سەری هەڵدا. (ئەنیکسماندەر)؛ کە ئەمیش لە یەکەم فەیلەسووفەکانی گریک بووە، بابەتی مردنی بەستۆتەوە بە بیری یەکیەتی بوون، کە (مرۆڤ بوونەوەرێکە هەر لە بنەڕەتەوە نەدەبووایە ببێت، لەبەرئەوە سزای بوونەکەی بە ئێش و ئازار و مردن دەداتەوە) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ٣٧)، مەبەستی ئەوەیە مرۆڤ و هەر بوونەوەرێکی تر یەک بوونیان هەیە و لە یەک شتەوە دروستبوون، کەواتە بوونی مرۆڤ واتە جیابوونەوەی بەشێک لە گشت، ئەمەش تاوانە و دەبێت باجی ئەم تاوانەی بدات، مردنیش قورسترین باجەکەیەتی.

(سوکرات): لە گفتوگۆی (بەرگری) کە ئەفلاتوون نووسیویەتی، بیروباوەڕی سوکرات لەبارەی ژیان و مردن خراوەتە روو، بەلای ئەمەوە کەس لەبارەی مردنەوە نازانێت چاکە یان خراپە ؟! هەروەها مردن لەو ژیانە بە باشتر دەزانێت، کە خراپە و نادادپەروەری تیایدا بڵاوبووبێتەوە؛ ئەم بڕوایەی بەم شێوەیە روون دەکاتەوە: (کەسێک کە دەمرێت؛ یان دەبێتە (نەبوو) و هیچ هەستێکی نامێنێت، ئەگەر بەم شێوەیە بێت دەستکەوتێکی سەرسوڕهێنەرە. یان وەک دەوترێت گەشتێکە لەم شوێنەوە بۆ شوێنێکی تر (هادیس)، کە هەموو مردووەکانی تێدایە، ئەمەشیان رزگاربوونە لەم نادادپەروەرییەی ئێرە و شادبوونەوەیە بە دادپەروەریی راستەقینەی ئەوێ، ئەگەر ئەمەش راست بێت، من لەلای خۆمەوە چەندین جار ئارەزووی مردن دەکەم ) (أفلاطون، ٢٠٠١، ١٣٥)؛ ئەوەی لە وتەکانی سوکرات تێبینی دەکەین؛ ئەوەیە کە هەرچەندە باسی نەمری دەکات، بەڵام بڕوای تەواوی پێ نییە و بە گومانەوە دەیخاتە روو.

(ئەفلاتوون): بە بڕوای ئەم مرۆڤ لە لەش و گیان پێکهاتووە، پێش لەدایکبوون گیان لە جیهانی نموونەیدا ئازاد بووە، پاشان بەهۆی هەڵەکردنەوە فڕێدراوەتە سەر زەوی و لەناو لەشدا زیندانی کراوە، بە مردن لەم زیندانە رزگاری دەبێت، لەبەرئەوە (ئەفلاتوون لەو باوەڕەدایە کە گیان نامرێ و بە مەرگی لەش نافەوتێ، بەڵکو هەر بە نەمری دەمێنێتەوە ) (عزیز، ٢٠٠٨، ١٥٢)

(ئەرستۆ): بیری دۆنادۆن رەتدەکاتەوە، پێی وایە گیان سەربەخۆ نییە لە جەستە تاوەکو لێی جیابێتەوە، (گیان بە جەستەوە بەستراوەتەوە، هەروەکو بینین بە چاوەوە ) (برهیە،١٩٨٢، ٢٩٥)، بە بۆچوونی ئەم مرۆڤ و زیندەوەرانی تر لە رووی مردنەوە وەکو یەکن، بەڵام جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوانیان دیاری کردووە، کە ئەویش بوونی عەقڵە لە مرۆڤدا و پێی وایە رەگەزێکی خوداییە لە مرۆڤدا و (نەمرە و لەناوناچێت) (برهیە،١٩٨٢، ٣٠٣)، کەواتە چەمکی نەمری لای ئەرستۆ (نەمری عەقڵ) ە، واتە مرۆڤ دەتوانێت لە رێگای بەکارهێنانی هێزی عەقڵەوە بە نەمری بمێنێتەوە.

(ئەپیقۆر): لەدوای ئەڕستۆیە و لە سەدەی دوو و یەکی پێش زایندا ژیاوە و بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی دواتر وەک رێبازی فەلسەفەی (ئەپیقۆری) لەلایەن چەند فەیلەسووفێکی تر پەیڕەوی کراوە و پەرەی پێدراوە. بۆچوونی ئەم لە بارەی ژیان و مردن بەم شێوەیە بووە؛ (ژیان دەشێت باش بێت، ئەگەر مرۆڤ فێر ببێت چۆن بژیەت و چۆن بمرێت.) (شۆرۆن، ١٩٨٤،٧٠) لەبارەی مردنیشەوە هەوڵی داوە چارەسەری ترسی مردن بکات، بەو بۆچوونەی کە مرۆڤ دەبێت گرنگی بە مردن نەدات، (چونکە تا لە بووندا بین ئەو بوونی نییە، کە مردنیش هات ئێمە بوونمان نییە، بەم شێوەیە دڵەڕاوکێ نە لای زیندوو و نە لای مردوو دروست ناکات) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ٧٠)، مەبەستی لەوەیە کە کەسێک دەمرێت هەستی نامێنێت تا هەست بە ئازار و ناخۆشی مردن بکات. ئەگەر ئەمە بە چارەسەریش دابنرێت، تەنیا ترسی دوای مردن کەم دەکاتەوە، بەڵام چارەسەری ترسی پێش مردن ناکات.

**- رواقییەکان (ستۆیسیزم):**

لە دوو رووەوە رووبەڕووی ترسی مردن بوونەتەوە (لە ئاستی دەروونیدا بە فەرامۆشکردنی، لە ئاستی میتافیزیکیش لە روانگەی یەکیەتی بوونەوە) (شۆرۆن، ١٩٨٤،٧٧)، واتە مرۆڤ لە رووی دەروونییەوە گرنگی بە مردن نەدات و پشتگوێی بخات، ئەگەر لە روانگەی (یەکیەتی بوون) یشەوە بیر بکاتەوە، دەگاتە ئەو بڕوایەی کە گیانی مرۆڤ بەشێکە لە گیانی یەزدانی و تەواو لەناوناچێت، بەمەش بیری نەمری لەلا دروست دەبێت.

(سینیکا)؛ کە سەر بەم ڕێبازەیە، لەبارەی نەمرییەوە دەڵێت: (مردن کۆتایی جەستەیە، بەڵام کۆتایی گیان نییە ) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ٨١) هەروەها دەڵێت: (بوونی سەر زەوی هیچ نییە، جگە لە ئامادەبوون بۆ بوونێکی تر، ئەو ڕۆژەی لێی دەتۆقیت و بە کۆتایی دادەنێیت، لە راستیدا لەدایکبوونتە بۆ ئەزەل) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ٨١) ئەگەر مرۆڤ بەم شێوەیە بیر بکاتەوە و هەمیشە نەمری لەبەرچاو بێت، هەست بە ئازادی دەکات و دیلی سەختی و ئازارەکانی ژیان نابێت.

(ئەبکتیتۆس ٦٠-١١٧ ز) یش سەر بە هەمان ڕێبازی فەلسەفی بووە، بەڵام بڕوای بە شێوازی فەرامۆشکردن نییە و لەجیاتی ئەوە (لەگەڵ هێمنی و ئارامی ناخدایە ) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ٨٣)، ئەم کارەیشی خستۆتە ئەستۆی فەلسەفە، کە مرۆڤ فێر بکات چۆن سروشتێکی هێمنی هەبێت و ترسی لە مردن نەبێت.

**- سەردەمی ڕێنیسانس:**

لەم سەردەمەدا کێشە لە نێوان دوو ئاراستەدا هەبوو: یەکەمیان ئاراستەی سەدەکانی ناوەڕاست بوو؛ کە کشانەوە بوو لەم ژیانە و خۆ ئامادەکرن بوو بۆ ژیانێکی تر. ئاراستەی دووەمیشیان گرنگیدانێکی زۆر بوو بەم جیهانە، چونکە مردن کۆتایی و لەناوچوونی تەواوەتی هەر کەسێکە، بنەمای بیرەکەشیان دەگەڕێتەوە بۆ کلتووری گریکی و ڕۆمانی کۆن، هەر بۆ نموونە (ئەڕستۆ) یش هەمان بۆچوونی هەبوو. تەنانەت بیرێکی وەکو ناکۆتایی ژیان و جۆرێک لە نەمری، کە لەلای هەندێک فەیلەسووفی ئەم سەردەمە هەبووە، وەک (جیورد ئەنۆ برۆنۆ) کە بە بۆچوونی ئەو (هیچ شتێک کۆتایی راستەقینەی نابێت، تەنانەت بچووکترین پارچەیش لە ڕواڵەتدا گۆڕانی بەسەردا دێت بەڵام لەناوناچێت ) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ١٢٣)، ئەمیش هەر لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی گریکی و ڕۆمانی کۆندا بووە، بە تایبەتی فەلسەفەکەی ئەفلاتوون.

(مۆنتانی)؛ یەکێکە لە دیارترین فەیلەسووفەکانی ئەم سەردەمە، لە بیرو بۆچوونەکانی ئەمەوە وەڵامێکی تر بۆ مردن سەری هەڵدا، کە جێگای وەڵامی مەسیحی گرتەوە. ئەمیش لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی رواقییەکاندا بوو بە تایبەتی

(سینیكا)، كە داوای دەكرد مرۆڤ بەردەوام بیر لە مردن بكاتەوە تاوەكو لەلای دەبێتە شتێكی ئاسایی، (چونكە شتی ئاسایی ترسناک نابێت ) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ١١٦)، هەر بە كاریگەری رواقییەكان؛ بە ئەركی فەلسەفەی دەزانی مرۆڤ فێر بكات چۆن هەمیشە بیر لە مردن بكاتەوە، بەڵام ئەم بیركردنەوەیە زیانی پێنەگەیەنێت؛ (ئەگەر فێر ببین چۆن بە هێمنی و بە شێوەیەكی راست بژیەین، ئاوهایش دەتوانین بە هەمان شێوە بمرین ) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ١١٩-١٢٠)، مۆنتانی داوای ئەوەی دەكرد دەبێت چێژ لە ژیان وەربگرین و بزانین چۆن بەكاری بهێنین، ئەم روانگە گەشبینییە بۆ ژیان بە روانگە و گیانی رێنیسانس دادەنرێت، وەک كاردانەوەیەک بوو دژی ئەو روانگە رەشبینییەی كەنیسە لە سەردەمی سەدەكانی ناوەڕاستدا بڵاوی كردبووەوە.

**- فەلسەفەی (سەدەی حەڤدە):**

(دیكارت)؛ بە بڕوای ئەم لەش و گیان ئاوێتەی یەكتری بوون و یەكەیەكیان پێكهێناوە، بەڵام هەریەكەیان سروشتی تایبەتی خۆی هەیە؛ (لەش بەپێی سروشی خۆی فرە پارچەیە و دابەش بووە، نەفس بە پێچەوانەوە یەک پارچە و دابەش نەبووە.) (دیكارت، ٢٠٠٥، ١٠٣)

بەلای ئەمەوە گیان لە پاش مردنی جەستەمان دەمێنێت، بەڵام باوەڕی ئەم لەسەر بنەمای باوەڕی ئاینی نەبووە، بەڵكو هەوڵیداوە بە هۆكارێكی سروشتی بیسەلمێنێت، بە بۆچوونی ئەم (گیان) نە لەناو دڵدایە و نە لەناو هەموو مێشكدایە، شوێنێكی لەناو مێشكی مرۆڤ دیاری كردووە و ناوی ناوە (رژێنی سنۆبەری، كە دەكەوێتە ناو چەقی مێشک ) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ١٣٣)؛ بە بۆچوونی دیكارت ئەم شوێنە شوێنی بەستنەوەی گیانە بە جەستەوە، كاتێكیش كە پێكهاتەی گشتی جەستە هەڵدەوەشێتەوە، ئیتر بە كەڵكی مانەوەی گیان نامێنێت و لێی دەكشێتەوە و مردن روودەدات.

(پاسكاڵ)؛ بەلای ئەمەوە بایەخی زانست و فەلسەفە لەوەدایە گرنگی بە مرۆڤ و كێشەكانی مرۆڤ بدات، بۆ نموونە تیۆرەكەی كۆپەرنیكۆسی پێ گرنگ نییە، لەجیاتی گەڕان بۆ دۆزینەوەی شتە دەرەكییەكان، ئەوە بۆ مرۆڤ گرنگە بزانین گیان

لەناو دەچێت یان نەمرە، لەم رووەوە دەڵێت: (زانستی شتە دەرەکییەکان لە کاتی کارەساتدا یارمەتیم نادات، هیچ شتێک لەم ژیانەدا لەوە باشتر نییە هیوات بە بوونی ژیانێکی تر هەبێت، مرۆڤ تا چەند لەم هیوایەوە نزیک بێت زیاتر بەختەوەر دەبێت.) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ١٣٦)

(سپینۆزا)؛ یەکێکی ترە لە فەیلەسووفە دیارەکانی سەدەی حەڤدە، لەبارەی رووبەڕووبوونەوەی ترسی مردنەوە، لەگەڵ تێڕامان لە ژیان و پشتگوێخستنی مردنە، ئەمەش بە بەکارهێنانێکی دروستی عەقڵ جێبەجێ دەبێت، (مرۆڤی ئازاد ئەو مرۆڤە حەکیمەیە، بە رێنمایی عەقڵ هەڵچوون و ترسەکانی دادەمرکێنێتەوە.) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ١٤٢). لەبارەی نەمریشەوە باوەڕی بە نەمری عەقڵی مرۆڤایەتی هەبووە.

(لایپینتز)؛ ئەمیش ئەو جۆرە نەمرییە دووپات دەکاتەوە، کە تەنەکان لەناوناچن و تەنیا گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەم شێوەیەش (هەموو شتێک لە گەردووندا بەرەو ناکۆتا دەڕوات) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ١٥٣)، لە دۆخێکەوە دەگۆڕێت بۆ دۆخێکی تر.

**- سەردەمی رۆشنگەری:**

لە هیچ قۆناغێکی مێژووی فەلسەفەدا یەک هەڵوێستی فەلسەفی جێگیر لەبارەی بابەتێکەوە نەبووە، بەڵام دەشێت هەڵوێستێک باوتر بووبێت، لەم ماوەیەشدا هەڵوێستی باو ئینکار کردنی نەمری گیان بووە. لەبەرئەوەی زۆربەی فەیلەسووفەکانی ئەم ماوەیە باوەڕیان بە ژیانێکی تر و نەمری نەبووە، هەروەک (دیڤید هیوم) پێی وایە (ترس و تۆقان لە مردن، بەڵگەی ئەوەیە مردن کۆتایی بە هەموو شتێک دێنێت ) (شۆرۆن،١٩٨٤، ١٥٩)، لەبەر ئەوە داوای ئەوەیان دەکرد (بەختەوەری لە ژیانی ئەم جیهانەدا بەدەست بهێنرێت، کە تاکە ژیانە بوونی هەبێت و تاکە ژیانیشە بایەخی هەبێت. بەڵام نەمری درۆیەکی دەستەڵاتداران و پیاوانی ئاینی کەنیسەی سەدەکانی ناوەڕاستە. ) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ١٥٧) فەیلەسووفەکانی ئەم سەردەمەیش بۆچوونی رواقییەکانیان دووبارە دەکردەوە، بەوەی کە مرۆڤ دەبێت مردن بکاتە شتێکی ئاسایی، بە هێمنی و خۆڕاگرییەوە رووبەڕووی مردن ببێتەوە، نەهێڵێت ژیانی لێ تێک بدات.

(کانت)؛ ئەگەرچی فەیلەسووفێکی دیاری ئەم سەردەمەیە، بەڵام بۆچوونی جیاواز بووە لەوان و بە شێوازی خۆی هەوڵی سەلماندنی نەمری داوە. بۆچوونێکی فەلسەفی هەبووە لەبارەی بوونەوە، کە پێی وابوو (مرۆڤ بوونەوەرێکە سەر بە دوو جیهانە؛ جیهانی رووکەش و جیهانێک لە خودی خۆیدا) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ١٧١)، مەبەستی ئەوەیە عەقڵی مرۆڤ توانای ئەوەی نییە بە تەواوی بچێتە ناو خودی شتەکانەوە، شتەکان وەک دیاردەیەک لە کات و شوێنێکی دیاریکراو بۆمان دەردەکەون، واتە عەقڵی مرۆڤ توانای ئەوەی نییە شتەکان وەک راستەقینەی خۆیان بناسێت؛ هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پێی وایە (ئەم نەبوونی توانایەی نەناسینی خودی شتەکان، بۆ نەمری گیانیش جێبەجێ دەبێت. ) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ١٦٨)

(هیگڵ)؛ بۆچوونی ئەم لەبارەی نەمرییەوە، بۆچوونێکی سۆفیزمی ئاینییە، پێی وایە (نەمری سیفەتێکی ئامادەیە لە گیاندا و رووداوێکی داهاتوو نییە) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ١٧٧)، واتە گیانی مرۆڤ بەشێکە لە یەکیەتی بوون و خودی خوا، لە مردندا ئەم یەکیەتییە ئاسایی دەبێتەوە، هەر ئەم مەبەستەیشی هەیە کە دەڵێت: (مردن ئاشتبوونەوەی گیانە لەگەڵ خۆی) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ١٧٧)

**- سەردەمی رۆمانسیزم:**

بیروباوەڕی رۆمانسییەکان لەگەڵ بیروباوەڕی سۆفیزمی مەسیحیدا تێکەڵ دەبێت، مردن بە لایانەوە گەڕانەوەی تاکە بۆ گشت، یان توانەوەی تاکە لەناو گشتدا. (نۆڤالیس)؛ دیارترین فەیلەسوفی رۆمانسییە، بە بۆچوونی ئەم مردن تەواوکەری ژیانە (ژیان سەرەتای مردنە، بوونی لەپێناوی ئەودایە، مردن لە یەک کاتدا کۆتاییە و سەرەتایشە)(شۆرۆن، ١٩٨٤، ١٨٤). رەشبینی یەکێکە لە دیارترین سیماکانی رۆمانسیزم، ئەم رەشبینی و بێزارییەیان لە ژیان، لای هەندێکیان گەیشتۆتە ئەو رادەیەی مردنیان پێ باشتر بووە لەو ژیانە دژوارە.

**- سەدەی نۆزدە:**

(شۆپنهاوەر)؛ بە فەیلەسووفێکی رەشبین ناسراوە، پێی وایە مرۆڤ بۆچی لە مردن بترسێت، لە کاتێکدا ژیان ئەوەندە ناخۆشە ؟! کەواتە شتێکی ئەوەندە بە نرخ

لەدەست نادات، تا دەستبەرداری ژیان نەبێت. لە لایەکی تریشەوە باوەڕی بە نەمری هەبووە، ئەمەش هۆکارێکی ترە بۆ نەترسان لە مردن، (مادده بەوەی کە لەناوناچێت، ئەوەمان بۆ مسۆگەر دەکات کە ئێمەیش لەناوناچین ) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ٢٠٣)، باوەڕی بە مانەوەی جۆر هەیە، هەر زیندەوەرێک وەک تاک نامێنێتەوە، بەڵام وەک جۆر دەمێنێت و لەناوناچێت، واتە تاک دەمرێت بەڵام گشت دەمێنێتەوە؛ کەواتە مرۆڤیش ئەگەر لەو روانگەیەوە بڕوانێتە مردن، کە ئەم بەشێکە لەم جیهانە، وەکو گشت دەمێنێتەوە.

(فویرباخ)؛ لەبارەی بوون و نەبوونی مردنەوە بۆچوونی وایە، کە مردن لەو کاتەی رووی نەداوە هەیە، بەڵام کە روودەدات بوونی نامێنێت، (مردن دەکاتە مردنی مردن، کاتێک کۆتایی بە ژیان دەهێنێت واتە کۆتایی بە خۆیشی دەهێنێت.) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ٢١٨)

لەبارەی ژیان و نەمریشەوە دەڵێت: (واتای ژیان لە ژیانێکی تەواوی چالاکی داهێنەرانە بەدەست دێت، کە رێگەمان پێدەدات ئەو تاکە نەمرییە بەدەست بهێنین لە پێشماندایە: کە لە یادگاری نەوەکانی داهاتوودا بژیەین ) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ٢٢٥) واتە مرۆڤ لە رێگای ژیانێکی راستەقینەوە، بیر و کردەوەی لە خزمەتی گشتدا بێت، لە یادەوەری گشتیدا دەمێنێتەوە، کە ئەمەش جۆرێک لە نەمری بۆ مسۆگەر دەکات.

(نیچە)؛ باوەڕی بە تیۆری (گەڕانەوەی هەتاهەتایی) هەبووە، کە هەموو بوونێک لەناوناچێت و تەنیا گۆڕان بەسەر دۆخەکەیدا دێت، ئەم تیۆرە پێش ئەمیش لە لایەن چەند فەیلەسووفێکەوە وەک (هیراکلیتس) و رواقییەکان باسکراوە؛ بەڵام نیچە لە رێگای لێکۆڵینەوە زانستییەکانەوە هەوڵی سەلماندنی داوە. لەم رووەوە دەڵێت: (هەموو شتێک تێدەپەڕێت و هەموو شتێکیش دەگەڕێتەوە، رەوڕەوەی بوون تاهەتایە دەسووڕێت.) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ٢٣١) بەم شێوەیە جیهان نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی.

**- ژیان و مردن لە فەلسەفەی مەتریالی دیالێکتیکی (سەدەی نۆزدە):**

(هیگڵ) و (مارکس) و (ئینگڵس)؛ دامەزرێنەرەکانی ئەم رێبازە فەلسەفییەن. لەم رێبازە فەلسەفییەدا؛ بەپێی یاساکانی جوولەی دیالێکتیکی، هەموو شتێک لە

گۆڕانێکی هەمیشەییدایە، کە پێیدەوترێت (پەرەسەندنی مێژوویی)؛ لەبەرئەوە لە روانگەی ئەم رێبازە فەلسەفییەدا (هیچ شتێک نەمر نییە، هەموو شتێک سەرەتا و قۆناغی پێگەیشتن و پیری هەیە و بە مردنیش کۆتایی دێت.) (پۆلیتزەر، ٢٠٠١، ١٤٦)

**- فەلسەفەی نوێ و هاوچەرخ (نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و سەدەی بیست):**

یەکێک لە سیما دیارەکانی فەلسەفەی ئەم سەردەمە، دژایەتیکردنی عەقڵانییەتی مەسیحییە، هەر لەم بنەمایەوە چارەنووسی ژیان بەلایانەوە لەناوچوونە.

فەلسەفەی بوونی (وجودی) یش دەکەوێتە ئەم ماوەیەوە، ترسی فەیلەسووفەکانیان بە دوو ئاڕاستەدا دەڕوات؛ ترس لە نەبوون، واتە مردن و نەمان و لەناوچوون، یان ترس لە بوون، واتە بوونی مرۆڤ خۆی لە خۆیدا بارگرانییەکە.

(یسپرز)؛ لە بارەی بەڵگەکانی باوەڕبوون بە نەمری دەڵێت: (هەموو ئەو بەڵگانە هەڵەن، ئەوەی بە کردار بتوانیت بەڵگەی بۆ بهێنیتەوە تەنیا (لەناوچوون) ە، گیان بە ئەندامەکانی جەستەوە بەستراوەتەوە، ئەزموونی خەوی بێ خەون بەڵگەیە بۆ نەبوون، راستییەکانی زانستی نەخۆشییەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە یادەوەری پشت بە مێشک دەبەستێت. ) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ٢٥٨).

(سارتەر) یش لە وەڵامی ئەو بۆچوونانەی کە پێیان وایە مردن واتا بە ژیان دەبەخشێت، دەڵێت: (هەرگیز مردن واتا بە ژیان نابەخشێت، بە پێچەوانەوە ژیان لە هەموو واتایەک بێبەری دەکات ) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ٢٧٦)

**لەدوای خستنە رووی دیارترین بیروبۆچوونی فەیلەسووفەکان لە بارەی ژیان و مردنەوە، ئەم سەرنجانە دەخەینە روو:**

١- روانگەی هەر فەیلەسووفێک بۆ ژیان و مردن، رەنگدانەوەی سەردەمەکەی و فەلسەفەکەی و هەندێک جاریش ژیانی تایبەتی خۆیەتی؛ هەر لەبەرئەوەشە وەڵامەکان گشتگیرنین و بۆ هەموو سەردەمێک ناگونجێن.

٢- چەند رێگایەک بۆ رووبەڕووبوونەوەی ترسی مردن خراوەتە روو: لە رووی ئایدیالییەوە بە خستنە رووی بیری نەمری. لە رووی دەروونیشەوە؛ بە تێڕامان و گرنگیدان و چێژوەرگرتن لە ژیان و پاراستنی هێمنی و ئارامیی ناخ و لە بەرامبەریشدا

فەرامۆشکردنی مردن؛ کە ئەمەش بە ئەرکی فەلسەفە دانراوە مرۆڤ فێر بکات: چۆن بژیەت و چۆن بمرێت.

٣- بیری نەمری بە چەند شێوەیەک باسکراوە: نەمری گیان، دۆنادۆن، گۆڕان لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، توانەوەی تاک لەناو گشتدا (بیری یەکیەتی بوون)، نەمری عەقڵ، نەمری جۆر، نەمری لە یادەوەری گشتیدا..

٤- نەمری بەو واتایەی هەندێک لە فەیلەسووفەکان دەریانبڕیوە، کە هیچ بوونێکی ماددیی تەواو لەناوناچێت، بەڵکو شیدەبێتەوە و لە دۆخێکەوە بەرەو دۆخێکی تر دەگۆڕێت، دەشێت بە بەڵگەی زانستی و لۆژیکی بسەلمێنرێت؛ بەڵام بەو واتایەی بە هەمان پێکهاتە و کیانی خۆی بمێنێت یان دروستبێتەوە، لۆژیک و زانست نایسەلمێنن.

٥- بەپێی بیرکردنەوەی لۆجیکی و بە وردبوونەوە لە دیاردە سروشتییەکان، دەگەینە ئەو ئەنجامەی مردن یاسایەکی گشتیی بوونە و مرۆڤیش بەدەر نییە لەم یاسایە.

**٢-٣: لە روانگەی (دەروونزانی) یەوە:**

زانایانی دەروونزانی تێبینی ئەوەیان کردووە، کە دڵەڕاوکێی مرۆڤ بەپێی قۆناغەکانی ژیانی دوو شێوەیان هەیە: ترس لە ژیان و ترس لە مردن. (فرۆید) کە دامەزرێنەری تیۆری سایکۆلۆجی غەریزەیە؛ غەریزەکانی مرۆڤی بەم شێوەیە پۆلین کردووە: (غەریزەی ژیان Eros و غەریزەی مردن Thanatos، ئامانجی یەکەمیان دانانی شتەکانە لەپاڵ یەکتری، ئامانجی دووەمیشیان بە پێچەوانەوەیە؛ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییەکان و پاشان رووخاندنی شتەکانە. ) (مبروک، ٢٠١١، ١٣٧-١٣٨) پاڵنەری (من) و پاڵنەری (سێکسی) پەیوەندییان بە غەریزەی ژیانەوە هەیە، ئامانجی یەکەمیان پاراستنی تاکە و ئامانجی دووەمیشیان پاراستنی جۆرە. (پاڵنەری غەریزەییش دەبێتە هۆی نزمکردنەوەی یان نەهێشتنی دڵەڕاوکێ، کە ئەمەش هەستی چێژوەرگرتنی لێوە بەرهەم دێت) (مبروک، ٢٠١١، ١٣٧)

(ئیریک فرۆم)؛ یەکێکە لە قوتابییەکانی فرۆید، لەسەر ڕێچکەی مامۆستاکەی بەم شێوەیە جیاوازی لەنێوان ئارەزووی مرۆڤ بۆ ژیان و مردن دەکات: (ئارەزووی بەرەو ژیان ئارەزوویەکی پۆزەتیڤ و بەرهەمدار و بنیاتنەرە؛ بەڵام ئارەزووی بەرەو مردن ئارەزوویەکی نێگەتیڤ و تێکدەر و ڕووخێنەرە ) (إبراهیم،١٩٧١، ١٦٨)؛ بەم شێوەیە ئارەزووی ژیان هەموو واتا جوان و بەرز و باشەکان دەگرێتەوە، لە بەرامبەریشدا ئارەزووی مردن هەموو واتا ناشرین و نزم و خراپەکانی تێدا کۆدەبێتەوە.

فرۆید ڕوانینێکی ڕەشبینانەی هەبووە، لەوەدا کە غەریزەی مردن و غەریزەی ژیانی بە دژی یەکتر داناوە و لە کۆتاییشدا غەریزەی مردن سەردەکەوێت؛ بەڵام (نۆرمان براون ) بە پێچەوانەی ئەوەوە پێی وایە (بە بێ ژیان مردن نییە و بە بێ مردنیش ژیان نابێت، سەلماندنی هەریەکەیان سەلماندنی ئەوی تریانە ) (کارس، ١٩٩٨، ١٢٨)

(فرۆید) ڕوانینی بۆ مردن لەسەر بنەمای میتۆدی شیکاریی دەروونی بنیاتناوە و بەستوویەتییەوە بە هەڵوێستی ناهۆشەکییەوە؛ کە بەم شێوەیە ڕوونی دەکاتەوە: (مرۆڤی چەرخەکانی پێش مێژوو بەبێ گۆڕان هێشتا لە ناهۆشەکیماندا دەژیەت، لەبەر ئەم هۆیە ناهۆشەکیمان باوەڕ بە مردنی خۆی ناکات، بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکات وەک ئەوەی نەمر بێت ) (فرۆید،١٩٩٢، ٣٦)؛ کە مەبەستی لە بیروڕای مرۆڤی سەردەمەکانی پێشووە لەبارەی مردن و نەمرییەوە. لەسەر بنەمای شیکردنەوەکەی فرۆید؛ بەردەوامی ژیان دوای مردن پەیوەندی بە (من Ego) وە هەیە، کە دەیەوێت بە هەموو ئارەزووەکانییەوە بەردەوام بێت، واتە بوونی گشتی و گەردوونی دەخاتە ژێر ویستی (من) یان تاکەوە، بەڵام (ئەگەر دەرک بە گشتی بوونی خود بکەین، لە هەمان کاتدا دەرک بە تاکییەتی و جیهانی بوونی خۆمان دەکەین، لەو کاتەیشدا ژیان و مردن دەبنە یەک وتە. ) (الیازجي، ٢٠٠٨ )

## ٣: تەوەری دووەم: چەمکی ژیان لە شیعری گۆراندا:

چەمکی ژیان بە واتا فەلسەفییەکەی (ئەو بنەمایەیە کە وادەکات بوونەوەرێک خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی دیاریکراو بێت؛ دیارترینیان هەست و جووڵە و زیادی و کەمییە) (بدوي، ١٩٩٦، ١٦٥)؛ لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین دیارترین واتاکانی ژیان لە ناو شیعرەکانی گۆراندا بخەینە ڕوو. بۆ ئەم مەبەستە باسی ئەو

هۆکارانە (یان ئەو سەرچاوانە) دەکەین (گۆران) لەناو شیعرەکانیدا ئاماژەی پێکردوون، کە دەبنە هۆی بەختەوەری و ئارامی (یان بەدبەختی و نا ئارامی) ی مرۆڤ.

پێش هەر شتێک؛ گۆران بەختەوەری ژیان لە رابواردنی کاتیدا نابینێت؛ لە شیعری (جیلوەی شانۆ) (گۆران،١٩٨٠، ١١٠) دا؛ ئاماژە بۆ رابواردنی کاتی دەکات؛ سەما بەهرەیەکی خواییە و پڕ بە پێستی ئافرەتە، لە رێگای ئەم سەمایەوە دەروونی بینەرەکە شاد دەبێت، بەڵام ئەم شادییە کاتییە و تەمەنی کورتە، تەنیا وەکو یادگارییەکی بێ هیوا دەمێنێتەوە و هیچ چێژێک نابەخشێت.

لە (شەوێک لە عەبدوڵلا) (گۆران،١٩٨٠، ٥٣) دا وەسفێکی جوانی هۆڵێکی شەوانەی دانس و مۆسیقا و سەما و کچی جوان دەکات، هەرچەندە بە بەهەشتی دەچوێنێت، بەڵام خۆی بە نامۆیەکی ئەم جۆرە کەشە دادەنێت، چونکە پێی رانەهاتووە.

ئەو هۆکارانەی گۆران لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بۆ کردوون؛ هەندێکیان تاکەکەسین و هەندێکیان گشتین. ژینگەی گشتی کاریگەری لەسەر تاک هەیە، بە پێچەوانەشەوە تاکیش دەتوانێت رۆڵی کاریگەری هەبێت لە بەرەو پێش بردنی ژیانی کۆمەڵدا؛ لەبەرئەوە ئەو خاڵانەی لە خوارەوە دەستنیشانیان دەکەین، هەموویان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و سیماکانی ژیان پیشان دەدەن:

### ٣-١: شارستانی و کۆمەڵی پێشکەوتوو:

شیعری (مەدەنیەت) (گۆران،١٩٨٠، ٧١)؛ هۆی سەختیی ژیانی کۆمەڵی کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ دەردی نەزانی و دواکەوتوویی، تاکە چارەسەریش پێشکەوتن و ژیانی شارستانییە، لەم رێگایەوە هیواکانی بەدی دێن و ژیانی دەبێتە بەهەشتی راستەقینە.

نەبوونی ژیانی شارستانی و عەقڵی دواکەوتوو و نەزانی وا دەکات؛ رەگەزی ئافرەت لەناو کۆمەڵی وادا دوو جار بچەوسێتەوە؛ شیعری (حوزنی پەچە) (گۆران،١٩٨٠، ١٩) گوزارشتە لە خەمی ئافرەت لە نەبوونی سەربەستی، بە هۆی نەزانی و عەقڵی

توندڕەویی پیاوەوە. ئەو ئافرەتەی لە روانگەی (گۆران)ەوە جوانییەکەی لە سەرووی جوانی سروشتەوەیە، بەڵام کە جوانییەکەی شاردرابێتەوە؛ هەر وەکو گوڵێکی ئاوریشمی ناو گیرفان و گەوهەری ناو گڵ، بوون و نەبوونی وەکو یەک وایە.

لە شیعری (کوردستان) (گۆران،١٩٨٠، ١٨٩) دا؛ پاش وەسفی سروشتی جوانی کوردستان، باسی دووری کوردستان دەکات لە ژیانی شارستانی، کە بەرهەمی مرۆڤە، بەڵام خاوەنی جوانییەکی تایبەتییە کە (جوانی کوردستانی) یە و بەرهەمی یەزدانە. گۆران ئاواتی ئەوە دەخوازێت هەردوو جوانییەکە (سروشتی و شارستانی) پێکەوە لە کوردستاندا کۆببنەوە، ئەو کاتە کوردستان دەبێتە بەهەشت.

- کەواتە کۆڵەگەکانی ژیانێکی شایستە لە کۆمەڵێکی شارستانیدا چین ؟

لە شیعری (لە بەندینخانەوە) باسی وڵاتێک دەکات، سیستم هەبێت و مرۆڤ تیایدا ئازاد بێت، مرۆڤی ژیر و دڵسۆز ببێتە دەستەڵاتدار و سەرپەرشتیاری خەڵک. هەر مرۆڤێک بەپێی ئەو توانا و بەهرەیەی هەیەتی شوێن و کاری گونجاوی بۆ دابنرێت، بە کارکردن نان و بەرگ و ژیانی شایستەی خۆی دابین بکات، هەر تاکێک لە کۆمەڵێکی ئاوهادا بژیەت ناچار نابێت پەنا بۆ دزی و تاوان ببات؛ هەر وەک (ئەبکتیتۆس) ی فەیلەسووفی رواقی دەڵێت: (هیچ شتێک لەم جیهانەدا لە خودی خۆیدا خراپ نییە، چیت دەوێت بمدەرێ و دەیگۆڕم بۆ شتێکی باش) (شۆرۆن، ١٩٨٤، ٨٢)

لە وڵاتێکدا ئازاری ژیان هەبێت، نە جوانی تێدا دەمێنێت، نە مرۆڤەکانیش هەست بە جوانییەکانی ژیان و سروشت دەکەن: (لەم وڵاتەی کە رووی خاکی گوڵ گوڵیی داغە / برینی جەرگ لە باغچە یا لە جێی گوڵباغە) (گۆران،١٩٨٠، ٢١٩). هەرچەندە مرۆڤ بە جەستە بژیەت، بەڵام ئەگەر گیانی شاد و ئازاد نەبێت وەکو مردوویەکی ناو گۆڕە: (لەگەڵ ئەوەی گیانم تیایە بە هەناسە و نەبز/ ئەڵێی مردووم خزاومەتە ژێر ئەلحەدی قەبز) (گۆران،١٩٨٠، ٢١٩)، واتە ژیانی راستەقینە ئەوەیە مرۆڤ گیان و دەروونی شاد و ئازاد بێت.

**٣-٢: ئاشتی:** خاڵێکی تری گرنگ کە لە چەند شیعرێکدا باسی کردووە، هەڵوێستی ئاشتیخوازی و دژە شەڕە، وەک لە شیعری (تیر و کەوان) (گۆران،١٩٨٠، ٣٢٧) دا باسی جیهانێکی بێ چەک دەکات، کە تیایدا ئارامی و کار و نان و ژیانی ئاسوودە و جوانی دەستەبەر دەبێت.

**٣-٣: کار:** (بەری بەیانە) (گۆران،١٩٨٠، ٤٠٢)؛ ئەم شیعرە هاندانی لاوی کوردە بۆ کار و فرمان، لە پێناوی ژیانێکی ئاسوودە و بەدیهاتنی هیواکانی کورد. هەر لە سەرەتای شارستانیەتەوە لەناو ئەفسانە و ئاینەکانیشدا کارکردن بە پیرۆز دانراوە، بۆ نموونە لە ئاینی زەردەشتیدا بەم شێوەیە باسی لێوەکراوە: (کار خوێی ژیانە، ژیان بە بێ کار بێسوود و بێ هوودەیە، ئاینی ئێمە پێمان دەڵێ کار مەبەست و ئامانجی ژیانە) (حەسەن، ٢٠٠٢، ٩٢)

**٣-٤: پێویستییە سەرەکی و سەرەتاییەکانی مرۆڤ:**

لە شیعری (بۆ بولبول) دا؛ لە ڕێگای دروستکردنی کۆمەڵێک وێنەی شیعرییەوە، ژیانی خۆی و ژیانی بولبول، شیعری خۆی و ئاوازی بولبول بەراورد دەکات، بۆ هەر وێنەیەکی بولبول و ژیانی بولبول و ئاوازی بولبول، لە بەرامبەریدا وێنەیەکی دژ و پێچەوانەی بۆ خۆی و ژیانی خۆی و شیعری خۆی کێشاوە: شیعری خۆی وەکو شەو رەش و تاریکە، ئاوازی بولبول وەکو رۆژ سپی و رووناکە، شیعری خۆی گوزارشتە لە خەم و گریان و هەناسە ساردی و یادەوەریی تاڵ و خەیاڵی ناکام و تاسە و هیوای پێنەگەیشتوو. شیعری خۆی تاڵ و لاڵ و نووزەی گریانە، ئاوازی بولبول وەک ئاوی کانی روون و شیرینە زمانێکی پاراو و ئاوازی شادییە.

سەرچاوەی شادی بولبول دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو بەخششەی خوا لە ژیاندا پێی بەخشیوە بە تایبەتی سەربەستی. لێرەدا گۆران تەحەدای بولبول دەکات؛ ئەگەر خوا تەنها تۆزێکی لەو بەخششەی بەمیش بدایە،هونەرەکەی لە هونەری ئەو بەرزتر و پەسەندتر دەبوو. کەواتە گۆران هۆکار و سەرچاوەی هونەری بەرز و روون و جوان و کاریگەر و پەسەند دەگەڕێنێتەوە بۆ ژیانێکی شاد و شایستە؛ ئەمەش بە دەروونی شاد و ئازادی و دووری لە سەختییەکانی ژیانی شار و گەڕانەوە بۆ ژیانی سادەی سروشت دەستەبەر دەبێت.

لە چەند دێڕێکدا بە وردی پێویستیە سەرەکی و سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەستنیشان دەکات وەک (خۆراک و بەرگ)، دابینکردنیان نەبێتە ماڵ لەسەر مرۆڤ و باجی قورسی رەوشتی و دەروونییان بۆ نەدات، وەکو ئابڕووچوون و خەم و خەفەت: (خواردنم جل و بەرگم / بە ئابڕووم خوێنی جەرگم / نەبێتە ماڵ لەسەرم / بێ منەت بێ و بێ شەرم ) (گۆران،١٩٨٠، ١٠٦)، ئەگەر مرۆڤ بتوانێت پێویستیەکانی ژیانی خۆی و خێزانی بە بێ منەت بەدەست بهێنێت، بێگومان بە شادی دەژیەت.

**٣-٥: عەقڵ و سۆز هۆکاری نائارامین:**

لە شیعری (بۆ بولبول) (گۆران،١٩٨٠، ١٠٣) دا، هۆکاری راستەقینەی بێ ئارامی و تاڵبوونی ژیان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو (عەقڵ و سۆز) ەی خوا بە مرۆڤی بەخشیوە و بوونەتە مایەی دەردیسەری و ئێشوئازار و بەدبەختیی مرۆڤ. ئەم بیرکردنەوە و هەست و سۆزەی مرۆڤی بە کۆمەڵێک پرسیار خستۆتە روو؛ وەک: (بۆ دێینە ژیان؟ بۆچی دەمرین؟ ئەی پاش مردن چیمان لێدێت؟ چ شتێک راستە و چی درۆیە؟ چ شتێک ئەنجامە و کامە هۆیە؟ هۆکاری گریان چییە؟... )؛ هەر ئەم جۆرە گومان و پرسیارانەیە گیانی مرۆڤ ماندوو دەکەن.

ئەگەرچی مرۆڤ بە هۆی عەقڵەوە ئەم پرسیارانە دەورووژێنێت، بەڵام لە توانای عەقڵیشیدا نییە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، تاوەکو گومانەکانی نەمێنن و گیانی ئاسوودە ببێت. هەر لەبەر ئەوەیە مرۆڤ سەرلێشێواوە و هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدایە و نازانێت چۆن بە بەختەوەری بژیەت؛ بەڵام هەموو مرۆڤێک لەم دڵەڕاوکێیەدا ناژیەت (ژیانی تێڕامان و بیرکردنەوە پەیوەستە بە واتاکانی دڵەڕاوکێ و داڕزان و تەنگانە، لەکاتێکدا دەبینین ژیانی مرۆڤە سادەکان سروشتێکی خۆڕسکانە و ساکارییەکی زگماکانەیان هەیە و بە بەختەوەری و ئارامی دەژیەن ) (شكشك، ٢٠٠٩، ١٣٩).

**٣-٦: گەشبینی و هیوا:**

شیعری (شەوێکی بەهار)؛ لە واتای رووکەشیدا وەسفی شەوێکی بەهارە، کە تیایدا بارانی بەخوڕ و تەرزەیەکی توند دەبارێت، پاشان کەشەکە ئاسایی دەبێتەوە.

تەریب لەگەڵ ئەم وەسفەدا، وەسفی دەروونی خۆیشی دەکات، کە ئەمەیان مەبەستی شیعرەکەیە.

لە ڕێگای چەند وشە و دەستەواژەیەکەوە کە کۆدەکانی دەقەکەن، دەتوانین واتای ژێرەوەی شیعرەکە بەم شێوەیە لێکبدەینەوە:

(تاریکە شەو)؛ ڕاستییەکان لەناو نهێنی نادیاردا ون بوون، گەردوون و بوونەوەرەکانیش لەو نهێنییانە بێ ئاگان، تەنیا ئەو مرۆڤە بە ئاگایە کە لەناو بیرکردنەوە و خەیاڵدا دەژیەت. خەمەکان وەک تاریکی شەو وان و ناهێڵن ڕاستییەکان ئاشکرا ببن. بێدەنگیش هەر وەک تاریکی شەو وایە سەرەتا و کۆتایی نییە. (برووسکە)؛ ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی هیوا و دروستبوونی ڕووناکی و سەرەتای دۆزینەوەی ڕاستییەکان. (هەورە گرمە)؛ دەنگی بەرزی ڕاستییە (حەقیقەت). (بارانی نم نم)؛ گریانێکی لەسەرخۆیە بۆ دەربڕینی هەستێکی ناسک، بەڵام (بارانی بەخوڕ)؛ ئاسۆی ڕووناکی هیوا تاریک دەکات.

لەو دێڕانەی وەسفی بارانی بەخوڕ و بارینی تەرزە بە بای توندەوە دەکات، وەسفی هەڵچوونێکی دەروونی و گیانێکی پڕ ئازار دەکات؛ بەڵام لە دێڕەکانی دواتر کە سروشت ئارام دەبێتەوە و دەبێتە سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی جوانی و ڕووناکی سروشت، ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی ڕاستی نهێنییەکانی بوون و گەردوون و ژیان.

بە کورتی پەیامی ناو دەقەکە ئەوەیە؛ گەشبینی و هیوا بەرەو دۆزینەوەی ڕاستیی نهێنییەکانی بوونمان دەبات، مرۆڤی هوشیار و هەستیار هەر زوو وێڵی دۆزینەوەی نهێنییەکانی بوون و ژیان و جوانی دەبێت: (هێشتا شەوی زۆر مابوو کە من کەوتمە سەحرا / وەک شێت بەڵام شێتی شیعر شێتی جوانی) (گۆران،١٩٨٠، ١٧٢)

(سەوزە گیای پایز) (گۆران،١٩٨٠، ١٦٧)؛ بابەتی ئەم شیعرەیش لەسەر هیوا و گەشبینییە لە ژیاندا؛ کە بەم شێوەیە بیری شیعرەکەی دەربڕیوە:

لەتیف هەڵمەت، یەکێکە لە شاعیرە هاوچەرخەکانی نێو ئەدەبیاتی کوردی، کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە هێنانە کایەوەی قۆناغێکی نوێی شیعری کوردی، ئەم شاعیرە چەندین تەکنیك و شێوازی جیاوازی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، چ لە ڕووی زمانەوە یان لە ڕووی هزرەوە یان لەڕووی کێش و سەرواوە یان لەڕووی جوانکارییەوە، یەکێك لەو لایەنانەی کە شاعیر گرنگی پێداوە و لە شیعرەکانیدا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، بەکارهێنان و ڕەنگدانەوەی فۆلکلۆر بەگشتی و ئەفسانە بەتایبەتی لە شیعرەکانیدا، ئێمە لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەماندا توانا و بەهرەی شاعیر لە چۆنیەتی سوود وەرگرتن و ئاوێتەکردنی ڕەگەزەکانی ئەفسانە لە شیعرەکانیدا دەستنیشان دەکەین و شیکردنەوەی بۆ دەکەین، کە شاعیر سوودی لە زۆر بەرهەم و لایەنی ئەفسانەیی وەرگرتووە، کە ئەمەش توانا و بەهرەی شاعیر نیشان دەدات لە سوود وەرگرتن لە بەرهەمە ئەفسانەییەکانی نەتەوەکەی خۆی و ئەفسانە جیهانییەکان.

**2-1-1 کەسایەتی ئەفسانەیی:**

**أ- خدری زیندە:**

یەکێکی تر لەو کەسایەتییە ئەفسانەییانەی کە لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا ڕەنگی داوەتەوە (خدری زیندە)یە، ئەمە بەشێوەی جیاواز جیاواز باسکراوە، کە هەندێك بە پێغەمبەر و هەندێك بە پیاوچاك و هەندێکی تر بە فریشتە ناوی دەبەن، (د. مەولود ئیبراهیم) بەم شێوەیە وەسفی دەکات کە ((زۆری لەسەر شێوەی پیرەمێردی ڕیش سپی و نوورانی خۆی بەخەڵك نیشان دەدات، خێرخواز و چاکەکار و ڕێپیشاندەری عاشق و پاڵەوانانە و لە هانای لێقەوماوان دێ، جاری واش هەیە لە شێوەی بەستەزمان و تەیر و توار خۆی دەنوێنێ و یارمەتی خەڵك دەدا))(حسن (ب)،٢٠٢٠، ٤٧) کە ئەمەش هەمیشە وەکو کەسایەتییەکی چاکەکار و یارمەتیدەر دەرکەوتووە و بەهانای خەڵکەوە چووە.

لەتیف هەڵمەتی شاعیریش سوودی لەمە وەرگرتووە بۆ نموونە لە شیعری (ئەو ڕۆژەی کە هالی ئەکێشێ) دا دەڵێ:

هەتاکو کەی چاوەڕێن کات لەدوای کات
خدری زندە یاریمان دەدات
سەدە و چەرخی.. موعجیزات
بڕایەوە.. بڕایەوە.. کۆتایی نەهات (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ٧٧)

لێرەدا شاعیر وەسفی خدری زیندە دەکات، کە وەك ڕەخنەیەك لە خەڵك بەوەی پێیان دەڵێت ئێوە تاکەی چاوەڕێی خدری زیندە دەکەن ڕزگارتان بکات، خۆتان هەوڵبدەن و کارێك بکەن، شاعیر وێنەی خدری زیندەی بەکارهێناوە کە لە چیرۆکە ئەفسانەییە کوردییەکاندا هەمیشە لەشێوەی مرۆڤێکی پیری بەتەمەنی ڕیش سپی دەست نەرمدا دەردەکەوێت، کە ڕەمزێکە بۆ نەمری و هێزی چاکە و یارمەتیدانی هەژاران بەتایبەتی ڕێبوارەکان.

### ب- گلگامێش و ئەنکیدۆ:

یەکێکی ترن لەو دوو کەسایەتییە ئەفسانەییانەی کە لەنێو بەرهەمی شاعیراندا زۆرجار بەکاردەهێندرێن، ئەم دوو کەسایەتییە هەمیشە وەك دوو هاوڕێ لە نێو ئەفسانە و داستان و بەرهەمە ئەدەبییەکان ناویان دەهێنرێت، هەر وەکو لە وەسفی ئەم دووانەدا هاتووە (( گلگامێش پاشای شاری وەرکایە و پاشایەکی ستەمکارو خوێنڕێژە، سێ بەشی جەستەی خوداوەندە و بەشێکی جەستەشی مرۆڤە و یەکجار بەهێز و بەتوانایە و خەڵکی لەبەر زوڵم و زۆرداریەکەی پەنا دەبەنە بەر خوداوەندان بۆ ئەوەی تۆڵە لە گلگامێش بکەنەوە و خوداوەندانیش (ئەنکیدۆ) ی بۆ دەنێرن، کە پیاوێکی بەهێز و کێوییە و لەگەڵ ئاژەڵ و دڕندەکان نان و ئاو دەخوات و دەخواتەوە، دوای ماوەیەك ئەم دووە پێکەوە دەبنە هاوڕێ و گلگامێش سیفاتی دەگۆڕێت و دەبێتە کەسێکی چاکەکارو لە پاشان دەستدەکەن بە چەند گەشتێکی ترسناك و بڕیاردەدەن، کە بچن بۆ کوشتنی (خەمبابا، یا هەمبابا) ی پاسەوانی دارستانی پیرۆز و دەچن دەیکوژن)(حوسێن ، مەولود، ٢٠١٨، ٢٣٦) واتە ئەم دووانە سەرەتا دوژمنی یەکتربوونە و بەدوای کوشتنی یەکتر گەڕاون، دواتر بوونەتە هاوڕێی یەکتر و بەدوای کوشتنی یەکێکی تر بەناوی (خەمبابا) گەڕاون و دەیکوژن. شاعیر لە شیعرەکانی سوودی لەم بەسەرهاتە ئەفسانەییە وەرگرتووە و تێکهەڵکێشی شیعرەکانی کردووە، هەروەکو شاعیر لە شیعری (کۆمیدیای تراژیدیای دەنگ و گیرفان) دا دەڵێ:

گلگامێش و ئەنکیدۆ درۆیان کرد
خەمبابایان نەکوشتووە
ئەی ئەوە نییە خەمبابا
لە هەموو شەقامەکانی سەدەکاندا
بە پێوە میز دەکات ! (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٠٥٢)

لەم شیعرەی سەرەوە ئەگەر سەیر بکەین دەبینین کە شاعیر باس لە هەردوو کەسایەتی (گلگامێش و ئەنکیدۆ) دەکات کە وەکو دوو هاوڕێ بەشداربوونە لە کوشتنی خومبابا، کە شاعیر ئاماژە بەوە دەکات کە خومبابا نەکوژراوە، لێرەدا وەکو ڕەمزێك ناوی خومبابای بەکارهێناوە، کە مەبەستی خراپەکاران و دەسەڵاتدارانە.

**پ- سیزیف:**

یەکێکی تر لەو کەسایەتییە ئەفسانەییانەی کە لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا ڕەنگی داوەتەوە، (سیزیف)ە، کە ((یەکێکە لەو ئەفسانانەی کە زۆر بە فراوانی لەلایەن شاعیرانی هاوچەرخەوە بەکارهێنراوە))(حەمەد، ٢٠١٢، ٢١٩)، لەتیف هەڵمەتی شاعیر لە شیعری (کۆتر و هەڵامەت) دا دەڵێ:

سیزیف
تاشە بەردەکەی تووڕداوە
خەمێکی داوە بەکۆڵیدا
لەوانەیە عاشق بووبێ! (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ١١١٥)

لێرەدا دەبینین کە شاعیر سیزیفی وەکو ڕەمزێك بۆ هەوڵدان، بەوەی کە سیزیف وەکو سزایەك هەمیشە بەردەکەی لە خوارەوەی چیایەکە دەبردە سەرەوەی چیایەکە و دەگەیشتە لوتکەی چیایەکە دووبارە بەردەکە بەردەبۆوە و دووبارە دەیبردە سەرەوەی چیایەکە، بەمەش بەردەوام بوو لە هەوڵدان، شاعیر لێرەدا بەردەکەی گۆڕیوە و بەوەش لە سزایەکی بێزارکەرەوە کردوویەتی بە باری خۆشەویستی و گەشبینی.

**ت- پرۆمیسۆس:**

ئەمەش یەکێکە لەو کەسایەتییە ئەفسانەییانەی کە شاعیر تێکەڵ بە بەرهەمەکانی خۆی کردووە و بۆتە بەشێك لە هەوێنی شیعرەکانی، ((پرۆمیسۆس پارچەیەك لە خۆر یان ڕووناکی لە خوداوەندەکان دەدزێ و بۆ ئەوەی گەرمی و ڕووناکی بدات بە مرۆڤ، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەرگرێت بۆ خۆ گەرمکردنەوە و خواردن ئامادەکردن، کە ئەمەش لە خەم و خۆشەویستی مرۆڤ بووە))(عبدالحسین، ٢٠١٢، ص٦٦-٦٨)، واتە پرۆمیسۆس یەکێك بووە لەو خوداوەندانەی کە لەپێناو مرۆڤەوە تووشی سزا و دارکاری بووە، شاعیر سوودی لەو کێشە و ململانێیە بینیوە لە نێو شیعرەکانی بەکاری هێناوە.

بۆ نموونە لە شیعری (کۆتر و هەڵامەت) دا لە دوو شوێندا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێ:

نەپرۆمیسۆس
ئاگری لە خوداوەندە ئەفسانەییەکان
دەدزی
نەقەڵەم شیعری دەبوو
.
.
پرۆمیسۆس
ئاگرەکەی کوژاندۆتەوە
تفەنگێکی بەدەستەوەیە
لەوانەیە جەنگی شەشەم بەرپا بکات...!

(دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ١١١٠-١١١٥)

واتە لێرەدا پرۆمسیۆس وەکو خواوەندێك ئاگری دزیوە و بۆ ئەوەی مرۆڤی پێ دروست بکات و مرۆڤ سوود لەم ئاگرە وەربگرێت، دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە پرۆمیسۆس ئاگرەکەی کوژاندۆتەوە، لەجیاتی ئەمە تفەنگێکی بەدەستەوەیە، کە لێرەدا وەکو ڕەمزێکی ئەفسانەیی بۆ کەسێکی تر بەکارهاتووە.

**ج- فریشتە:**

سەیری شیعرەکانی شاعیر بکەین دەبینین بە جۆرێك لەدایکبوونی خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە، کە لەناو ئاو و هەوایەکی کوردەواریدا ئەفسانەیەکی تازەی خوڵقاندووە لە چوارچێوەی هۆنراوەیەکی سەرکەوتوودا دەریدەبڕی، کە تاقیکردنەوەیەکی بەهێزی ئەنجامداوە، بۆ نموونە لە شیعری (یەکەم خۆشەویستی) دا دەڵێ:

هێشتا چلەم نەچووبوو
نەمدەزانی لە بێشکەدام
یا لە زیندان......

نەمدەزانی دایکم ناشرینە یان جوان...
هیچی ترم نەدەزانی
هەر گریان...
خەوم بینی فریشتەیەك
سپی وەکو شەستەباران
چاو سەوز وەکو دارستان
هێدی ... هێدی
هاتە خوارەوە لە ئاسمان
جومگەی سینگمی یەکە یەکە
لێك ترازان...
ئەڤینی ئەم: چەم و دۆڵ و
شاخ و داخەی
لەدڵما چان...
ئیستا دڵم
هیچی تری تیادا نییە
هەر کوردستان و کوردستان... (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٦١)

لێرەدا دەبینین شاعیر ئەفسانەیەکی بۆخۆی دروستکردووە و کات و زەمەنەکەی گۆڕیوە، لە سەردەمی شاعیریەتی دەگەڕێتەوە پێش ئەوەی چلەی بچێت و لەناو بێشکە لە خەونێکی ئەفسانەیی بەرهەم دێنێ و هەموو ڕووداوەکانیش لە خەون ڕوودەدەن و هیچ ڕێگرییەك بۆی دروست نابێت لە خۆشەویستی بۆ کوردستان، چونکە دەست چێنی فریشتەیەکی خودایە و هەموو شێوە و ڕووکارەکانی لە خاکی کوردستانەوە وەرگرتووە فریشتەکان (سپی)یە وەکو شەستە بارانی بەهار و (چاو سەوز ) وەکو سەوزایی دارستانەکانی کوردستان.

**2-1-2 گیانەوەری ئەفسانەیی :**

**أ- سیمرخ (العنقاء):**

سیمرخ باڵندەیەکی ئەفسانەییە، ئەو باڵندەیە لە ئەفسانەی عەرەبیدا بەناوی (عەنقا) ناسراوە، ئەم گیانداره لە لەشیدا زۆر گەورەیە، لەبارەی ئەم ئاژەڵەوە قەزوینی دەڵێت: (( ئەو گەورەترین باڵندەیە لە ڕووی لەشییەوە، ئەم باڵندەیە لەڕووی لەشەوە دەتوانێت فیلەکی زۆر گەورە ڕاوبکات و بخوات)) (مزوری، ١٩٩٧، ٢٠)، لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت) دا ئەم باڵندەیە بەکارهاتووە .

بۆ نموونە لە شیعری ( پەیکەرێکی تر ) دا دەڵێ:

بە منالّی کە پەڵکە زێڕینەی ساماڵ
ئاسۆی دەگرت وەك ڕەوە پەپوولەی خەیاڵ
حەزم دەکرد وەك مەل بدەم لە شەقەی باڵ
بڕۆم بڕۆم وەها هەڵفڕم بۆ بەرز
هیچ سیمرخێ نەمهێنێتەوە بۆ سەر ئەرز (دیوانی لەتیف هەڵمەت،٢٠١٤، ١٠٥)

ئەم باڵندەیە لە ئەفسانە کوردییەکاندا پاڵەوانی لە بنی دونیاوە دێنێتە سەر دونیاوە، لێرەدا دەبینین شاعیر ئاماژەی بە باڵندەی سیمرخ کردووە، وەك باڵندەیەکی گەورە و بەهێز بەشێوەیەك شاعیر خۆی وا نیشان دەدات کە دەیەوێت بۆ شوێنێکی وا بفڕێت تەنانەت سیمرخیش بەو هەموو هێزەیەوە نەتوانێت بیهێنێتەوە.

یان لە شیعری ( گەشت ) دا دەڵێ:

بۆ هەڵبەستێك دەگەڕێم وەك سیمرخێ
گشت سنوورەکان ببڕێ
بۆ وڵاتە دوورەکەی خۆم هەڵم بگرێ
ئەگەر مردم ... لە وڵاتی غەریبیدا ئەگەر مردم
سای گۆڕەکەم هەڵدەنەوە (دیوانی لەتیف هەڵمەت،٢٠١٤، ١٤٧-١٤٨)

لێرەدا شاعیر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە باڵندەی سیمرخ دەتوانێت بە هۆی هێز و تواناکەی و بەهێزی لاشەکەی سنووری هەموو وڵاتێك ببڕێ.

یان لە شیعری ( ملحق خاص للقراء العرب ) دا دەڵێ:

دەبم بە سیمرخێك و
نیشتیمانەکەم بە دەنووك هەڵدەگرم و
لە نێوان زەوی و ئاسماندا
جێگایەکی بۆ دەدۆزمەوە.. (دیوانی لەتیف هەڵمەت،٢٠١٤، ١١١٨)

لێرەدا شاعیر بەشێوەیەك ئاماژە بەم باڵندەیە دەکات کە توانای هەیە بەدەنووك وڵاتێك هەڵگرێت و بیگوازێتەوە، کەواتە باڵندەی سیمرخ یەکێکە لەو باڵندە ئەفسانەییانەی کە شاعیر لە نێو شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە بۆ دروستکردنی وێنەی هونەری جوان و تایبەت بەخۆی.

**ب- دێو:**

گیانەوەرێکی ئەفسانەییە لە نێو ئەفسانەی میللەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا وەکو گیانەوەرێکی زۆر گەورە دەناسرێت، کە ((لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی و لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دی و لە ئەفسانەیەکەوە بۆ ئەفسانەیەکی دی شێوەی دێو دەگۆڕێ))(حسن (ب)، ٢٠٢٠، ٢٠٠)، لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا ئەم گیاندارە ئەفسانەییە وەکو ئاژەڵێکی دڕندە و مەترسیدار بەکارهاتووە کە خەڵك لەترسی خۆیان حەشارداوە.

بۆ نموونە لە شیعری (ئەو هۆنراوانەی کە تەواو دەبێ و تەواو نابێ) دا دەڵێت: :

کە منداڵ بووم هەر نیوە شەوێك
لە دەرگاکەمانیان بدایە... دەموت:
_ دایە گیان مەیکەرەوە .. دێوێ درنجێ هاتووە
من بدزێ....
ئێستا لە چەرخێکدا کە هەموو شەقامەکانی
شانەی زاوزێی دێو و درنجن..
دڵم وەکو کێوێکی ئاسنین
بە کۆڵمدا داوە و

لە دەرگای دڵی ئەو کچە جوانانە دەدەم
کە دەمناسن و نامناسن..
کچێك نییە.... لەم شارە شووشەیەدا
لە دڵی خۆیدا بمشارێتەوە و
لە قامچی و گورزی ئاگرینی تەنیایی بمپارێزێ
کچێك نییە... پرچەکەی بۆ پەڕەسێلکەی
شیعرە تازەکانم
بکاتە هێلانە...
هەرکچێك نییە
هەرنەبێ پرچەکەییم بۆ بکاتە سێدارە...
نەو کچێك نییە هەر گوێم لێ بگرێ..
ئەمە دێوو درنج نییە کە لەدەرگای بەردی
دڵەکانتان دەدا ... ئەی نازدارەکان...
شاعیرە ...شاعیر..... !   (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٨٢-٢٨٣)

لێرەدا شاعیر باس لە ((دێو و درنج)) دەکات، هەروەك دەزانین لە چیرۆکە ئەفسانەییەکەدا وێنەی دێو و درنج هەیە کە بەمانای شەڕخواز دێت بەشەوان لە ئەشکەوتەکان دەسووڕێت و دەست لە پیاوی غەریب و ڕێبوار دەوەشێنێ، بەڵام لەتیف هەڵمەتی شاعیر هاتووە ئەم ڕەمزانەی لە شیعرێکی ناسکدا بەکاری هێناوە کە ئەم دێوو درنجانە لە شەقامەکان دەسووڕێنەوە و ئەم شەقامانە بوونەتە شوێنی زاوزێ و لەدایکبوونی ئەوان، ئەوان لێرەدا لە دەرگای ماڵان دەدەن، شاعیر دێوو درنجی وەکو ڕەمزێك بەکارهێناوە کە مەبەستی خۆیەتی و کە لە دەرگای هەریەکێك دەدات دەرگای لێ ناکاتەوە و تەنانەت دڵەکانیان ئەوەندە ڕەقە کە وەکو بەرد ئاماژەی پێکردووە ، بەڵام لە کۆتایی کە خۆی لە دەرگای ماڵی کچێك دەدا پێی دەڵێ من دێو و درنج نیم من شاعیرم.

هەروەها لە شیعری ( دوو جۆری مەرگ ) دا دەڵێ:

کە دێوی مەرگیش ڕاتان دەکێشێ
بەدڕك و داڵدا بەرەو گۆڕستان
کەپریێك لە ئاسن
چواردەوری گڵکۆی تاریکتان دەگرێ (دیوانی لەتیف هەڵمەت،٢٠١٤،٥٩٦)

لێرەدا شاعیر باسی دێوی مەرگ و مردن دەکات، کە وەك ئەژدیهایەکی مەترسیدار و لەناکاو هێرش دەکات و مەرگی ئێمە بۆ خۆی دەبات، کە بە هەرچی دڕك و داڵەوە هەمووی لەگەڵ خۆی ڕاپێچ دەکات و دەبات، دوای ئەمە لەوێ دواتر گڵکۆیەکی ئاسنمان بۆ دروست دەکەن و جێمان دەهێڵن.

**ج-ئەژدیها.:**

یەکێك لەو گیانەوەرە ئەفسانەییانەیە کە لە نێو بەشێکی زۆری شیعری شاعیران ڕەنگی داوەتەوە، ئەم گیانەوەرە ئەفسانەییە لە نێو بەشێکی زۆری ئەفسانەی میللەتەکان ڕەنگی داوەتەوە، ((مارەکێ مەزنە ئاگر ژ دەڤی دچیت و دەنگەکێ مەزن بەردەت، زێرەڤانیێ ژ پرا دکەت، و جهێ ژیارا وی دناڤ دەریایان و شکەفتێن تاریکدا و دناڤ عەوراندا دژیت، ژبەر ڤێ یەکێ دناڤ بیروباوەرێن گەلەك مللەتێن جیهانێدا خەلك رادبیت ب دانا قوربانییان بو وی ب مەرەما رازیکرنا وی ژ خو کر پتریا جاران ژی ئەو قوربانی کچەکا گەلەك جان بوو))(عبدالرحمن، ٢٠١٨، ٢٧٠)، واتە لێرەدا وەکو گیاندارێکی گەورە و مەترسیدار وەسفی کراوە کە لە شوێنە مەترسیدارەکاندا دەژیت، هەروەها د. مەولود دەڵێ: (( وەکو عەزیا وایە، سێ یان حەوت سەری هەیە، زۆر گەورە و گران و بەسامە، جاری وا هەیە پاڵەوان چەند سەری دەپەڕێنێت، کەچی دواجار پاڵەوان قووت دەدات بە شیرەوە))(حسن(ب)، ٢٠٢٠، ٦٤).

هەروەها دیسان هەڵمەتی شاعیر سوودێکی زۆری لە چیرۆکە ئەفسانەییەکان وەرگرتووە و کردوونی بە هەوێنی لەدایکبوونی شیعرەکانی زۆربەی ئەم چیرۆکە ئەفسانەیین و لەسەر زاری خەڵك گێڕاونەتەوە بەنموونە: لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێ:

ڕۆژگاری زۆر زوو
ئەڵێن شارێك بوو
ئەژدیهایەکی حەوت سەر بەردەرگای
کانی گرتبوو
شاری پروکار
گشت ڕۆژێ کچی جوانی دەرخواردی
ئەژدیها دەدا
بۆ یەك نەختێ ئاو
خەڵك تینووی شار
بوون بە یەك شمشێر
ئەژدیهای حەوت سەر شەق و پەق کرا
شار بووژایەوە (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ١٩٨٣، ٤٦)

لێرەدا دەبینی لەتیف هەڵمەتی شاعیر باسی ئەو چیرۆکە ئەفسانەیەمان بۆ دەکات، کە کاتی خۆی لە شەوانی زستاندا داپیرەکانمان بۆیان دەگێڕاینەوە بەڵام مەبەستی لەتیف هەڵمەت لە هێنانەوەی ئەم چیرۆکە و کردنی بە شیعرێکی جوان، ئەوەیە کە هەرچەندی زۆردارەکان وەك ئەژدیهایەکی حەوت سەر بن بەڵام ئەگەر هێز و بازووی میللەت یەك بگرن ئەوا کۆشکی زۆردارەکان دەڕووخێنێت و هیچ هێزێك نییە لەبەر ئیرادەی گەل خۆی رابگرێت.

**3-1-2 کاری ئەفسانەیی:**

یەکێکی تر لەو لایەنانەی کە لەنێو بەرهەمی شاعیران و دەقە ئەدەبییەکان دەبیندرێت، کار و کردەوەی ئەفسانەییە، کە ئەمە شاعیران زیاتر بۆ بەرزکردنەوەی لایەنی هونەری دەقەکان بەکاری دەهێنن، ئەم کار و کردەوانەش (( تەنیا لە نێو دەقە ئەفسانەییەکان هەن، لە ژیاندا ڕوویان نەداوە و نەبینراون، بە شێوە ئەفسانەییەکان)) (مەولود، حسن، ٢٠١١، ٢٠٢)، لەتیف هەڵمەت یەکێکە لەو شاعیرانەی کە چەندین شێوەی لە کار و کردەوەی ئەفسانەیی لە نێو شیعرەکانیدا بەکارهێناوە.

هەروەها سەبارەت بە گفتوگۆی ئەفسانەیی بێگومان ئێمە خەریکی نیشانەکان ((ڕەمزەکان)) و ئەفسانە لەشیعری شاعیرەکانمان ، ئەبێ ئاماژە بەو ( تەکنیکە) گفتوگۆیە بکەین کە شاعیرەکانمان لە هۆنراوەکانیان بەرهەمی دەهێنێ لە ئەفسانەدا، بەڵام گفتوگۆیە بکەین کە شاعیرەکانمان لە هۆنراوەکانیان بەرهەمی دەهێنن لە ئەفسانەدا، بەڵام گفتوگۆی لای لەتیف هەڵمەت جیاوازی هەیە لەگەڵ گفتوگۆی شانۆیی یان چیرۆکی، کە دێتە سەر وێنەیەکی شیعری دەیەوێ ورووژاندنێکی تری شیعری گفتوگۆی بەکار بهێنی بۆ سەرنج ڕاکێشانی بۆ لای شیعرەکەی، ئەم ئیشەیان کە وات لێ دەکات بەڵگە و نیشانەیەکی تر بدا بە شیعرەکەی ، ئەفسانەیەکی نوێ دەخولقێنی لەنێوان گفتوگۆی داربەڕوویێك دەکا کە نیشانەی خۆڕاگرییە کە چۆن بانگی پەڵەهەورێ دەکا کە بەسەریا ببارێنی و تێنوویەتی بشکێنێ.

بۆ نموونە لە شیعری ( ڕەگ)دا دەڵێ:

دار بەڕوویێکی تینوو بانگی پەڵە هەورێکی کرد
- ئەی پەڵە هەورە دوورەکە..... بشکێنە تینوێتی وێڵم..
-ئەی دارەکە وەرە بۆ لام خۆت بدەرە بەر شەستە بارانی وێڵم ..
وەرە بۆ لام لێم مەترسە ... خۆمن نە پاچم نە بێڵم...
-ئەی هەورەکە تۆ دووریت و ئاخر منیش
خۆ ئەگەر چی بشمکوژێ
تینووێتی تاڵ و لێڵم....
لەم خاکەدا ڕەگم هەیە وجێ ناهێڵم.. (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ٩٢)

لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی گفتوگۆیەکەوە کە لە نێوان داربەڕوو و پەڵەهەور، دیمەنێکی جوان و کارێکی ئەفسانەیی پیشانمان دەدات، بەوەی کە شاعیر داوا لە پەڵە هەورە دوورەکە دەکات، کە تێنوویەتی بشکێنێ، لە دواییدا بەسەری دەبارێت، بارانەکە بارانێکی وێڵە و بەئارەزووی شاعیر باریوە، یاخود بەزۆر باریوە هەروەها شاعیر تێنوویە، دارەکەش کە ڕەمزی ڕەگ و داکوتان و خۆڕاگرتن و ژیانە، ئەویش تێنوویەتی، یاخود لە هۆنراوەیەکی تردا بەناونیشانی ( لووتکەی هەڵگورد) دا باسی

پەڵە هەورێ دەکات کە چۆن ڕێی ون کردووە و بەدیلیان گرت و لە دوورترین بیابان قەفەسێکی شووشە بەندیان بۆ دروستکرد کە چەند شەوان..........

هەرچەندەی هەڕەشەیان لێی کرد و نەترسا، هەور یاخی بوو لەمردن وادیارە هەور دڵداری لەگەڵ کچێك دەکات بەناوی (هەڵگورد)، پاسەوانەکان دوای دەکەون، بەڵام هەور ناوەستێت و هەر دەڕوا تا دەگاتە لووتکەی هەڵگورد، کە شاعیر دەڵێت:

شەوێ هەموو پاسەوان و حەس حەسەکان نوستبوون
هەور تازە جێی دارکاری لەشی ببوو گۆشتەوزوون........
شووشە بەنی پرووقان و شوورەی پۆڵای سمی و ڕۆیی......
پاسەوانەکان دوای کەوتن... بۆ کوێ دەڕۆی!..
ئەی هەورەکە.... مەڕۆ... مەڕۆ
پەڕ و باڵی خۆت مەخەرە ناو ئاگر و دەروونی خۆت
مەخەرە ژێر زەبری چەقۆ
وەرە دواوە.... لە هەر کولێ بەقامچی ئێمەت
لەسەر پشتە و کۆتی ئێمەت لە ملدایە
ناکرێتەوە لە ئەستۆت..
هەور وتی: بەمناڵی ئەو کەژانەم پشکنیوە و
لە گوندێکی ئەو کوێستانە کچێك هەیە
چاوەڕێیە من لەگوڵی ئەو کێوانە
ملوانکەیەك بۆ گەردنی بچنم
ئەوەتانێ بۆ نابینن دڵدارەکەم لە دوورەوە
دەست دەکاتە گەردەنم! ..
بۆ نابینن پرچی دەکا بەجۆلانێ و بانگم دەکا!..
پاسەوانێك هەر دوای کەوت هەوریش دەڕۆیشت
دەیپشکنی ئەم چەم و ئەو گرد..
بە دۆڵ و نشێودا دەفڕی و بۆنی دار و بەردی دەکرد..

پاسەوانی شەکەت پرسی: ئەی هەورەکە بۆ کوێ دەڕۆی
من قاچم مرد ..؟
هەور قاقا پێی پێکەنی وتی : وەرە ماڵەکەمت
پێشاندەم لەسەر هەڵگورد ....! (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ٩٥)

دەبینین شاعیر چیرۆکێکی ئەفسانەی لە بەدیلگرتنی پەڵە هەورێکمان پێشان دەدا دوای ئەم هەموو کۆتە و زنجیرە پەڵە هەور دەڕوا. گفتوگۆیەکی ئەفسانەیی بەوەی هەور بەدیل دەگیرێ وە یاخود پاسەوان لەگەڵ هەور قسەدەکات، هەور دڵداری لەگەڵ کچێك دەکات و ماڵی هەیە، مرۆڤ دەتوانێ ئەوەندە بەدوای هەوردا رابکات وادیارە هەورەکە گوێی پێ نەداوە، لێرەدا شاعیر سوودی لەم جۆرە کارانە وەرگرتووە، کە لە ئەفسانەدا هەیە و بۆ ئەفسانەکانی نێو شیعرەکانی ئەمەی بەکارهێناوە.

**2-1-4 ژمارەی ئەفسانەیی**

**أ- ژمارە حەفت :**

ژمارە حەوت وەکو ژمارەیەکی دیاری نێو بواری ئەدەبیات زۆر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، کە مامەڵەکردنەکانیش جیاوازن لەوەی وەکو ژمارەیەکی ماتماتیکی کاری لەگەڵ بکرێت، ئەم ژمارەیە لە بیرو باوەڕ و ئاینەکان مامەڵەی جیاوازی لەگەڵ کراوە بەهۆی ئەو ڕەمزانەی کە بەکارهاتووە ((مێژوویەکا کۆنی لە عەقیدەی میللەتاندا داگیرکردووە))( ڕەسووڵ، ١٩٩٧، ٦)، واتە ئەم ژمارەیە پانتاییەکی فراوانی لە ئاینەکان و عەقیدەی میللەتان داگیرکردووە و ئەم بەکارهێنانەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زۆر کۆن، هەروەها ئەم ژمارەیە لە قورئانی پیرۆزیش بە چەندین شێوە و ئاماژەی جیاواز بەکارهاتووە وەکو لە سورەتی (یوسف) خودای گەورە دەفەرموێت: (وقَال الْمَلِكُ إِنِّي أَرَى سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وسَبْعَ سُنبُلاتٍ خُضرٍ وأُخَرَ يابِسَاتٍ))(قرآن الكريم، ٢٤٠)

بەم شێوەیە دەبینین کە ژمارە حەفت بەشێوەی جیاواز لە نێو دەقە ئاسمانییەکان و بیروباوەڕە کۆنەکان بەکارهاتووە گرنگییەکی دیاری هەبووە لە مێژوو و ڕۆژگاری مرۆڤایەتی ((ژمارە حەفت پەیوەندییەکا هویر ب سەربوور و تاقیکرنێن مروڤایەتی ڤە دهەمی قوناغێن ژیانێ دا هەیە))(عبدالرحمن، ٢٠١٨، ٢٠٨) واتە ژمارە حەفت پەیوەندییەکی بەهێز و ورد و دوورو درێژی لەگەڵ ژیان و گوزەران و تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ هەیە و هەمیشە لەگەڵی بەردەوام بووە، بەم هۆیەوەش شاعیر لە شیعرەکانی سوودی لەم پەیوەندییە بەهێزەی نێوان ئەم ژمارەیە و ژیانی مرۆڤ وەرگرتووە و لە شیعرەکانی وەکو ژمارەیەکی ئەفسانەیی بەکاری هێناوە .

بۆ نموونە لە شیعری (گۆرانی پاشەڕۆژ یان بەیاننامەی شاعیرە شێتەکە) دا دەڵێ:

هەفتەیەکم وەکو حەوت شووشەی
ڕەنگاوڕەنگ
لەناو لەپما ورد و خاش کرد و
حەوت ئاسمانم لە دڵمدا
وەکو حەوت گڵۆپی شین
کوژانەوە و
حەوت جیهانم وەکو حەوت
بڵاوکراوەی قەدەغە و نهێنی
لە با بێ لغاوەکاندا
کرد بە خۆڵەمێش و
سەرم هەوری سێبەری تێزا (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ٤٥٩)

لێرەدا دەبینین کە ژمارەی حەوتی بۆ چەندەمین جار دووبارە کردۆتەوە و کە هەریەکەو بەشێوەیەکی جیاواز .

### 2-1-5 کەرەستەی ئەفسانەیی:

### أ- گۆپاڵی موسای:

سەبارەت بە گۆپاڵەکەی موسا، کە ئەمەش وەکو کەرەستە سەبارەت بە دار یان گۆچانەکی پێغەمبەر موسا، هەروەکو ئاشکرایە ، کە هەریەك لە پێغەمبەرەکان تایبەتمەندییەکی خۆیان هەبوو و بە شتێکی سەیر و سەمەرە و جیاوازەوە ناسراو بوون، یەکێك لەو کەرەستە جیاوازانە ( گۆپاڵ) ەکەی پێغەمبەر موسا یە، کە هەرچەندە ئەمە کەرەستەیەکە لە ژیاندا هەبووە و نموونەیەکی لە مۆزەخانەی (ئەستەمبۆڵ) هەیە، بەڵام ئەو هێز و توانایەی کە لەم گۆپاڵە بوونی هەیە زۆر جار لە نێو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیدا توانی ئەم کەرەستە ئاینییە بۆ کەرەستەیەکی فۆلکلۆری و ئەفسانەیی بگوازێتەوە ، هەر سەبارەت بەم گۆپاڵ یان دارەکەی موسا دەگوترێت (( ئەم گۆپاڵە هێزێکی جادوویی و سەرسوڕهێنەری هەبووە، لە ناو ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵاتدا لە ژێر ناوی گۆپاڵی شوعەیب یان یەسرونی ناسراوە)) (مزوری، ١٩٩٧، ١٧).

لەتیف هەڵمەتیش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە سوودی لەم کەرەستە ئەفسانەییە وەرگرتووە و لە نێو شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە.

بۆ نموونە لە شیعری ( ناونیشانی شانۆیەکی کۆن) دا دەڵێت:

گەر دارەکەی موسا دەبووم
خۆمم دەکرد بە گێزان
هەموو یاسا و سنوورێکم دەکرد بەموو (دیوانی لەتیف هەڵمەت،٢٠١٤، ٢٣٧)

کە دەبینین شاعیر لێرەدا باسی هێز و توانای ئەم گۆپاڵەی پێغەمبەر موسا دەکات، کە خۆزگە دەخوازێت ئەو توانایەی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت سنورەکان ببەزێنێت، لێرەدا شاعیر وێنەیەکی جوانمان بۆ دروستدەکات، بەوەی کە دار عەساکە دەکات بە گیزان و دارستان، کە هێمایە بۆ دەسەڵاتدارە زاڵمەکان، دەیانکات بە گێزان بۆ ئەوەی بەئاسانی ببڕێنەوە، بەمەش شاعیر وێنەیەکی جوانی خواستنی دروستکردووە.

## ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتین ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-شاعیر ئەفسانەی وەکو ڕەمزێکی گرنگ و کەرەستەیەکی فراوان بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی مەبەست و هزرەکانی خۆی.

٢-لەتیف هەڵمەت لە شیعرەکانیدا گرنگییەکی زۆری بە بەکارهێنانی ئەفسانە داوە و تێکهەڵکێشی شیعرەکانی کردووە ، چەندین کەسایەتی و گیانەوەر و ژمارە و کەرەستەی ئەفسانەی جۆراوجۆری بەکارهێناوە.

٣-لەنێو ڕەگەزەکانی ئەفسانە زیاتر کەسایەتییە ئەفسانەییەکان لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە و بەشێکی زۆری کەسایەتی ئەفسانە جیهانییەکان لە شیعرەکانیدا بەکارهاتووە.

٤-شاعیر لەگەڵ سوودبینینی لە ئەفسانە و بەکارهێنانی لە نێو شیعرەکاندا، لەگەڵ ئەمەشدا ئەفسانەی تایبەت بەخۆی دروستکردووە و دایهێناوە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم/ کوردییەکان:**

**أ- کتێبەکان**

- حمد، د. پەخشان سابیر، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان ١٩٧٠ ، ١٩٩١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.
- حەسەن (أ)، مەولود ئیبراهیم، گەڕان بەدوای نەمریدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠٢٠.
- حەسەن ب، مەولود ئیبراهیم، قەدەغەشکێنی دارەڕێی ئەفسانەی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠٢٠.
- حوسێن، سەنگەر نازم، مەولود، ڕێزان ساڵح، ژانرە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٨.
- خۆشناو، فەرهاد عەزیز، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.
- دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠١٤.
- ڕەسوول، عزالدین مستەفا، لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا، ١٩٧٩.

- سەجادی، عەلائەدین، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە، ١٣٩٥هـ .
- سەعدوون، سامان عزەدین، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٠.
- شارەزا، کەریم، ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشەنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.
- عبدالرحمن، شڤان جرجیس، ڕەنگڤەدان ئەفسانێ د ڕۆمانا دەڤەرا بەهدینانێدا، پەرتووکخانەی گازی، دهۆك، ٢٠١٨.
- عبدالله، ئیدریس، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری کوردی، بەرگی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.
- موکریانی، گیو، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩.
- لەتیف هەڵمەت، دیوانی (فەلەستین هەمیشە نیشتیمانی غەسان کەنەفانییە)، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٣.

**ب- عەرەبییەکان:**

**القرآن الكريم**

- ابراهيم، نبيلة ، الاسطورة، منشورات وزارة الثقافة، بغداد، ١٩٧٩.
- الملاح و احمد، د. هاشم، ابراهيم خليل، دراسات في فلسفة التاريخ، جامعة الموصل، موصل، ١٩٨٨.
- عبدالحسين، امجد زهير، الاسطورة في المسرح، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠١٢.
- قيس، النورى، الاساطير وعلم الاجناس، مؤسسة دارالكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل، موصل، ١٩٨١ .

**دووەم/ گۆڤارەکان**

**أ- کوردییەکان:**

- ئەنوەر، کەیوان ئازاد، تیۆرەکانی راڤەی دەق، گۆڤاری ئایدیا، ژمارە (٣-٤)، سلێمانی، ٢٠٠٩.
- رەسول، د. شوکریە، نهێنی ژمارە (٧) لە بیر و عەقیدە و نەریتی میللەتاندا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٧)، هەولێر، ١٩٩٧.
- مەولود، عبدالله خدر، حەسەن، مەولود ئیبراهیم، هێما ئەفسانەییەکان لە دیوانی ( نالی ) و (سالم) و (کوردی) دا، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە، ١٨، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١١.

**ب-عەرەبییەکان:**

- مزورى، عبدالرحمن، الاساطير في مم و زين خاني، مجلة لالش، ع٨ ، دهوك، ١٩٩٧.

**الملخص**

**بعض جوانب الاسطورة في قصائد لطيف هلمت**

لا تستطيع أدبيات أي أمة او قومية أن تنمو ما لم تستفد من ثقافتها القومية، تعد الثقافة وأدب تراثنا الشعبي القومي ثروة غنية وذات قيمة، لذلك يجب أن يتم الحفاظ عليها وأن نتعامل معها بشكل متفوق، لهذا تمثل ظاهرة عودة الشعراء من المرحلة القديمة التقليدية الى المعاصرة الى احضان التراث وارثهم الشعبي القومي، دوما الهدف الابداعي الحديث والمعاصر في قصائدهم.

إن الأمة الكوردية كغيرها من الأمم صاحبة ثروة كبيرة من الثقافة وأدب تراثها الشعبي، التي يظهر عليها انعكاس الحياة ومعيشة الكورد، من بين أقسام التراث الشعبي، الاسطورة فهي واحدة من الاقسام المهمة التي يلجأ اليها الشعراء دائما لمزجها مع قصائدهم وكذلك ليكون بوسعهم بهذه الطريقة ان يمنحوا قصائدهم اسلوبا آخر وأن يلفتوا نظر القارئ اليهم، عن طريق استخدام الاسطورة، تعبر العناصر والرموز الاسطورية عن اهدافها الخفية، استطاع الشاعر ان يتعامل بشكل ملفت مع الجوانب الاسطورية واستفاد من تلك العناصر والرموز الاسطورية، بالشكل الذي جعله يلفت نظر القارئ اليه، وبهذه الطريقة عبر عن رؤيته وافكاره، ومنح قصائده الثبات، والاندماج ما بين الادب المعاصر وادب التراث الشعبي، ومن بين هذه الجوانب استخدامه العديد من الشخصيات والكائنات الاسطورية والاعمال الاسطورية في قصائده.

## Abstract

### Legend in the poems of LatifHalmat

Literature of any nation cannot develop without taking advantage of its own culture and folklore. Our culture and literary folklore are precious fortune which we have to preserve and treat carefully. The return of poets from the classical to modern epoch to deal with cultural and folklore was always aiming at new and modern innovations in their poems.

Kurds, like other nations, possess a rich folklore and literary heritage which reflect and portraythe living standards of Kurds. Within the parts of folklore, legend is an important branch that poets always use it to invent a new style and theme that can draw the attention of readers toward their poems, and via using legend and legendary symbols, poets propose their hidden messages.

The poet (Halmat) has successfully dealt with legends and has gotten benefit from their symbolic figures, which draw the attention of readers toward his works. In this way, he could convey his messages and express thoughts and create statics for his poems and add a mixedflavor of both modern and folklore literature to his poems. For this purpose, he has used many of legendary person, legendary creatures and legendary actions in his poems .

# ڕۆمانی مێژوویی
# ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) بەنموونە

**د. ئاوارە کەمال صالح**
بەشی کەرەستەی بیناکاری، کۆلێژی تەکنەلۆژی هەولێر،
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، عێراق
Awara.saleh@epu.edu.iq

**پێشەکی:**

ڕۆمانی مێژوویی، یەکێکە لە جۆرەکانی ڕۆمان، کە لە پێناو بونیادنانی جیهانی ڕۆماندا پشت بە مێژوو دەبەستێت، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت، کە ئیدی وەکو بابەتێکی مێژوویی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو ڕۆماننووس ئەو کەرەستەو سەرچاوانەی کە لە مێژوو وەریدەگرێت، بە شێوەیەکی هونەری تەوزیفی نێو ڕۆمانی دەکات، تاوەکو دەقێکی بەرزی ئیستاتیکی لێ بەرهەم بهێنێت، کە چێژ بە وەرگر ببەخشێت. ڕۆمانی مێژوویی کایەیەکە بۆ دووبارە خوێندنەوەی مێژوو بەشێوەیەکی قووڵ و هەوڵدانە بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی ئەو لایەنە شاراوانەی کە لە نێو مێژوودا فەرامۆش کراون. هەروەها پەلکێشکردنی مێژووە بۆ نێو زەمەنی ئێستا و وردبوونەوەیە لێی، تاوەکو بە هۆشیارییەوە بەرە و ئایندەیەکی گەش هەنگاو بنرێت. لەم ڕوانگەیەوە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) هەوڵێکە بۆ دووبارە وێناکردنەوەی ڕووداوەکانی سەدەی ڕابردوو لە باشووری کوردستان و سەرتاپای ئەو مێژووە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (ڕۆمانی مێژوویی، ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) بە نموونە)، کە هەوڵمانداوە وێنای ڕەهەندی مێژوویی ڕۆمانەکە و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوتی ڕۆمانەکەدا بخەینەڕوو.

لە توێژینەوەکەدا پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی شیکاری) بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان کراوە.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم ئەم لایەنانە لە خۆ دەگرێت (زەمینەی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕۆمانی مێژوویی لای کورد، پێناسەی ڕۆمانی مێژوویی، ڕۆمانی مێژوویی و مێژوو). لە تەوەری دووەمیشدا ئەم دوو لایەنەمان خستووەتەڕوو (دەروازەیەك بۆ نێو جیهانی ڕۆمانی نیشتمانی سارا، مەزراندنی مێژوو لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) دا.

لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم:

### ١-١ زەمینەی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕۆمانی مێژوویی لای کورد:

ڕۆمان ژانرێکی فراوانە و وێنەی جیهانێکی تایبەت دەکێشێت، ئەم فراوانی و فرە ڕەهەندییەی وایکردووە، کە ئەم ژانرە لە شێوە و بونیادی جیاوازدا دەربکەوێت. لێرەدا ئەم توێژینەوەیە لەبارەی ڕۆمانی مێژووییە، کە لە پۆلێنکردندا بە جۆرێکی ڕۆمان دادەنرێت. (جۆرج لۆکاش) لە کتێبی (ڕۆمانی مێژوویی) دا (سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژوویی بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم دەگێڕێتەوە، بە تایبەتی لە سەردەمی شکست و ڕووخانی ناپلیۆن دا. ئەویش لە میانەی دەرکەوتنی ڕۆمانی (ویفەرلی) (واڵتەر سکۆت) لە ساڵی ١٨١٤دا). (لوكاش، ١٩٨٦، ١١). (واڵتەر سکۆت ١٧٧١-١٨٣٢)ی ئۆسکتلەندیی ڕۆڵێکی کاریگەری لە سەردەمی خۆیدا بینیوە، ئەویش لە ڕێگەی (بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەك لە ڕۆمانی مێژووییەوە، کە مەبەست لێیان تەوزیفکردنی مێژووی ئۆسکتلەندا بوو لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەیەمی زاینیدا، جگە لە وێناکردنی مێژووی هەریەك لە ئینگلتەرا و فەرەنسا لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا، (واڵتەر سکۆت) خاوەنی ئەندێشەیەکی فراوان و بەهێز بوو، نووسەرێکی کارامە و لێهاتوو بوو، کە دەیتوانی وێنایەکی مێژوویی پڕ لە زیندەگی بە خوێنەرانی بگەیەنێت، بەجۆرێك، کە باوەڕ وابوو ئەو مێژووەی وەرگر لە ڕۆمانەکانی (واڵتەر سکۆت)ەوە پێی ئاشنا دەبێت، کاریگەری زۆر زیاترە، لەو زانیارییە مێژووییانەی کە خوێنەر لە ڕێی کتێبە مێژووییەکانەوە پێی دەگەیشت، چونکە

هێندە بە پوختی و بەڕاستی وێنە مێژووییەکانی بەرجەستە دەکرد). (جرجر، ٢٠١٥، ٧). ئیدی کارەکانی (والتەر سکۆت) بوونە دەروازەیەك بۆ ئاوڕدانەوە لە مێژووی ڕابردوو و دووبارە بەرجەستە کردنەوەی بەشێوەیەکی هونەری لە قاڵبی ڕۆماندا و هەستی نەتەوایەتی لای بەریتانییەکان پەرەپێدا.

ئەگەر لێرەدا هەڵوەستەیەك لەسەر ڕۆمانی کوردی بکەین، دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین، کە ئەو ژینگە و بارودۆخەی لای نەتەوەکانی دیکە فەراهەم بوو، لەگەڵ ژینگە و هەلومەرجی کوردستانی دابەشکراودا ناکەوێتە تای تەرازووی بەراوردکردنەوە، چونکە زەمینەی دەرکەوتنی ڕۆمانی کوردی، لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی هاوسێی بەتەواوەتی جیاوازە. بەو واتایەی (ئەوەی بۆ ڕۆماننووسانی نەتەوەکانی دیکە، هەر لە ڕووی زمان و ئازادیی ڕادەربڕین و چاپ و بڵاوکردنەوە بۆیان فەراهەم بوو. ئەم ژینگەیە لای ڕۆماننووسانی کورد هێشتا نەخەملیبوو، تەنانەت لەو ڕۆژگارانەدا ئەدیبی کورد نەیدەتوانی ئازادانە بە زمانی دایك گوزارشت لە خۆی بکات) (پاشا، ٢٠٠١، ٧٣). واتە دەکرێت بگوترێت (لە کاتێکدا نەتەوەکانی عەرەب و تورك و فارس بە وەرگێڕانی ڕۆمانگەلی مێژوویی ڕۆژئاوایی و دواتر بەرهەمهێنانی ڕۆمانگەلی مێژوویی خۆماڵی ڕەوتی نەتەوە سازییان خێراتر دەکرد، کوردەکان لەگەڵ چارەنووسێکی تر ڕووبەڕوو دەبوونەوە و ڕادەی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ناسیۆنالیزمی و فەرهەنگی و سیاسییان دەرفەتی ئاشنابوون بە ژانری ڕۆمان و نووسینی ڕۆمانی نەدەدا). (ئەحمەدزادە، ٢٠١٢، ٣١٩). کاتێك فاکتەرەکانی فراوانبوونی شارەکان و گەشەسەندنی چاپەمەنی و بزاڤی وەرگێڕان لای نەتەوەکانی دەوروبەری کورد، کاریگەری لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ژانری ڕۆمان دادەنێت و زەمینەی سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژووییان بۆ خۆش دەکات. دۆخەکە لای کورد بە جۆرێکی دیکە بوو، چونکە لەو ڕۆژگارەدا پرسیارەکە ئەوە بوو، داخۆ کورد ڕۆمانی هەیە یاخود نا ؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسەش، بە نائامادەگی زەمینەی ژێرخانی ئابووری و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگیی نەتەوەی کوردەوە پەیوەستە. بەجۆرێك کورد هێشتا وێڵی دوای ناسنامە و پێناسی نەتەوەیی خۆی بوو، واتە لەژێر دەستی داگیرکەردا شەڕی مانەوەی خۆی دەکرد. بە تایبەتیش ڕۆمان بۆ خۆی

(هونەرێکی نوێیە و بەرهەمی شار و چەرخی مۆدێرنەیە، لەگەڵ گەورەبوون و فراوانبوونی شار و لە ئاکامی کاریگەرییە هەمەلایەنەکانی شۆڕشی پیشەسازیدا، یەکەمجار لە ئەوروپادا سەری هەڵداوە. دەتوانین بڵێین ڕۆمان هونەرێکی شارییە بەپلەی نایاب، تا گوزارشت لە دۆخە نوێیەکانی شار و کۆمەڵگەی شارستانی و مرۆڤی نوێی شاری بکات). (ئەسوەد، ٢٠١١، ٢٢٧). بەگشتی دۆخی نەتەوەی کورد لە سەدەکانی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا تەواو دژوار و ناجێگیر بووە، بە هۆی شەڕ و دابەشکردنی کوردستان و ستەمی وڵاتە داگیرکەرەکانەوە، بۆیە وەك پێویست ژانری ڕۆمان لای کورد هاوشانی نەتەوەکانی دەوروپشتی نەخەملا.

لێرەدا دەکرێت، ئاماژە بە(هەوڵی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، وەکو ڕۆمانی (قەڵای دمدم) ی (عەرەبی شەمۆ) بکەین. کە ڕۆمانێکی تەواو مێژووییە، ئەویش لە میانەی زیندووکردنەوەی کەسایەتی (خانی لەپ زێڕین) و ڕۆڵی لە بەرگریکردن لە قەڵاکەیدا دژی فارسەکان، بەڵام لە زەمینەی سیاسی و ئایدۆلۆژییەکەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا، چونکە بەرهەمهێنەری ئەو گوتارە نییە، کە ڕێگە خۆشکەری سازدانی ناسنامەی نەتەوەیی بێت). (ئەحمەدزادە، ٢٠١٢، ٣٢٠-٣٢١). واتە ڕۆمانەکەی (عەرەبی شەمۆ)، هەرچەندە وێناکردنی کەسایەتییەکی واقیعیی مێژوویی کوردە، بەڵام لە ژێر چەتری یەکێتی سۆڤیەتی جاران بەرهەم هاتووە و نەیتوانی، وەکو پێویست ڕەنگدانەوەی لەسەر بیری نەتەوەیی کوردی دروست بکات.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، دەکرێت ڕۆمانی (گەڕیان ل بابی بەرزە) ی ڕۆماننووس (ئەنوەر محەمەد تاهیر)، وەك (ڕۆمانێکی مێژوویی ئەژماربکەین، چونکە ڕۆماننووس سەرکەوتووانە توانیویەتی مێژووی پڕ لە تراژیدیای میللەتی کورد بکاتە کەرەستەی ئەم ڕۆمانە. ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا بۆ فریاد ڕەسێك یاخود سەرکردەیەکی کارامە دەگەڕێت، تاوەکو نەتەوەی کورد لە دەست زوڵم و زۆرداری و ژێردەستەیی ڕزگار بکات). (ڕەشید، ٢٠٠٧، ١٦٥). ڕۆمانی (گەڕیان ل بابی بەرزە) شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو مێژوو تا بەڕۆژگاری ئەمڕۆ دەگات، واتە گەشتێکە بۆ دیتنەوەی باوك یاخود سەرکردەیەك، کە نەتەوەی کورد بە کەناری ئارامی بگەیەنێت. هەر لەم میانەیەدا دەکرێت ڕۆمانەکانی (ژانی گەل) ی (برایم ئەحمەد) و (شار) ی (حوسێن عارف) وەکو

ڕۆمانی مێژوویی خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، چونکە وێناکردنی مێژووی سەردەم لە ڕۆمانەکانیاندا ئامادەگی هەیە.

هەروەها ڕۆمانەکانی (دەربار) و (دەغدو) ی (خوسرەو جاف)یش دەکەونە خانەی ڕۆمانی مێژووییەوە، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (دەغدو) دا، کە مەزراندنی مێژووی سالانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی خێزانێکی کورد دەکات، کە چۆن لە ژێر دەسەلاتی ڕژێمی بەعسدا بەر شالاوی بە عەرەبکردن دەکەون و لە شاری موسلەوە دوور دەخرێنەوە بۆ ناوچەیەکی سنووری لە باشووری عێراق، کە شارۆچکەی (زوبێر)ە، ((من و باوکم و دایکم، میللەتێك بووین لەو بیابانەیدا لە هەموو شتێ نامۆ و بێگانە، هەتا وەکو دەوروبەرە لماوییەکە سەرسامی کردبووین، خۆمان بە سێ دلۆپ ڕۆن دەزانی لە ناو جامێك ئاودا.. سەیرکردنی قوتابیانی هاوکلاسم هەر ئاوڕێکیان پرسیارێك بوو، لە ڕۆژی یەکەمدا مامۆستاکەم هەڵیساندم و وتی: هەستە خۆت بناسێنە .. با لەگەڵ هاو کلاسیەکانتا ئاشنا بیت...

عەرەبیم چاك دەزانی، بە شێوازی خەڵکی شاری موسڵ، خۆم ناساند، بەلام ناوەکەم بوو بە گرفتێك.. (سەنگەر) نەیاندەتوانی بە زمانی بهێنن، یەکێك لە قوتابیان وتی: ( سەنجەر) ناوی مەکینەی دوروومانە، هەموویان قاقا پێکەنین..)) (دەغدو، ٢٠١٣، ١٢). ڕۆماننووس وێنەی ئەو خێزانەی کە لە کەسایەتییەکی سەرەکی بە ناوی (سەنگەر) و دایك و باوکی پێکهاتووە دەکاتە سیمبولی هەزارەها خێزانی کورد کە بە دەست سیاسەتی شۆڤێنیانەی ڕژێمی بەعسەوە دووچاری دەیان کارەسات و ناهەمواری بوونەتەوە. لە ڕۆمانەکەدا وێنای شەڕی نێوان عێراق و ئێران و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ڕاپەڕینی کورد دژی ڕژێمی بەعس و ئازادکردنی کوردستان کێشراوە، ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆماننووس دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دێرین و لە ڕێگەی ڕۆحیانەتی کەسایەتییەکەوە بە ناوی (دەغدو)، کە کچی (دیاکۆ) ی پاشای مادە و دەبێتە ئاشنای سەنگەر، کۆمەڵێك زانیاریی زۆر ورد و مێژوویی لەسەر ناوچەکە و ڕەچەڵەکی کورد و ململانێکانی دوو هەزارو حەوت سەد ساڵ پێش ئێستا لە ناوچەکەدا تەوزیف دەکات، کە مێژووی دەوڵەتی ئاشووری و ماد و بابلییەکان لە خۆ دەگرێت، خوێنەر زۆر زانیاریی وردی چنگ دەکەوێت، کە سەراپای ئەو مێژووە

پڕە لە ململانێ و شەڕ و پێکەوە گرێدانی ئەو ڕابردووەیە بە ئێستای دۆخی کوردەوە، (دەغدو) وەك کەسایەتییەك دەبێتە هاوڕێی (سەنگەر) و زانیاری و پێشبینی بۆ داهاتوو پێدەدا، ئیدی ڕووداوە مێژووییەکانی ڕۆمانەکە بەردەوامی هەیە، تاکو دەگاتە ڕووخانی ڕژێمی بەعس. گرنگی مەزراندنی مێژوو لە ڕۆمانی (دەغدو) دا دروستکردنی ئەڵقەیەکە بۆ پێك گەیاندنی مێژووی دێرینی کورد و مێژووی نوێی، کە پێویستییان بە سەرلەنوێ خوێندنەوە و شرۆڤەکردنە، بۆ دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانی نەتەوەی کورد و ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی ئەوەی کە تاکو ئێستا نەبێتە خاوەنی کیانی سەربەخۆی خۆی.

یەکێك لەو ڕۆماننووسە کوردانەی، کە ڕۆمانی کوردی زیاتر بە ئاراستەی مێژوودا بردووە. ڕۆماننووسی ناسراوی باکوری کوردستان (محەمەد ئۆزۆن)ە، کە لە ڕۆمانەکانی ((ڕۆژێك لە ڕۆژانی عەڤداڵی زەینەکێ) و (سایەی ئەڤین) و (بیرا قەدەرێ) و (هاوارا دیجلەێ) دا، بە ئاراستەی کارکردنی لە نێو مێژوودا ئاشنا دەبین. ئەویش لە ڕێی وێناکردنەوەی ئەو پاڵەوان و سەرکردە نەتەوەییانەی، کە لە پێناو گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی کورددا، لە بارودۆخێکی نالەبار و لە بەرانبەر هێز و تەوژمێکدا، کە لەڕادەی ئەوان مەزنتر بووە شکستیان خواردووە و بوونەتە قوربانی. بۆ نموونە (محەمەد ئۆزۆن) لە ڕۆمانی (هاوارا دیجلەێ) دا، کە باس لە کارەساتی داڕووخانی دوا میری بۆتان و ئیمارەتەکەی دەکات. دەیەوێت بڵێ مێژووی کارەساتی کورد هەر لە ڕۆژی ٢٠ ی تەمموزی ١٨٤٧ ی زایینییەوە دەست پێناکات، کە ڕێکەوتی خۆ بە دەستەوەدانی میر بەدرخانە. بگرە پێش ئەوەش هەر وابووە، لە سەردەمی تاهیرخان و عەگیدی برایدا و تا ئێستاش بەردەوامی هەیە). (ڕۆژبەیانی، ٢٠١١، ٨٠-٨١ و٨٦). بەگشتی ڕۆمانەکانی (محەمەد ئۆزۆن) زیاتر بەرجەستەکردنی ئەو کارەکتەرە نەمرانەی مێژووی کوردە، کە لە پێناو گەیاندنی پەیامی نەتەوەییدا سەری خۆیان بەخشیوە. هەر لەم نێوەندەدا دەکرێت ڕۆمانەکانی (مژاباد) و (میرنامە) ی ڕۆماننووس (جان دۆست) وەکو ڕۆمانی مێژوویی نێوزەد بکەین، کە خاوەنی تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ڕۆمانی مێژووین.

لە هەمان دیدگاوە، ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) ی (میران ئەبراهام)، یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە هەڵگری ئەدگارەکانی ڕۆمانی مێژووییە. ئەویش لە ڕێگەی زیندووکردنەوەی مێژووی سەدەیەك لەمەوبەری ژینگەی باشووری کوردستان، لەژێر کاریگەریی هەلومەرجە نێوخۆیی و هەرێمایەتی و نێو دەوڵەتیەکاندا و کاریگەرییەکانی بەسەر کۆمەڵگەی کوردییەوە و بەرجەستەکردنی ئەم ڕەهەندانە، لە نێو جیهانی ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) دا.

**١-٢ پێناسەی ڕۆمانی مێژوویی:**

ڕۆمانی مێژوویی بەشێوەیەکی ورد پشت بە مێژوو و ڕووداوگەلی ڕابردوو دەبەستێت. بۆیە کاتێك مرۆڤ هۆشیاریی دەربارەی زەمەنی ئێستای زیاد دەکات، گرنگیپێدانی بەلایەنی مێژوو پەرە دەستێنێت. بەو سیفەتەی کە مێژوو پێشینەی ئێستایە، هەر بۆیە لەم بارەدا دەکرێت پەنا بۆ ڕۆمان ببرێت، چونکە ڕۆمان (بە یەکێك لە کەرەستە ورد و ڕاستگۆکانی وێناکردنی مێژوو دادەنرێت، لەڕووی پشکنین و گەڕان و کنەکردنی ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەی کە لە مێژوودا ڕوویانداوە). (لۆکاش، ١٩٨٦، ٧). بەم پێیە ڕۆمانی مێژوویی دەتوانێت ئەو ڕۆڵە وازی بکات، کە سەرلەنوێ مێژوو زیندوو بکاتەوە و بیخاتە ژێر پرسیارەوە. لێرەدا بۆ زیاتر ئاشنابوون و ڕوونکردنەوەی مەودا و ڕەهەندەکانی ڕۆمانی مێژوویی، چەند پێناسەیەکی ڕۆمانی مێژوویی دەخەینەڕوو:

ڕۆمانی مێژوویی ئەو جۆرە ڕۆمانەیە کە (کەرەستەکانی لە مێژوو وەردەگرێت) (نوفل، ١٩٨٥، ٢٢٠). لە پێناسەیەکی دیکەدا ڕۆمانی مێژوویی بریتییە لەو ڕۆمانەی کە (لە بونیادنانیدا پشت بە ڕووداوە مێژووییەکان و کەسایەتییەکانی ناوی دەبەستێت) (عبدالله، ١٩٩١، ١٩٢). یاخود (زیندووکردنەوە و ژیاندنەوەی قۆناغێکی مێژووییە، کە بەسەرچووە و ئامادەگی نەماوە، ئەویش لە ڕێگەی خوڵقاندنی چەند کەسایەتییەکی مێژوویی ناودارەوە لە نێو ڕۆمانەکەدا). (جرجر، ٢٠١٥، ٢). ڕۆمانی مێژوویی ئەو جۆرەی ڕۆمانە کە (ڕووداوەکانی لە مێژووی نەتەوەیی، یان مێژووی جیهانییەوە وەردەگرێت) (ئەسوەد، ٢٠١٥، ٢٢١ ). یاخود دەگوترێت ڕۆمانی مێژوویی (لە چوارچێوە گشتییەکەیدا ئیلهام لە مێژوو وەردەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس ڕووداوەکان دادەمەزرێنێت

و گەشەی پێدەدات، بەڵام لە وێناکردنی کەسایەتییەکاندا تەنیا لە هێڵە گشتییەکاندا وابەستەی واقیع دەبێت، تاوەکو بتوانێت بەشێوەیەکی هونەری ڕۆڵ بە کەسایەتییەکانی ببەخشێت) (جرجر، ٢٠١٥، ٢).

بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم پێناسەکانی ڕۆمانی مێژوویی جەخت لە زیندووکردنەوەی ڕووداو و بەسەرهاتی مێژوویی دەکەنەوە، لەم پێناوەشدا پەنا بۆ کەسایەتییە دیار و ناسراوەکانی نێو مێژوو دەبەن، بێگومان ئەمەش بەو مانایە نایەت، کە ڕۆمانی مێژوویی وەکو تۆمارێکی مێژوویی مامەڵەی لەتەکدا بکرێت، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ڕۆماننووس بەشێوازێکی هونەری مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکات و لە گۆشەنیگایەکی دیاریکراوەوە سەرلەنوێ گیان بەبەر ڕووداو و کەسایەتییەکاندا دەکاتەوە، تاوەکو جیهانبینیی خۆی لە نێو ڕۆمانەکەدا تەوزیف بکات. سەرەڕای هەموو ئەم لایەنانە پێویستە زەمەن و شوێنی واقیعی لە ڕۆمانەکەدا بوونیان هەبێت، تاوەکو سیمای واقیعیبوون بە نێو جیهانی ڕۆمانەکە ببەخشن.

**١-٣ ڕۆمانی مێژوویی و مێژوو:**

ئەگەر لە ڕوانگەی (جۆرج لۆکاش) ەوە، سەرنج لە پەیوەندیی نێوان ڕۆمانی مێژوویی و مێژوو بدەین. دەبینین کە هەردوو چەمکەکە بە تەواوکەری یەکدی دەزانێت، چونکە (لۆکاش) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە (هەموو ڕۆمانێك پێویستە مێژوویی بێت، ئەویش تەنیا لەبەر ئەو هۆکارەی، ئەگەر ڕۆمانەکە گوزارشت لە ڕووداوێکی کۆن بوو، ئەوا بە مێژووی دێرینەوە پەیوەست دەبێت، بەڵام ئەگەر لە خولگەی ڕووداوەکانی ئێستادا سووڕایەوە، ئەوا لەگەڵ مێژووی نوێدا یەکدەگرێتەوە). (فضل، ٢٠٠٢، ٣٢). بەڵام ئەگەر وردتر لە ڕەوتی ئەو پەیوەندییە بڕوانین، ئەوا بە ئاراستەی کارکردنی هەریەکێکیان ئاشنا دەبین، چونکە (مێژوو دیوی دەرەوەی ڕووداو نیشاندەدات، ئەدەب دیوی ناوەوەی، واباوە مێژوو ڕووداو وەك خۆی چۆن ڕووی داوە ئاوای دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەدەب ڕووداو چۆن (لەوانەیە) ڕووی دابێت ئاوای دەگێڕێتەوە). (ڕۆژبەیانی، ٢٠٠٨، ٢٤٩). لێرەدا زیاتر ئالیەتی

کارکردنی هەریەکێك لە چەمکی ڕۆمانی مێژوویی و مێژوومان بۆ دەردەکەوێت، بەو واتایەی مێژوو تەنیا بە تۆمارکردن و گوێزانەوەی ڕووداوەکانەوە وەك خۆی پەیوەستە، بەڵام ئەدەب یاخود ڕۆمان شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو دیوە شاراوە و نهێنییەکان و بەدوای پەنهانەکاندا دەگەڕێت و ڕووداوەکان دەخاتە ژێر پرسیار و بەدوای ڕاڤە و لێکدانەوەی نوێدا وێڵە. بەواتایەکی دیکە (ئەگەر مێژوو کار و دەسکەوتەکانی مرۆڤ لە نێو گەشتی زەمەندا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەوا ئەدەب گرنگی بە تۆمارکردنی سۆز و هەڵچوونەکانی مرۆڤ دەدات، هەر بۆیە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و مێژوو پەیوەندییەکی توندو تۆڵە و مێژوو مەیدانێکی بەپیتە بۆ ئەدیبان، تاوەکو ببێتە ئیلهام بەخشی داهێنانەکانیان) (جبر، ٢٠٠٨، ٨). بەم پێیە مێژوو لەگەڵ ڕەهەندە گشتییەکانی کاروانی مرۆڤایەتیدا ڕێ دەکات، بەڵام ئەدەب قووڵ دەبێتەوە و شرۆڤەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی مرۆڤەکان دەکات. ئەوەی لەم پەیوەندییەی نێوان ڕۆمانی مێژوویی و مێژوودا جێگەی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەرکردنە، یاخود وردتر بڵێین ئایا ئاوێزانکردنی ڕۆمان و مێژوو شتێکی گونجاوە؟ ئەمیش لەو ڕوانگەیەوە کە ڕۆمان لە هەنگاوی یەکەمدا بەرهەمی خەیاڵی نووسەرێکی دیاریکراوە و بۆ سەلماندنی ئەدەبیبوونی دەبێت پارێزگاری لە بەها ئیستاتیکییەکانی دەق بکات، بەڵام مێژوو کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ ناسینی ڕابردوو لەسەر بنەمای لێکدانەوەی فاکت و واقیعەکان بەو جۆرەی ڕوویانداوە شتێکی گونجاوە؟ ئاخۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو و باسکردن لە کەسایەتییە واقیعییەکانی زەمەنە بەسەرچووەکان لە بەرهەمێکی خەیاڵیدا دەکرێت وەك مێژوو سەرنج بدرێت؟ هەروەها مرۆڤ دەکرێت بپرسێت، ئاخۆ ئەگەر مێژوونووسێك کەرەستە مێژووییەکان و تایبەتمەندییەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوو جۆرێك ئاراستە بکات، کە تێیدا زمانی گێڕانەوە ئەو زمانە ئەدەبییە بێت، کە ڕۆمانووسێك بەکاری دەهێنێت، دەکرێ بەرهەمەکەی وەك ڕۆمان پێناسە بکرێت؟ (ئەحمەدزادە، ٢٠١٢، ٣٠٦). بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە هەریەك لە ڕۆمانی مێژوویی و مێژوو خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندێتی خۆیەتی، هەر یەکێکیان ئاراستەی کارکردنی جیاوازە. مێژوو بە واقیعەوە پەیوەست دەبێت، بەڵام ڕۆمانی

مێژوویی دەبێتە بەشێك لە مێژووی ئەدەب. دەچێتە خانەی واقیع لە نێو كێڵگەی مێژوودا دیارە، بەو واتایەی كاتێك كە ڕووداوێكی مێژوویی دەبێتە هەوێنی ڕۆمانێكی مێژوویی، پێویستە چنینی ڕووداوەكان بە جۆرێك بێت، كە پارێزگاری لە ڕەهەندی ئەدەبیی بەرهەمەكە و لایەنی ئیستاتیكی دەقەكە بكات، واتە لێرەدا ڕۆماننووس هەندێك لە ڕێڕەوی ڕووداوە مێژووییەكان دەگۆڕێت، تاوەكو لەگەڵ بونیادی هونەریی كارەكەیدا بیگونجێنێت. بە واتایەكی دیكە كاتێك ڕۆماننووس ئیلهام لە ڕووداوێكی مێژووییەوە وەردەگرێت. جارێكی دیكە شتەكان ڕێكدەخاتەوە و ڕۆڵەكان دابەش دەكاتەوە و شوێنەكان بەجۆرێكی دیكە وێنا دەكاتەوە و دیالۆگەكان دادەڕێژێت و دیمەنەكان بونیاد دەنێت. پاشان هەڵوێست و كاردانەوەی كەسەكان دادەڕێژێتەوە و شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو جومگەكانی كۆمەڵگە لە كات و شوێنێكی دیاریكراودا (الجنابي، ٢٠٠٩، ٥٦-٥٨). بەم ڕێگەیە ڕۆماننووس دەتوانێت، لە نێو ڕووداوە مێژووییەكانەوە داهێنان بخوڵقێنێت و شاكاری بەرزی ئەدەبی بەرهەم بهێنێت.

كەواتە ڕۆمانی مێژوویی لە ڕووداوە مێژووییەكانەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕۆماننووس لە میانەی ڕووداو و كەسایەتییە مێژووییە ڕاستییەكانەوە دەست بە پرۆسەی گێڕانەوە دەكات، بەڵام گۆشەنیگاكان بە جۆرێك ئاراستە دەكات، تاوەكو گوزارشت لە ئەزموونەكانی خۆی بكات. لێرەدا دەشێت بپرسین، ئایا بۆچی ڕۆماننووس پەنا بۆ مێژوو دەبات؟ یاخود گرنگی ڕۆمانی مێژوویی لە چیدایە؟ دەكرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا وەڵامی ئەم پرسانە بخەینەڕوو:

١.بڵاوكردنەوەی مێژوو لەسەر شێوەی ڕۆمانی مێژوویی، باشترین بژاردەیە بۆ هاندانی خوێنەر تاوەكو زۆرترین زانیاری لێوە وەربگرێت، چونكە خوێنەر مەیلی ناكەوێتە سەر خوێندنەوەی بابەتێكی مێژوویی وشك، كە لە ڕەگەزی چێژ خاڵی بێت.

٢.وێناكردنی واقیع و كێشەكانی ژیان.

٣.جەختكردنەوە لەسەر جێگیركردنی ڕۆحی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شوناسی نەتەوەیی. (جبر،٢٠٠٨،٢٧).

٤.کاتێك کۆمەڵگە ویژدانی ڕادەچەنێت و هەست دەکات کەسایەتی تاکەکانی لە بەردەم مەترسی و هەڕەشەی لە ناوچووندایە بە هۆی ناکۆکی ناوخۆیی و هێرشی داگیرکەرانەوە. ناچارە دەست بە مێژووی خۆیەوە بگرێت.

٥.لە حاڵەتی دۆشدامان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی واقیعدا، خود هیچ ڕێگەیەکی دیکە شك نابات، جگە لە خۆهەڵواسین بە یادەوەریەکانی ڕابردوودا نەبێت. ( ماضي، ٢٠١٣، ١٦٥).

ئەم هۆکارانەی سەرەوە پاڵنەرن بۆ ئەوەی ڕۆماننووس پەنا بۆ مێژوو ببات، چونکە مێژوو دەوڵەمەندە بە ڕووداو، ئەمەش زەمینە خۆشکەرە بۆ ڕۆماننووس تاکو بە شێوازێکی هونەری جیهانی ڕۆمانەکەی دابمەزرێنێت.

## تەوەری دووەم:

### ٢-١ دەروازەیەك بۆ نێو جیهانی ڕۆمانی (نیشتمانی سارا):

ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) یەکێکە لە ڕۆمانەکانی ڕۆماننووس (میران ئەبراهام)، کە لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشەوە لە ساڵی (٢٠١٩)دا چاپی یەکەمی بڵاوکراوەتەوە، ڕۆمانەکە لە (٤٤٨) لاپەڕە پێکهاتووە و بەسەر پێنج بەشی سەرەکییدا دابەشکراوە. هەر بەشێك خاوەنی ناونیشانی تایبەتی خۆیەتی. ناونیشانی بەشی یەکەم (کتێبێك بۆ یادەوەرییە شەرمنەکان). بەشی دووەم (نیشتمانی سارا) بەشی سێیەم (یادداشتەکانی سارا) بەشی چوارەم (دابڕان) بەشی پێنجەم (گەڕانەوە). جگە لەوەی هەر بەشێکیش بە هۆی ژمارەوە بۆ چەند بەشێکی دیکە دابەشکراوە. بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە (کتێبێك بۆ یادەوەرییە شەرمنەکان) فراوانترین بەشی ڕۆمانەکەیە و بونیادی درامی ڕۆمانەکەی لەسەر هەڵچنراوە. بونیادی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زنجیرەیی بە دوای یەکدا ڕیزکراون، واتە بەپێی مێژووی ڕوودانیان بەشێوەیەکی زنجیرەیی بە دوای یەکدیدا ڕێکخراون و گێڕەرەوە بە ڕیتمێکی مێژوویی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. کەسایەتی سەرەکی یاخود پاڵەوانی ڕۆمانەکە بە (خایم) یاخود (باپیرە خایم) ناسراوە. هەر خودی (خایم) گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزانی بەشێکی زۆری ڕووداوەکانە و زانیاریی تەواوی لەسەر کەسایەتییەکانی

دیکە و کات و شوێنی ڕووداوەکان هەیە. بەگشتی ڕۆمانەکە باس لە ژیانی خێزانی (خایم) دەکات، کە خێزانیکی جوون و لە گەڕەکی جوولەکانی شاری سلێمانی ژیاون. دواتر بەپێی تێکەڵاوی و فراوانبوونی پەیوەندییەکانی ئەم خێزانە و بە تایبەتی (خایم) جوگرافیا یاخود شوێنی ڕۆمانەکە بەرەو شارۆچکە و شارەکانی دیکەی کوردستان و عێراق فراوان دەبێت. دواتریش لە ڕێی گەشتەکانی (خایم)ەوە، پانتایی شوێن بەرەو وڵاتانی ئەوروپا دەکشێت. کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە پەیوەستە بە تەمەنی (خایم)ەوە، کە نزیکەی سەدەیەك ژیاوە و سەردەمی ژیانی دەکەوێتە سەدەی بیستەوە.

ڕۆماننووس گۆڕانکاری و وەرچەرخانە مەزنەکانی سەدەی بیستەم لە شاری سلێمانی و کوردستان بە تایبەتی و عێراق بە گشتی لە ڕۆمانەکەدا تەوزیف دەکات. کە هەر لە سەردەمی عوسمانییەکان و دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی و گرانییە گەورەکە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پاشان حوکمڕانی شێخ مەحمودی حەفید و هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عێراق و شاری سلێمانی درێژ دەبێتەوە تاکو سەردەمی نوری سەعید و عەبدولکەریم قاسم و هاتنە سەر حوکمی بەعسییەکان. هەموو ئەو ڕووداو و کەسایەتییانەی پەیوەست بەزەمەن و شوێنی واقیعییەوە کردووە و جووڵەیەکی هونەری بە جیهانی ڕۆمانەکە بەخشیوە. ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) وێنەی واقیعێکی تراژیدیی کەمینەیەکی ئایینی جوو دەکێشێت، کە چ لەلایەن دەسەڵات و چ لەلایەن هاوڵاتیانی ئاساییەوە تەنیا لەبەر بیروباوەڕەکەیان سووکایەتییان پێکراوە و دژایەتی کراون. (سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ئاغاکان و جوولەکەکانی شاری سلێمانی ، (ئەریك براوەر) لە زانیاریی (بینیامینی دووەم)ەوە، ئەوە دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی ١٨٤٠ ەوە، تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش جوولەکەکان لە بارێکی خراپدا ژیانیان لە شارەکەدا گوزەراندووە، چونکە ئەگەرچی کە نەکراوە بە مەرج کە جوولەکەکانی شار بڕە پارەیەکی دیاریکراو بدەنە ئاغاکان، بەڵام لە جەژنەکانی موسڵمان و جوولەکەکانیشدا دیارییان لە جوولەکەکان سەندووە کە بە زۆری بریتی بوو لە شەکر و قوماش و جلوبەرگ، یان ئەگەر یەکێك لە بەردەستەکانی ئاغا بۆ کڕینی شتێك بچووبایەتە دووکانێکی جوولەکەوە، نیوە یان یەك لە چوار، یان هەر

پارەی ئەو شتەی نەدەدات بە جوولەکە دووکاندارەکە) (براوەر و پاتای، ٢٠٠٢، ٢٦٨). جگە لەوەی بە بیانووی پاراستنیانەوە لە سەردەمی عوسمانییەکان و حوکمڕانی شێخ مەحموددا جزییەیان لێ وەرگیراوە. ڕۆماننووس بەشێوەیەکی هونەری هەموو ئەو پاڵنەرە دەروونی و کۆمەڵایەتییانە دەخاتەڕوو، کە چۆن بەشێك لە هاوڵاتیانی کورد بەهۆی کاریگەریی ئاین و سیاسەتی شۆڤێنیانەی عەرەب و تورکەوە لەو سەردەمانەدا هەڵیان کوتاوەتە سەر جووەکان و ئازاری ڕۆحی و دەروونییان داون و زیانیان بەماڵ و موڵکیان گەیاندووە. هەر لە ڕۆمانەکەدا ئاماژە بە ڕۆڵی جووەکان لە بونیادنانی شاری سلێمانی کراوە. جگە لەو پێگەیەی کە لە بواری کارو پیشە و چالاکیی بازرگانیدا هەیانبووە.

ناونیشانی ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)، ناونیشانێکی دەلالەت ئامێزە و ڕۆماننووس بە ئاسانی کۆدی کردنەوەی نهێنییەکانی ناونیشانەکە بە دەستەوە نادات، بەڵکو وەرگر ناچار دەکات لە قووڵایی دەقەکەدا بە شوێن مەغزا و ڕازەکانیدا بگەڕێت. ئەو ڕازانەش خۆیان لە پابەندبوون بە زێد و خاك و قوربانیدان لە پێناویدا دەگرێتەوە، تاڕادەی دەست هەڵگرتن لە خانەوادە و خۆشەویستانی، بێگومان ئەمەش ئەفسوونی بیروباوەڕ لای (سارا) دروستیکردووە، کە ئامادە نەبووە بە هیچ شێوەیەك دەستبەرداری ئەو شوێنە بێت کە باو باپیرانی لەسەری ژیاون، دیارە (سارا) کەسایەتییەکی دیکەی سەرەکی نێو ڕۆمانەکەیە و یەکێکە لە نەوەکانی (باپیرە خایم)، لە دوای ئەوەی هەموو خانەوادەکەی بەزۆر ڕەوانەی ئیسرائیل دەکرێنەوە. (سارا) لەگەڵ (سالار)ی هاوسەریدا، تەنیا دەمێنێتەوە و هەست بە بۆشاییەکی ڕۆحیی فراوان دەکات، چونکە لەلایەك لە خانەوادەکەی دابڕێنراوە، لەلایەکی دیکەوە سەرجەم پیرۆزییەکانی لێ زەوتکراوە و گۆڕستانی باوباپیرانی بە فەرمانی دەوڵەت کراوەتە شەقام و موڵك و ماڵیان بە تاڵان براوە. ئیدی دووچاری نامۆیی و شڵەژانی دەروونی دەبێت، بۆیە زۆرجار بەتەنیا بەرەو پاشماوەی گۆڕستانەکە دەڕوات و دیمەنی تێکدان و شێواندنی گۆڕەکان بە شۆفڵی شارەوانی و هەڵدانەوەی گۆڕەکان دەبینێت، کە چۆن لەلایەن هەندێك کەسەوە بە بیانووی گەڕان بۆ پاشماوە و زێڕ و پارە ناهێڵن تەنانەت لە گۆڕیشدا ئارام بگرن. ئیدی ئەم دیمەنانە و بیرکردنەوە لێیان ژیانی (سارا) دەکەنە

دۆزەخ. بۆیە (سارا) نازانێت سکاڵای دڵی خۆی لای کێ بکات. ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە، کە کوردستان نیشتمانی هەموانە. ئەو نایەوێت دەستبەرداری ئەم خاکە بێت و ئەو پەیوەندییە ڕۆحییەی کە بۆ سێ هەزار ساڵ باو و باپیرانی بە کوردستانەوە بەستووەتەوە لە دەست بدات و خۆی بە کوردستانی دەزانێت. بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە ڕۆحییەی کە لەلای (سارا) دروست بووە، ڕۆماننووس ناونیشانی (نیشتمانی سارا) بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت، تاوەکو ئارامییەك بە جەستە و دەروونی ببەخشێت. دوای ئەوەی (سالار) ی هاوسەری (سارا) بە بیانووی پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی شارەوە لەلایەن ڕژێمەوە فەرمانی گرتنی بۆ دەردەچێت پەنا بۆ شاخ دەبەن. (سارا) هەر لە شاخیش بەدەم ئەو ئازارە دەروونییەوە تل دەخوات و دواجار ماڵئاوایی یەکجارەکی دەکات و لەوێ لەلایەن (سالار)ی هاوسەرییەوە بەپێی سرووت و داب و نەریتی ئایینی جوولەکە بە خاکی دەسپێرێت. لەلایەکی دیکەوە (سارا) دەبێتە ئەڵقەی پێکەوە بەستنی ڕابردوو و ئێستای جووەکانی کوردستان و وەکو سیمبولێك دەمینێتەوە، چونکە دوای ڕاپەڕین (خایم) ی باپیری و کەسوکار و خانەوادەکەی بە خۆشەویستی (نیشتمانی سارا) وە بۆ کوردستان دەگەڕێنەوە.

**٢-٢ مەزراندنی مێژوو لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) دا:**

بەرایی ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) ئاماژە بە شوێنێکی واقیعی لە جوگرافیای شاری سلێمانی و کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە و بیروباوەڕە ئایینیەکەی دەدات ((گەڕەکی جوولەکان، بە درێژاییی تەمەنم لەبەرچاوی مندا گەڕەکێکی بچووك و داخراو بووە، ساڵانی سەردەمی منداڵیم و دواتر کاتێك کە لاو بووم، بەردەوام بەڕۆژی نیوەڕۆ و بە چاوی کراوەوە خەونم بە بەزاندنی سنووری ئەو گەڕەکەوە ئەبینی، ئەو سنوورەی کە ترس و دوودڵی لەو گەڕەکەدا بەدەوری ئێمەی جوودا کێشابوویان. باش لە بیرمە، کاتێك تەمەنم شەش ساڵان بوو، ڕۆژانە ئەچوومە سەربانی ماڵەکەمان و لەوێوە لە منداڵانی گەڕەکەکانی چوارباخ و سەرشەقامم ئەڕوانی)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٣). هەر لە دەسپێکدا خوێنەر هەست بە ترس و نائارامیی دەروونی لە لای کەسایەتی (خایم) دەکات. لەلایەکی دیکەوە ئاماژە بە

شوێنێك كراوە، كە شوێنی نیشتەجێبوونی جووەكانە. لەڕووی مێژووییەوە جووەكان لە هەر شوێنێك ژیاون گەڕەكی تایبەت بە خۆیان هەبووە. لە شاری سلێمانیشدا هەر لەگەڵ دروستكردنی شارەكەدا خەڵكانی ناوچەكانی دیكە و كەسانی ئاسایی و بازرگان و پیشەوەر و كەسانی خاوەنی بیروباوەڕی جیاوازی ئایینی وەكو موسڵمان و مەسیحی و جوو تێیدا نیشتەجێ بوون. سنووری (گەڕەكی جوولەكان، لە بەشی خوارووی شار و لە نزیك ڕووبار هەڵكەوتبوو، كە ڕێڕەوی ئاوەڕۆی گەڕەكەكانی دیكەی پێدا تێپەڕیوە. گۆڕستانێكی تایبەت بە خۆشیان بەناوی (گۆڕی جوولەكەوە) هەبووە) (حەمەتۆفیق، ٢٠١٥، ٥١ و ٥٣). هەر لە سەرەتاوە ڕۆماننووس لە ڕێگەی بەرجەستەكردنی شوێنێكی واقیعییەوە دەیەوێت پەیامێك بە وەرگر بگەیەنێت. بەوەی كە (گەڕەكی جوولەكان) خاوەنی جوگرافیایەكی تایبەتە، هەرچەندە شوێنێكی گشتی و كراوەیە، بەڵام بە حوكمی بیروباوەڕی ئایینی وەكو شوێنێكی تایبەت و داخراو مامەڵەی لەتەكدا كراوە. بۆیە ڕۆماننووس لەم جوگرافیایەدا وێنایەكی مێژوویی كەسایەتی جوو لە كۆمەڵگەی كوردیدا دەكێشێت، كە لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە دوورەپەرێز بوون، لەڕووی دەروونیشەوە هەمیشە لە ترس و دوودڵیدا ژیاون. وەكو چۆن لەم دایەلۆگەی نێوان (خایم) و مامیدا ڕوونتر هەست بە باری دەروونی كارەكتەرەكان دەكرێت، كاتێك منداڵێكی شەش ساڵان بووە و لەگەڵ یاقووبدا، مامی بۆ بازاڕی بردوون : - ((كوڕگەل گیان، لە بازاڕ لێم دوور نەكەونەوە با لێم ون نەبن............ .

– ئەرێ مامە سلێمان ونبوونی چی، ئەوە نییە منداڵانی هاوتەمەنی ئێمە بۆ خۆیان بە تەنیا لە بازاڕن؟

– ئاخر ڕۆڵەكەم ئێوە جیاوازن ! ..........

– ئەرێ كام جیاوازی ! )) (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٦).

ئیدی هەر لە منداڵییەوە ئەم جیاوازییە لای (خایم) دەبێتە پرسێك و هەمیشە لێكدانەوەی بۆ دەكات. تەمەنێك گیرۆدەی دۆزینەوەی وەڵامێكی گونجاو بۆ پرسی جیاوازی دەبێت. لەڕێی ئەم مۆنۆلۆگەوە وەرگر بەو پرسە ئاشنا دەكات، كە لە نێو هزریدا خول دەخوات ((ئایا بۆچی بە مەزەندەی مامە سلێمانم ئێمەی منداڵانی جوو

جیاواز بووین لە منداڵانی تری ئەو شارە ؟)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٦). ئیدی ئەم جیاوازییە دەبێتە داینەمۆی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان و خوێنەر ڕووبەڕووی واقیعە ناهەموار و دژوارەکان دەکاتەوە. لێرەوە ڕۆماننووس دەیەوێت گوتاری ڕۆمانەکەی لەسەر کەسایەتی (خایم) دابمەزرێنێت و گوزارشت لە جیهانبینیی خۆی بکات. واتە ڕۆماننووس (کەسایەتییەك لە واقیع وەردەگرێت، زیندەگی و جووڵەی پێدەبەخشێت، تاوەکو بۆ ململانێکانی واقیع ئامادەی بکات. دواتریش ڕووبەڕووی ڕووداو و کەسایەتییەکانی دیکەی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆی دەربارەی کێشەکان بخاتە ڕوو، یاخود باس لە چۆنییەتی چارەسەر و زاڵبوون بەسەر گرفتەکاندا بکات. لەم ڕوانگەیەوە ڕۆماننووس داوێکی ئاشکرا لە ژیانی کەسایەتی سەرەکی رۆمانەکە وەردەگرێت و دەست بە چنینی بونیادی ڕووداوی ڕۆمانەکە دەکات) (القاعود، ٢٠١٠، ٣٤٧). ڕۆماننووس کەسایەتی (خایم) ی بەجۆرێك خوڵقاندووە، تاوەکو ئامادەی بکات بۆ هەموو ئەو ئەگەر و پێشهاتانەی کە بەرەوڕووی دەبێتەوە. بۆیە (خایم) دەبێتە ئەو کەسایەتییەی، کە ڕۆڵی زیندوو کردنەوەی مێژووی سەدەی بیستەم دەبینێت، کە پڕە لە ململانێ و کێشە و هەلومەرجی نالەبار و شەڕ و برسێتی و پاکتاوکردنی ڕەگەزی بە هۆی جیاوازیی ئاین و زمانەوە. ئاوێنەی ڕووداوەکانیش باشووری کوردستانە. کاتێك (خایم) کەوتووەتە تەمەنەوە، دوو دەفتەری کۆن لە جانتاکەی دەردەهێنێت، کە یادەوەرییەکانی خۆی تێدا نووسیوەتەوە. شیعرێکی لە یەکێك لە دەفتەرەکاندا تۆمارکردووە، کە مێژووەکەی بۆ (٦ ی ئەیلوولی ١٩٣٠) دەگەڕێتەوە. لەو ساتەدا (ئارۆن) کە نەوەیەکی دیکەی (خایم) بە سەرسوڕمانەوە دەپرسێت: ((باپیرە ئەوسا تەمەنت چەند بوو ؟)

– ساڵی ١٩٠٠ لە دایك بووم، یانی ئەو ڕۆژانە ٣٠ ساڵ بووم.

– بەڕاستە باپیرە؟ یانی تۆ ئێستا تەمەنت ٩٦ ساڵە؟)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٤٣٤-٤٣٥).

لەم دایەلۆگەدا هەم بە تەمەنی (خایم) ئاشنا دەبین، هەم پەردە لەسەر ڕووداوێکی مێژوویی واقیعی هەڵدەماڵێت. کە ئاماژەیە بە (شەڕی بەر دەرکی سەرا یاخود ڕۆژی ڕەشی ٦ ی ئەیلوولی ١٩٣٠). کە دانیشتوانی شاری سلێمانی (دژی ئەو

هەڵبژاردنە بوون کە بڕیار بوو لەو ڕۆژەدا ئەنجام بدرێت، چونکە هیچ مافێکی کورد لەو هەڵبژاردنەدا زامن نەکرابوو. خەڵکی شار کۆبوونەوە و بە هوتاف و شیعر خوێندنەوە بەرەو بەر دەرکی سەرا بە ڕێکەوتن، لەو کاتەدا گرژی لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی حوکمەت دروست دەبێت. کە تێیدا تەقە لە خۆپیشاندەران دەکرێت و کۆمەڵێك خەڵکی بێ گوناهـ دەبنە قوربانی) (بابان، ٢٠١٢، ٢٧٣-٢٧٤). واتە لێرەدا ڕۆماننووس، مێژووی یادەوەرییەکانی (خایم) دەکاتە پەیامێك بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئاگاداری ڕابردووی خۆی بێت، کە چۆن بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی بەگژ دەسەڵاتدا دەچێتەوە. ڕۆماننووس کەسایەتی (خایم) ی بەجۆرێك بونیاد ناوە، کە ژیانی بە کۆمەڵێك ویستگەی جیاوازدا تێدەپەڕێت، لە تەمەنی شەشساڵیدا باوکی ڕۆژانە لەگەڵ خۆیدا دەیبردە بازاڕ، بۆ ئەوەی هاوکاری بێت لە کاروباری بەڕێوەبردنی دووکانەکەیاندا، کە دەکەوتە (قەیسەری نەقیب)ەوە لە شاری سلێمانی، چونکە باوکی دەیویست (خایم) ببێتە بازرگان. دواتر لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە داوا لە جووەکان دەکرێت، کە پێویستە چەند منداڵێك بنێرنە (قوتابخانەی ڕوشدییەی سەربازی)، (خایم) یەکێك دەبێت لەو قوتابیانەی لەلایەن جووەکانەوە بۆ خوێندن دەستنیشان دەکرێت، هەرچەندە باوکی (خایم) زۆر دژی ئەو بڕیارە بوو، پێی وابوو خوێندن لەو قوتابخانەیە دژی کلتووری جووەکانە ((یەکەم ڕۆژی چوونم بۆ قوتابخانەی ڕوشدییە باش لە بیرمە لە حەوشەکە تێکەڵاوی کۆمەڵێك قوتابیی تریان کردین، ئێمە شەش منداڵی جوو بووین، دوای ئەوەی کۆمەڵێك قوتابیی بەتەمەن لە ئێمە گەورەتر چەند سروودێکی تورکییان بە کۆرس خوێند، ئاڵای عوسمانی و بە قسەی قوتابییەکان بێت ئاڵای ئیسلامیان هەڵکرد)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٨-١٩). ئەم دیمەنەش بۆ نمایشکردنی سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان بووە، کە لە ساڵانی (١٩٠٨) دا لە کوردستاندا خاوەنی دەسەڵاتێکی بەهێز بوون، بەڵام (خایم) دوای دوو ساڵێك واز لە خوێندن دەهێنێت. بەم جۆرە (خایم) هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەرفەتی بەریەککەوتی لەگەڵ خەڵکانی تردا بۆ دێتەپێش، بەڵام ژیانی لە تەمەنی منداڵیدا زۆر سەخت بوو، چونکە نەیدەتوانی هاوسەنگییەك لە نێوان حەز و خولیاکانی خۆیی و خواستی دایك و

باوکی و بیروباوەڕە ئاینییەکەیدا بکات، دایکی (خایم) هەموو شەوێك پیاوچاکێك دێتە خەوی و ئەم پەیامەی پێدەدات ((خوا ئەو کوڕەی پێ بەخشیویت بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا ببێت بە حاخام)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٢٤). بۆ هێنانەدیی خەونی دایکی ناچارە ماوەیەك لە (کنێسەت) بخوێنێت. باوکی (خایم) هەمووکات سەرزەنشتی دەکرد و بەکەسێکی بێکەڵکی لە قەڵەم دەدا، ئەمەش فشاری زیاتری لەسەر باری دەروونی جێدەهێشت ((دایکت ڕاستی ئەکرد تۆ و کەسابەتیان نەوتووە، تۆ خوا بۆ حاخامی خوڵقی کردوویت! باوکم بەو نەخۆشی و بارگرانییەی خۆیەوە هەموو ڕۆژێك ئاوای پێ ئەوتم)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٧٩). بێگومان لە (هەموو ڕۆمانێکی مێژووییدا هەم مێژوو ئامادەیی هەیە، هەم ئەو وێنە ئەندێشەییانەی کە ڕۆماننووس دەیخوڵقێنێت، بۆیە لە ڕۆمانی مێژووییدا پێویستە هەر دوو لایەنەکە تەواوکەری یەکدی بن، چونکە ئەگەر ڕۆمان تەنها ڕووداوی واقیعی لە خۆ بگرێت دەبێتە مێژوو، هەروەك چۆن ئەگەر ئەندێشە بەسەریدا زاڵبێت، ئەوا بە ڕۆمانی مێژوویی ناوزەد ناکرێت). (حسن، ٢٠١٠، ١٣٦). ڕۆماننووس لەڕێی کەسایەتی (خایم)ەوە توانیویەتی واقیعە مێژووییەکە و ئەندێشەکانی خۆی پێکەوە بگونجێنێت و دەقێکی ئیستاتیکی لێ بەرهەم بهێنێت. بۆیە بە وریاییەوە ڕیتمی درامی ڕۆمانەکە بەرەوپێش دەبات و مەبەستێتی یاری بە شوێنی ڕووداوەکان بکات و جوگرافیایەکی فراوانتر بخزێنێتە نێو پانتایی دەقەکەوە. بۆ ئەم مەبەستەش (خایم) ئامادە دەکات، تاوەکو چەند ساڵێك بۆ خوێندنی ئاینی ڕوو لە شارەکانی (کەرکوك و بەغداد) بکات. گەشتی نێوان شارەکان ئەزموونێکی دیکە بۆ کەسایەتی (خایم) زیاد دەکەن و ئاستی بیرکردنەوە و تێڕامانی فراوان دەکەن، چونکە ئاشنای کەسانێك دەبێت، کە لە ئاست و پلەی جیاوازیی ڕۆشنبیرییدان، جگە لەوەی گۆڕانکارییە ژینگەییەکەش کاریگەرییان لەسەر پێگەیاندنی کەسایەتی دەبێت. بەمەش ئاسۆی بینینی فراوانتر دەبێت. هەروەها بەوریاییەوە گوێ بیستی ئەو گۆڕانکارییانە دەبێت، کە لە کوردستان و عێراق و جیهاندا لەو سەردەمانەدا دەگوزەرێت، واتە (خایم) ئەو کارەکتەرە کارا و گەشەسەندووەی نێو ڕۆمانەکەیە، کە دەبێتە پردی پەیوەستکردنی هەلومەرجی کوردستان بە شارەکانی دیکەی عێراقەوە.

ڕۆماننووس ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی تەوزیفی نێو ڕۆمانەکە دەکات، کە ئەویش بەزۆر ڕاپێچکردنی دانیشتوانی کوردستانە لەلایەن عوسمانییەکانەوە بۆ غەزاکردن دژی ڕووسەکان ((هەر کەسێك بۆ سەفەربەلیك بڕوات، ئیتر بە تەمای گەڕانەوەی مەبن!)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٤٤). ڕۆماننووس وێنای ئەو ڕۆژگارانەی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی دەکات، کە چۆن برسێتی و نەبوونی و قاتوقڕی و نەخۆشی و هەژاری یەخەی دانیشتوانی کوردستانی گرتووە و بەبێ جیاوازیی ئاین و ڕەگەز هەموویان باجی ئەو ژیانە سەختە دەدەن، زوڵم و زۆرداریی عوسمانیەکانش هێندەی تر ژیانی لە هاوڵاتییان تاڵ کردبوو، چونکە دەستیان کردبوو بە ڕەشبگیری و هەموو ئەو گەنج ولاوانەی کە زیندوو مابوونەوە بە زۆرەملێ و بەناوی غەزاوە ڕاپێچی شەڕیان دەکردن، ئەو ڕەشبگیرییەش لە مێژوودا بە (سەفەربەلیك) ناسراوە و ئەوەی ڕۆیشتووە ئیدی نەگەڕاوەتەوە. (خایم) بەم شێوەیە وێنای ئەو ساتانە دەکات ((ئەو پێنج ساڵەی لە ماڵی ماتان و لە شاری کەرکووك ژیام، ساڵانی جەنگ و گرانییە گەورەکە بوو، وشەی سەفەربەلیك وێردی سەر زوبانی هەموو کەسێك بوو، بە درێژاییی ئەو ساڵانە قاتوقڕی و برسێتی بەردەرگای بە هەموو کەسێك گرتبوو، لە سلێمانییەوە تەنها هەواڵی تاعوون و ڕشانەوە و مردنم پێ ئەگەیشت)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٤٥-٤٦). (خایم) شاهیدێکی بەئاگای مێژوویەکی پڕ لە تراژیدیایە. گێڕەرەوە لە گواستنەوەی وێنە تراژیدییەکان بەردەوامە ((مەینەتی ساڵانی جەنگ و گرانی، دانیشتووانی گەڕەکی جوولەکەی کردبوو بە خزم و دۆستی نزیکی یەکتری، ژن و منداڵەکان بووبوون بە لێپرساو و گەورەی ماڵ، ئەو پیاوانەی تاعوون و ڕشانەوە نەیکوشتبوون یان لەلایەن تورکەکانەوە دەستگیر نەکرابوون، لە ژێر زەمینەکاندا وەکو جرج و مشکی ناو زێرابەکانی شار ئەژیان............. گەڕەکی جوولەکان بێجگە لە بۆگەنی شیوەکە بەردەوام بۆنی لاشەی مردووی لێ دەهات)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٥٥). کاریگەریی جەنگ و نەخۆشی و برسێتی لە ژێر دەستی داگیرکەرێکی دڵڕەقدا هێندەی دی ڕەهەندی دەروونی و جەستەیی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمەی شەتەك و ماندوو کردبوو. بێگومان گێڕەرەوە مەبەستیەتی لە ڕێی ئەو وێنانەوە، وەرگر قەبارەی ئەو کارەساتە بزانێت، کە لە باشووری کوردستاندا دەگوزەرا.

ڕۆماننووس بۆ خێراکردنی ڕەوتی گێڕانەوە باز بەسەر چوار ساڵی کاتی ڕۆماندا دەدات، کە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانییە ((لەو چوار ساڵەی سەردەمی گرانی و جەنگدا، گەلێك لە شێخ و مەلاکانی شاری سلێمانی لەلایەن سوڵتانەوە خەڵات کران، هەندێکیان بە مەدالیای زێڕ و ئەوانی تر دوای جەنگ خەرجیی چوونی حەجیان بۆ کرا)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٥٦). لەو نەهامەتییەدا، گێڕەرەوە پەردە لەسەر ڕووی کۆمەڵێك کەسی هەلپەرست هەڵدەماڵێ، کە بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی کەسی بەناوی ئایینەوە خزاونەتە سەنگەری دوژمنەوە و لە چەوساندنەوەی نەتەوەکەی خۆیاندا بەشداربوون.

ڕەهەندێکی دیکەی ڕۆمانی مێژوویی ئاماژەدانە بە کات یاخود مێژوویەکی دیاریکراو، ڕۆماننووس بە کارامەییەوە تەوزیفی کاتی مێژوویی کردووە. ئەویش تۆمارکردنی ڕێکەوتی گەیشتنی (خایم) ە، بە شاری بەغداد ((٢٠ ی مانگی دووی ساڵی ١٩١٧ لەگەڵ کاروانەکەی عەبدولکەریم ئەلیاس بەرەو بەغداد کەوتمەڕێ، ............ پێنجی سێی ساڵی ١٩١٧ لەگەڵ کاروان گەیشتمە بەغداد)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٨٧ و ١٠٢). بەرجەستەکردنی ئەو کاتە مێژووییە، زەمینە خۆشکردنە بۆ خولقاندنی ڕووداو و بەسەرهاتی نوێ لە نێو بونیادی ڕۆمانەکەدا، کە خۆی لە هاتنی ئینگلیزەکاندا بەرەو بەغداد دەبینێتەوە ((سوپای ئینگلیز لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیان بۆ سەر شاری بەغداد هێناوە، موختاری گەڕەکەکان داوایان لە خەڵکی کردووە هەموو چەك هەڵگرن و دژی ئینگلیز بوەستنەوە، ............ سەر لە بەیانی ڕۆژی ١١ ی ئازاری ساڵی ١٩١٧ سوپای بەریتانی شاری بەغدادیان داگیرکرد)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٠٤ و ١٠٦). ئەرکی (ڕۆمان و ڕۆمانی مێژوویی، ڕەخنەگرتنە لە کۆمەڵگە و شیکارکردنی پێدراوەکانییەتی، ڕووداویش هەرچەندە بچووك بێت، ئەوە لەسەر جیهانبینیی ڕۆماننووس دەوەستێت، کە چۆن بتوانێت ڕووداوێکی مەزنی لێ بخولقێنێت). (حسن، ٢٠١٠، ١٣٥). لەم ڕوانگەیەوە، ڕۆماننووس کاتی گەشتەکەی (خایم) کە ڕووداوێکی کەسییە بە ڕووداوێکی مەزنەوە دەبەستێتەوە، کە گۆڕانکاری گەورەی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەدا لێ دەکەوێتەوە. ئەمەش پەیوەستە بەو گەمە هونەرییەی کە ڕۆماننووس ئامادەسازی بۆ دەکات.

ڕۆماننووس بۆ بەخشینی خەسڵەتی واقیعیبوون بە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) بەردەوامە، هەربۆیە گێڕانەوەی ڕووداوەکان ڕەوتێکی زنجیرەیی وەرگرتووە ((مانگی تشرینی ساڵی ١٩١٨ ئینگلیزەکان گەیشتنە شاری سلێمانی، پاش دوو حەفتە و دوای ئەوەی بارودۆخەکە ئارام بوویەوە نوئێل ناوێك کرا بە ڕاوێژکاری سیاسی مێجەر دانلیس وەکو ڕاوێژکاری سەربازیی شێخ مەحموود دانرا)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٢١).
ئەم ڕێکەوتەش لەگەڵ سەرچاوە مێژووییەکاندا تەبا دێتەوە، چونکە ئینگلیزەکان بەپێی ڕێکەوتنێك لەگەڵ (شێخ مەحموود) دا، لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩١٨ دا دەگەنە شاری سلێمانی و (مێجەر نوئێل) فەرمانی دانانی (شێخ مەحموود)، وەکو حوکمداری کوردستان ڕادەگەیەنێت. (بابان، ٢٠١٢،٢٠٨).

ڕۆماننووس وێنەی ڕووداوێکی دیکەی نەخوازراوی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە دەکێشێت، کە کۆمەڵێك گەنج لەلایەن کەسانی ئاژاوە گێڕەوە هاندراون بەدار و بەرد پەلاماری گەڕەکی جوولەکان بدەن ((زیاتر لە چل بۆ پەنجا گەنج و منداڵ ئەبوون، زۆرینەیان دار یان بەردیان لە ناو دەست بوو، چەندین کەسیان بە جامانە دەموچاوی خۆیان هەڵپێچابوو، ................ خەڵکەکە ڕژانە ناو کۆڵانەکانی گەڕەکی جوولەکان، بەدار و بەرد کەوتنە لێدانی دەرگای ماڵەکان و بەردتێگرتنی پەنجەرەکان)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٦٢). ئەم ڕووداوانە لەو سەردەمانەدا پێکەوە ژیانی نێوان موسڵمانان و ئایینەکانی دیکەی وەکو جوو و مەسیحی دەخستە ژێر پرسیارەوە. بێگومان هاندانی ئەو گەنجانە بۆ هەڵکوتانە سەر جووەکان بە بیانووی جیاوازیی ئایینەوە و زیان گەیاندن بەسەر و ماڵیان لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر دوور بووە، چونکە پێکەوە ژیان لە کوردستان مێژوویەکی دێرینی هەیە و سەرجەم ئایین و ئایینزا و پێکهاتەکان پێکەوە بۆ ماوەی چەندین سەدە لە کوردستاندا بە ئارامی ژیاون، هەربۆیە دوای ڕووداوەکە پیاوماقووڵانی شار پێکەوە کۆدەبنەوە و هەوڵی هێورکردنەوەی گرژییەکان دەدەن.

کەسایەتی سەرەکیی ڕۆمانەکە (خایم) ژیانی پڕ بوو لە گۆڕانکاری، دوای ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ (کانیشا)ی پوورزایدا دەکات. جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ بەغداد و بەکاری بازرگانییەوە سەرقاڵ دەبێت. پاشان دەبنە خاوەنی

کوڕێك ((ڕۆژی دووی مانگی چواری ساڵی ١٩٢٦، لە بەغداد، حەکیمی کوڕم لە دایك بوو، دوای لەدایکبوونی حەکیم، باری دەروونیی کانیشای خێزانم تێکچوو، بە جۆرێك نەیئەتوانی خزمەتی خۆی و کۆرپەکەی بکات، مەجبوور بووم ئەو ساڵانە کارەکەر بگرم)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٤٢). (کانیشا) ی خێزانی (خایم) دوای ئەوەی باری دەروونی و جەستەیی زیاتر تێکدەچێت، خۆی ژەهر خوارد دەکات و بەو هۆیەشەوە گیانی دەردەچێت. ئیدی ئەم کارەساتە (خایم) زۆر ناڕەحەت دەکات و بڕیاری گەڕانەوە بۆ سلێمانی دەدات، لە سلێمانیش دوو لە خۆشەویسترین هاوڕێکانی بە ناوی (ڕەحیم و ڕەحمان) لە دەست دەدات. ئەمەش زیاتر لەڕووی دەروونییەوە دەیڕووخێنێت ((کوژرانی ڕەحیم و ڕەحمان ئاسەواری برینێکیان لەسەر سنگمدا بەجێ هێشت، کە بە درێژاییی تەمەنم لە یادی ئەواندا بەردەوام برینەکە تازە ئەبوویەوە و ئازاری ئەهات)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٥٥). ڕۆماننووس، بۆئەوەی ڕەهەندی دەروونیی (خایم) بە وەرگر بگەیەنێت. هەروەك چۆن هەندێك رۆماننووس (وێناکردنی ڕەهەندی دەروونیی کەسایەتی بە گرنگتر دەزانن لە ڕەهەندی جەستەیی، چونکە فاکتەرە دەروونییە ئاڵۆزەکان ئاکاری تاك دیاری دەکەن، کە خودی تاك بۆ خۆشی هەستیان پێناکات، بۆیە زیاتر ڕووناکی دەخرێتە سەر دیوە شاراوەکەی تاك). (الجنابي، ٢٠٠٩، ٩٥). لەم ڕوانگەیەوە ڕۆماننووس کار لەسەر ئاشکراکردنی دیوی ناوەوەی (خایم) دەکات، تاوەکو وێنای ئەو حاڵەتە دەروونییە بکێشێت، کە پێیەوە گرفتارە ((ساڵانێك تێپەڕین و چەندین گۆڕانکاری ڕوویان دا و من هێشتا دوای کوژرانی ڕەحیم و ڕەحمان بە ماڵ و شاری سلێمانی گەشبین نەبووم، چەند جارێك ویستم بە تەنیا و بەبێ ئەوەی کەس ئاگادار بکەمەوە سەری خۆم هەڵگرم و بڕۆم، پاشان بە ڕێکەوت مانگی دووی ساڵی ١٩٣٦ لە بەغداد لە شەریکەی تۆماس کوك بیتاقەی قیتارم بڕی، بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە نووسینگەکە وەرمگرت، گوایا لە ڕێگای ئەستەمبوڵەوە بە حەوت ڕۆژ ئەگەمە شاری پاریس)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٦٦). (خایم) دەیویست لەڕێی ئەم گەشتەوە باری دەروونی ئارام بکاتەوە و هێمنی بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام کاتێك دەگاتە پاریس و کنێسەتی جووەکان دەبینێتەوە، لەوێش دووچاری واقیعێکی تاڵ دەبێتەوە ((بەڕێکەوت لە شانزەلیزەی چوومە بەردەمی

کنێسەتێك و بە ئەستێرەکەی داودا ناسیمەوە، ئەو ڕۆژە لە ئەڵمانیا و چەند وڵاتێکی هەرێمی بەڵقانەوە نێزیکەی دە خێزانێك ناچار کرابوون و بۆ پاریس هەڵهاتبوون، کاتێك کەوتمە لێدوان لە گەڵیاندا و باسی خۆمم بۆ کردن و پێم وتن، کە ئەمەوێت بەیەکجاری لە پاریس بمێنمەوە، پیاوێکی بەتەمەن، کە لە شاری کیێف حاخامی کنێسەت بووبوو، توند یەخەی گرتم و هاواری کرد بەسەرمدا و بەتووڕەییەوە پێی وتم، ڕۆژ بە ڕۆژ بیری نازییەت لە ئەوروپادا پەرە ئەسەنێت، لە هیچ وڵاتێکدا ئێمەی جووەکان پارێزراو نابین و مەجبوور ئەبین بۆ ئەمریکا یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕۆین، ئیتر تۆش لەوێوە هاتوویت و ئەتەوێت لەم دۆزەخە بمێنیتەوە ؟)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٧٠). ئامۆژگارییەکانی (حاخام) بۆ (خایم) پێشبینی کارەسات و جەنگێکی گەورە بوو بۆ داهاتووی جووەکان بە تایبەتی و مرۆڤایەتی بەگشتی، ئەویش بە ترسی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی (نازییەت) لە سەرتاسەری ئەوروپادا پەیوەست بوو، هەرچەندە (خایم) لەو گەشتەیدا لەگەڵ ژنێکی جوو بە ناوی (مارتا) پەیوەندی دەبەستێت و ماوەیەك پێکەوە دەمێننەوە، بەڵام دواتر (مارتا) بەرەو ئەمریکا گەشت دەکات. بەم شێوەیە (خایم) لەڕووی دەروونییەوە دووچاری داڕووخان دەبێتەوە و بڕیاری گەڕانەوە دەدات ((وەکو گەڕیدەیەك ڕێگای وڵاتم گرتەبەر و چۆن چووبووم، ئاوایش بۆ عێراق گەڕامەوە، لە گەڕانەوەمدا زۆر سەرمەست و غەریبی مارتام ئەکرد، هەستم ئەکرد عەشقی مارتا گۆڕانکاری بەسەر خەیاڵ و ڕۆحی مندا هێنابوو، تاوەکو وێستگەی بەغداد لە قیتار دابەزیم لە گەڕانەوەوم پەشیمان بووم)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٧١). هەموو ئەو دەرفەتانەی بۆ (خایم) دێتە پێشەوە، ناتوانن سرەوتێك بە ڕۆحی بیماری بدەن، ئەمەش پەیوەندیی بە بونیادی کەسایەتی (خایم)ەوە هەیە، کە بە جۆرێك خوڵقاوە، تاکو وەك مرۆڤێکی تراژیدی دەربکەوێت و جگە لە غەم و ئازار و نەهامەتییەکانی خۆی، غەمی مرۆڤایەتیشی لە کۆڵناوە. بۆیە هەمیشە لە هاتوچۆدایە، کەچی هەست بە ئارامی ناکات (ئینسان کە نیشتمانی خۆی جێ دەهێڵێت و لە تاراوگە دەگیرسێتەوە نیشتمانی خۆی لەکیس دەچێت، وەلێ تاراوگە نابێت بە نیشتمانی، کە پاش ساڵانێکی دوور و درێژ بۆ زێدی خۆیشی دەگەڕێتەوە، هەست دەکات، ئەوی بۆی گەڕاوەتەوە، نێشتمانەکەی جاران نییە

........... ئەوی نیشتمانی خۆی جێ هێشت، ئیدی جارێکی دیکە بەهەمان نیشتمان شاد نابێتەوە، با بۆیشی بگەڕێتەوە). (حەسەن، ۲۰۰۸، ۳۸). ئەم بارودۆخە تەواو لە کەسایەتیی (خایم)دا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە ناتوانێت لە شوێنێك ئارام بگرێت و هەمیشە لە دۆخی جوولەدایە، کێشەی ئەو کێشەی بوونە لەگەڵ خۆیی و دەوروبەریدا، ناتوانێت وەڵامێکی شیاو بۆ پرسی بوونی خۆی بدۆزێتەوە، بۆیە هەمیشە وەك نامۆیەك دەردەکەوێت.

ڕۆماننووس لەڕێی دیدارێکی (خایم)ەوە، وەرگر بە وێنەی چەند کەسایەتییەکی واقیعی کورد ئاشنا دەکات، کە ئەدگارێکی دیکەی ڕۆمانی مێژووییە، ئەویش کاتێك دەیەوێت لەگەڵ (حاجی تۆفیق - پیرەمێرد) و (حەمە ئەمین زەکی) و کەسێکی دیکە بە ناوی (عەبدولکەریم ئەلیاس)دا، سەردانی قەشەی نوێی کەنیسەی مریەمی عەزرا لە سلێمانی بکەن، بەمەبەستی بەخێرهێنانی. لەو دیدارەدا زۆر پرس و بابەتی پەیوەست بە هەلومەرجی گشتی عێراق و کوردستان و بارودۆخی (مەسیحی و جووەکان) کە کەوتبوونە بەر هەڕەشەی عەرەبە شۆڤێنییەکانەوە شرۆڤە دەکەن. هەموویان لەسەر ئەوە هاوڕا بوون کە دۆخی ناوچەکە بەرەو گرژی و جەنگ دەچێت و ئاکامەکەشی هەڵایسانی جەنگی دووەمی جیهانی بوو، هەر لەم دیدارەدا (حاجی تۆفیق – پیرەمێرد) ئاماژە بە نامەیەك دەکات ((ئەم نامەیەم لە تۆفیق وەهبییەوە بۆ هاتووە، کە حاڵی حازر لە فەلەستینە و دەڵێت ئێستا لە ئێستگەیەکی ڕادیۆ لە حەیفا پێکەوە لەگەڵ عەبدوڵڵا گۆران و ڕەفیق چالاك کار ئەکەین)). (نیشتمانی سارا، ۲۰۱۹، ۱۸۰). جوولەکە دەوڵەمەندەکانی شاری سلێمانی ڕۆڵیان هەبووە لە (باربۆکردنی کۆمەڵەی زانستی کوردان........ هەروەها یارمەتیدان و دەستگیرۆیی دارایی بۆ کڕینی ئامێری چاپ لە ئەڵمانیا بۆ چاپکردنی ڕۆژنامە، بەو پێیەی کە جوولەکەکانی شار لە خوێنەرانی ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو سەردەمانە بوون، وەك (پێشکەوتن) (ڕۆژنامەی کوردستان) (بانگی کوردستان) (ئومێدی ئیستقلال) (ژیانەوە) (ژیان)، شانبەشانی خەڵکانی دەستڕۆیشتووی شار و لە دووەم (حکومەتی کوردستان)دا بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموودی گەورە). (حەمەتۆفیق، ۲۰۱۵، ۱۱٤ -۱۱٥). (خایم)یش لە ڕۆمانەکەدا خوێنەر بەم دیمەنە ئاشنا دەکات ((کاتێك لە کەنیسەی مریەم هاتینە دەر،

حاجی تۆفیق (مەبەست پیرەمێردە) ڕووی لە من و عەبدولکەریم ئەلیاس کرد و پێی وتین، ئەوە خۆمن بۆ ژین بەتەمای پیتاکی ئێوە بووم، ئەرێ براگەلینە ئێوە کەی ئەوەندە چرووك بوون، ئادەی چیتان بۆ کردم ؟)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ١٨٢). بەحوکمی ئەوەی (خایم) کەسێکی هەبوو بووە، هەروەها ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدیب و ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆیدا هەبووە. بۆیە پشتگیرێکی بەردەوامی بزاڤی ڕۆشنبیری بووە.

لە ڕێی یادەوەرییەکانی (خایم)ەوە، خوێنەر بە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی ئاشنا دەبێت، کە لەلایەن حوکمەتی عێراقەوە تایبەت بە جووەکان دەرچووە ((بە بڕیاری نووری سەعیدی سەرۆك وەزیرانی عێراق جولەکەکان هەموویان دەستبەسەرن و موڵك و ماڵیان دەستی بەسەردا ئەگیرێت ............ لە سلێمانی دائیرەی ئەوقاف ڕاسپێردراوە تاوەکو حەل و فەسڵی سەروەت و ماڵی ئێوە (مەبەستی جووەکانە) بکات)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٢٠٩). بەپێی ئەم بڕیارەی دەوڵەت دەبوایە سەرجەم خێزانە جووەکانی عێراق بە سەڵتی لە وڵات دەربکرێن و ڕەوانەی ئیسرائیل بکرێن. بەم شێوەیە گشت ئەدگار و گۆڕستان و شوێنە ئاینییەکانیان، بەپێی پلانی حوکمەت لە ناو دەبرێن و هەوڵی سڕینەوە و پاکتاوکردنیان دەدرێت ((کنێسەتەکەی گەڕەکی جوولەکانی شاری سلێمانی لە سەرەتای دروستبوونی شارەوە بنیاد نرابوو، ساڵی ١٩٥٥ دوای ئەوەی سێ ساڵ داخرابوو، نۆژەن کرایەوە و ناوی مزگەوتی شێخ عەباسی لێ نرا، قەبرسانەکان، بە پلان کران بە شوێنی نیشتەجێبوون و خانوویان لەسەر دروست کرا، ............ ئەوسا گۆڕستانی جووەکانی شاری سلێمانی لە نێوان گەڕەکی سەرشەقام و جوولەکاندا بوو، ساڵی **١٩٥٣** جادەیەکی سی مەتر پانی بە نێواندا کێشرا و تەواوی گۆڕستانەکە لەسەر نەخشەی شارەکە سڕایەوە)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٢١٠). یەکتر قبووڵ نەکردن و بیری تەسکی شۆڤێنییەتی عەرەبی هاندەر بوو بۆ سڕینەوەی شوێنەواری جووەکانی کوردستان و پاکتاوکردن و دەرپەڕاندنیان لە وڵات. دوای ئەوەی هەموو خێزانە جووەکانی شاری سلێمانی بەر شاڵاوی دەرکردن دەکەون. تەنیا (خایم) و خێزانەکەی لە سلێمانییدا دەمێننەوە، ئەوانیش بۆ خۆ حەشاردان لە گەڕەکێکی دیکەی شاردا خۆیان پەنا دەدەن و لە فەرمانگەی

ڕەگەزنامەش ناو و دیانەتی خۆیان دەگۆڕن ((هەرچەندە باپیرە خایم و حەکیم پێنج ساڵێك لەوەوبەر بە بەرتیل و هاوکاریی دۆستانیان ناو و دیانەتەکەیان لەسەر ناسنامەکانیان گۆڕیبوو)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٢٥٩). (خایم) زۆر بەتوندی بە کورستانەوە پەیوەست بوو، بەڵام (حەکیم) ی کوڕی زیاتر سۆزی بیروباوەڕە ئاینییەکە بەسەریدا زاڵبوو، بۆیە هەمیشە باوکی هاندەدا بۆ ئەوەی بچنە ئیسرائیل و کوردستان بەجێبهێڵن، بەڵام (خایم) بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە ((ئەزانیت حەکیم ساڵی ١٩٠٠ باوکم یەکەم کەس بووە، لەگەڵ دروستکردنی ئەو قەیسەریی نەقیبەدا دووکانی تێدا بە کرێ گرت. ئەوە بە تۆوە سێ نەوە لەسەر ئەو کولانە گورگە ژیاوە)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٢٦٠). (خایم) نەیدەویست دەستبەرداری مێژووی خۆی و خاکی کوردستان بێت، (خایم) بۆ ئەوەی بە (حەکیم) ی کوڕی بسەلمێنێت دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو و دەڵێت ((سلێمانی شاری ئێمەیە، وڵاتی کوردستان جێگای باو و باپیرانمانە نەك ئیسرائیل، ئێمە پێش دروستبوونی شاری سلێمانییش لە قەڵاچوالان بووین و بە ڕەنجی شانی خۆمان ژیاوین، ئەوە بۆ زیاتر لە سێسەد ساڵ ئەچێت ئێمە ڕەنج ئەدەین و شێخ و دەرەبەگ بە چاوی کەم و سووکایەتیپێکردنەوە سەیری ئێمە دەکەن و سەرانەمان لێ ئەسەنن، باپیرە گەورەم خۆی لە قەڵاچوالان لە دایك بووە و لە دروستکردنی شاری سلێمانیدا ڕاوێژکار بووە، خۆی یەکەم بەردی بناغەی گەڕەکی جوولەکانی داناوە، بە پارە و بیری ئەو بازاڕ و ئابووریی شار دروست کراوە و بووژاوەتەوە، ئێستا ئەوان ئێمە بە دەرەکی و غەریب لە قەڵەم ئەدەن و بەرەو ئیسرائیل یەك- یەك و بەکۆمەڵ دەرمان ئەپەڕێنن)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٢٦٠). هەرچەندە (خایم) لەو بارو گوزەرانەی کە تێیدایە ناڕازییە و ڕەخنە دەگرێت، کە تەنیا بە هۆی بیروباوەڕە ئاینییەکەیانەوە سووکایەتییان پێدەکرێت و سەرانەیان لێ وەردەگیرێت، بەڵام لە کوردستاندا خۆی بە نامۆ نازانێت، چونکە خاوەنی مێژووە، بەڵام بەخت یاوەری (خایم) نابێت و شەوێك هێزێکی تایبەت هەڵدەکوتنە سەرماڵیان و بەزۆرەملێیی ڕاپێچیان دەکەن ((سەڵت و قوت پێچایانینەوە و هەر ئەو شەوە بۆ دەمەو بەیانی گەیاندینیانە بەغداد، ڕۆژی دوای ئەو شەوە لە فڕۆکەخانەی بەغداد سواری فڕۆکەیان کردین و ڕاستەوڕاست لە فڕۆکەخانەی یورشەلیم دابەزین)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٢٨٩).

(خایم) دوای دابڕانێکی زۆر لە کوردستان و ژیان لە ئیسرائیل بەم شێوەیە لەگەڵ (مەحموود)ی کوڕەزایدا دەدوێت، کە ئالوودەی مادەی هۆشبەر بووە و لە نەخۆشخانەیەکی دەروونیدا لە ژێر چاودێریدایە ((ئەوە بۆ سی ساڵ ئەچێت من و تۆ چۆن ژیاوین، من وەکو قەلەڕەشێکی تەنیا لە کولانەیەکی بەرز و لە باڵەخانەیەکدا بەبێ هیچ پەیوەندی و هاودەنگێك ژیام، بەردەوام پەیکەرم تاشیوە و شەرابم خواردۆتەوە و بە خەیاڵ لە جادە و کۆڵانەکانی سلێمانی بووم، تۆش لەوەتەی لە لاوێتیەوە هاتوویتە ئەم وڵاتە لە نیگارکێشان و عارەقخواردنەوە زیاتر هیچی ترت نەکردووە، کەواتە من و تۆ هەمان کێشەی دەروونیمان هەیە)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٤١٦-٤١٧). کێشەکەیان بریتییە لە دابڕان لە مێژووی خۆیان، بۆیە بە نامۆییەوە لە خۆیان دەڕوانن، چونکە پێی وایە کاتێك مرۆڤ لە زێدی خۆی هەڵدەکەنرێت. ئیدی هیچ شوێنێك بە هی خۆی نازانێت و بەردەوام بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە. بۆیە (خایم) لەبەریەك هەڵوەشانەوەی خێزانەکەیان دەکاتە نموونە، ئەوەتا (خایم و مەحموود) لە بارێکی دەروونیی خراپدان. (حەکیم)ی کوڕی لە باڵەخانەیەکی بڵندەوە خۆی فڕێداوەتە خوارەوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. ئەمە وێنەی خێزانێکە، کە لە مێژووی خۆی دابڕێنراوە و دووچاری غوربەت کراونەتەوە، کە ئاکامەکەی تێکچوونی شیرازەی خێزانەکە و ونبوونیەتی، (خایم) دەیەوێت خۆی لەو ئازارە ڕزگار بکات. بۆیە بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو. ئیدی دوای سی و دوو ساڵ دابڕان، (باپیرە خایم) لەگەڵ نەوەیەکی بەناوی (ئارۆن) دەگەڕێنەوە بۆ نیشتمان ((مانگی شەشی ساڵی ١٩٩٦ لە فڕۆکەخانەی بەغداد دابەزین)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٤٤٠). ئیدی بە گەڕانەوەی بۆ کوردستان هەموو ڕابردووی خۆی وەبیردێتەوە و دەیەوێت یەك یەك سەردانی ئەو شوێنانە بکات کە پڕن لە یادەوەرییەکانی ژیانی ((ڕۆژێك دوای ئەوەی گەیشتبوونەوە سلێمانی، لەسەر شیوەکەی جوولەکان ڕاوەستابوو، قۆڵی لە قۆڵی ئارۆن هەڵپێکابوو، ئەیزانی بەبێ هێز و هاوکاریی ئەو پێکانی هێزیان تێدا نییە هەنگاو هەڵبێنێتەوە، ............ زیاتر لە نیو کاتژمێر لەوێدا بە بێدەنگ لە ئاو و لیتاوی شیوەکەی ئەڕوانی)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٤٤١). (خایم) دەیویست سەردانی قەیسەری نەقیب و بەر دەرکی سەرا و ئەو شوێنانە بکات کە

هۆگری ببوو، بەڵام مەرگ ڕێگەی نادات ((باپیرە خایم تەنها دوو ڕۆژ لە سلێمانی ژیا، ئێوارەی ڕۆژی دووەم، ................ بەبێ ماڵئاوایی و لە چەند هەناسەیەکدا چاوی لێك ناو گیانی دەرچوو، ڕۆژێك دوای مردنی لە گۆڕستانی سەیوان لە تەنیشت حەمەجانی هاوڕێیەوە ناشتیان)). (نیشتمانی سارا، ٢٠١٩، ٤٤٣). (خایم) وەك کەسایەتییەك لە ئاستی سیمبولدا دەردەکەوێت، دەبێتە ئەڵقەی پێکەوە بەستنی ڕابردوو و ئێستا، هەر بۆیە لە دەسپێکی ڕۆمانەکەدا (گەڕەکی جوولەکان) وەك شوێن ئامادەیی هەیە. بەهەمان شێوە لە کۆتاییشدا گێڕەرەوە دەگەڕێتەوە هەمان شوێن. گەشتەکەی (خایم) گوزارشتە لە گەشتی ژیان و هێمایەکە بۆ بەردەوامی و سڕینەوەی سنوورەکان، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکە ناتوانێت دەستبەرداری ڕابردوو و مێژووی خۆی بێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) هەوڵی وێناکردنەوەی ئەو مێژووە دێرینە دەدات . تاوەکو جارێکی دیکە لەو ڕابردووە بڕوانین و شرۆڤەیەکی ورد بۆ قۆناغەکانی بکەین.

گرنگیی مەزراندنی ڕووداوە مێژووییەکان لە نێو ڕۆمانەکەدا، خۆی لە زیندووکردنەوەی ڕابردوویەکدا دەبینێتەوە، کە پێویستی بە خوێندنەوەی ورد هەیە، چونکە ناکرێت تەنیا وەك چەند ڕووداوێکی تێپەڕ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو خستنە ژێر پرسیاری زۆربەی جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگەکەمانە لە ئێستادا و پێویستە تەواوی ئەو ڕووداوانە شرۆڤە بکرێن و وەڵامیان بدرێتەوە، کە پەیوەستن بەو پەیوەندییانەی کە کۆمەڵگەی کوردیی لەسەر بونیاد نراوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئاینی و فەرهەنگییەوە، کە ئایا ڕەوایە تەنیا بە هۆی جیاوازیی بیروباوەڕی ئاینییەوە ئاسایشی کۆمەڵگە بکەوێتە بەرمەترسی و هەڕەشەوە؟ ئایا ناکرێت گیانی لێبووردەیی و بەخشندەیی جێگەی ڕق و کینە بگرێتەوە؟ بۆچی دەیان هەزار کەس تەنیا لە بەر بیروباوەڕ لە زێد و لە مێژوو و لە تەواوی پیرۆزییەکانی دابماڵرێت؟ واتە پەیامی ئەدەب تەنیا نمایشکردن و دووبارە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکو تیشك خستنەسەر ڕەهەندە هەستیارەکانی ژیانە، واتە ڕاکێشانی سۆز نییە بەقەد ئەوەی هەوڵێکە بۆ دووبارە خستنە ژێر پرسیاری لایەنی پێکەوە ژیان لە بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگدا، ئەوەی جێگەی تێڕامانە، نەتەوەی کورد خۆی هەمیشە

قوربانی و زۆڵم لێکراو بووە و دووچاری جۆرەها پاکتاویی جەستەیی و ڕەگەزی و فەرهەنگی بووەتەوە، بۆیە هەرگیز نەیویستووە کەمە نەتەوە و ئاین و ئایینزا و بیروباوەڕە جوداکان پاکتاو بکات، یاخود هەوڵی سڕینەوەیان بدات. ڕەوانەکردنەوەی جوولەکەکانیش لە عێراقدا پەیوەندی بە بەرژەوەندیی دەوڵەتی عێراق و هاوکێشە ڕامیارییەکانی سەدەی ڕابردووەوە هەبووە، کورد وەکو نەتەوە هیچ ڕۆڵێکی لەو کێشەیەدا نەبووە، بۆیە ڕۆماننووس ڕەخنە لەو بەهایانە دەگرێت، کە جۆری پەیوەندییەکان لە کۆمەڵگەکاندا دادەڕێژن و پێی وایە ئیدی سەردەمی ئەوە هاتووە، جارێکی دیکە پێناسەی چەمکگەلی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان و یەکسانی و ئازادیی بیروڕا بکرێتەوە، چونکە توندوتیژی تەنیا توندوتیژی بەرهەم دێنێتەوە، بۆیە پێویستە ڕێگری بکرێت لە دووبارە بوونەوەی هەڵەکانی مێژوو و چیدیکە هیچ نەتەوە و ئاین و ڕەگەزێك نەکەونە بەر شاڵاوی پاکتاوکردن و سڕینەوەی شوناسیان. واتە وێنە گەورەکە پەیوەندی بە جیهانبینی و تێڕوانینەکانی ڕۆماننووسەوە هەیە، کە دوای تێپەڕ بوونی زیاتر لە حەفتا ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوانەدا هێشتا کۆمەڵگەکان بەردەوامن لەسەر دووبارەکرنەوەی تراژیدیاکان، لە شوێنی جیاواز و بە ناوی جیاوازەوە، بۆیە گرنگی ڕۆڵی تەوزیفی مێژوو لە دەقێکی ئەدەبییدا ئەو پەیامە دەگەیەنێت، کە ڕاگوزەرانە بەسەر هیچ ڕووداوێکدا بازنەدەین و وردتر شرۆڤەیان بکەین.

## ئەنجام:

١.ڕۆماننووس بۆ ئەوەی تایبەتمەندیی مێژوویی بە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا) ببەخشێت، پەنای بۆ تەوزیفکردنی چەندین کەسایەتی مێژوویی بردووە، وەکو (محەمەد ئەمین زەکی بەگ، پیرەمێرد، شێخ مەحموود، تۆفیق وەهبی، ڕەفیق حیلمی، گۆران.... تاد).

٢.وێناکردنی شوێنی واقیعی سیمایەکی دیکەی ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)یە و ئامادەییەکی بەرچاویان لە بونیادی ڕۆمانەکەدا هەیە. وەکو ئەو شوێنانەی تایبەتن بە شاری سلێمانی (گەڕەکی جوولەکان، سەرشەقام، چوارباخ، سابوونکەران، قەیسەریی نەقیب، بەردەرکی سەرا......تاد) ئەمەش لە پێناو بەخشینی خەسڵەتەکانی ڕۆمانی مێژووییە بە ڕۆمانەکە و وابەستەکردنی خوێنەرە بە واقیعی بوونی ڕووداوەکانەوە.

٣. لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، کاتی واقیعی بە ڕۆژ و مانگ و ساڵەوە ئامادەیی هەیە. ئەویش وەکو ئاماژەیەك بۆ ڕووداوە مێژووییەکان و دروستکردنی جیهانێکی واقیعی لە ئەندێشەی وەرگردا، تاوەکو زیاتر بە جیهانی ڕۆمانەکەوە پەیوەست بێت و لە ڕووی هونەرییەوە چێژبەخش بێت.

## سەرچاوەکان:


**یەکەم: ڕۆمان:**

نیشتمانی سارا، میران ئەبراهام، ٢٠١٩، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چ ١.

دەغدو، خوسرەو جاف، ٢٠١٣، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، هەولێر، چ ١.

**دووەم: کتێب بەزمانی کوردی:**

ئەحمەدزادە، هاشم(د)، ٢٠١٢، زمان ئەدەب و ناسنامە، دەزگای ئاراس، چ ١.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد،٢٠١١، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (د)، ٢٠١٥، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناوەندی غەزەلنووس، چ ١.

بابان، جەمال، ٢٠١٢، سلێمانی شارە گەشاوەکەم (بەرگی یەکەم و دووەم)، دەزگای ئاراس، چ ٢.

حەسەن، حەمەسەعید، ٢٠٠٨، بەفرو گڕکان، دەزگای ئاراس، چ ١.

حەمەتۆفیق، ڕێبوار، ٢٠١٥، جوولەکەکانی شاری سلێمانی، ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، چ ١.

ڕۆژبەیانی، زاهیر، ٢٠٠٨، چیرۆکی هونەریی کوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ ٢.

ڕۆژبەیانی، زاهیر، ٢٠١١، کاروباری گێڕانەوە، دەزگای ئاراس، چ ١.

ڕەشید، سابیر، ٢٠٠٧، ڕۆمانی کوردیی، دەزگای ئاراس، چ ١.

**سێیەم: بەزمانی عەرەبی:**

**أ. کتێب:**

اريك، براور و پاتاي، رافائيل، ٢٠٠٢، يهود كردستان، ترجمة: شاخوان كركوكي و عبدالرزاق بوتاني، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل.

پاشا، عبدالرحمن، ٢٠٠١، الرواية الكردية، دار ئاراس، ط ١.

الجنابي، جمال خضير (د)، ٢٠٠٩، الرواية التأريخية، مديرية الطباعة والنشر في دهوك.

عبدالله، يوسف حسن، ١٩٨٥، الفن القصصي بين جيلي طه حسين و نجيب محفوظ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

فضل، صلاح (د)، ٢٠٠٢، مناهج النقد المعاصر، ميريت للنشر والمعلومات، ط ١.

القاعود، حلمي محمد (د)، ٢٠١٠، الرواية التاريخية في أدبنا الحديث، العلم والأيمان للنشر و التوزيع، ط ٢.
لوكاش، جورج، ١٩٨٦، الرواية التاريخية، ت: د. صالح جواد الكاظم، دار الشؤون الثقافية العامة، ط ٢.
ماضي، شكري عزيز (د)، ٢٠١٣، في نظرية الأدب، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، ط ٤.

**ب.نامەی ئەكادیمی:**

جبر، شاهر محمد عبدالرحيم، ٢٠٠٨، الرواية التاريخية العربية في الأدب العربي الحديث ١٩٦٧-٢٠٠٠، اطروحة دكتورا، كلية الدراسات العليا، الجامعة الأردنية،
جرجر، زينب الحرارى عبدالنبي، ٢٠١٥، الرواية التاريخية/ روايتا أرض السواد لعبد الرحمن منيف و الأرامل والولي الأخير لخليفة حسين مصطفى نموذجا، اطروحة دكتورا، كلية اللغات/ جامعة طرابلس، دولة ليبيا.
حسن، امال شحادة، ٢٠١٠ ، الرواية التاريخية بين الأدبين العربي و الروسي في النصف الأول من القرن العشرين، رسالة ماجستير، كليةت الآداب و العلوم الإنسانية، جامعة البعث، الجمهورية العربية السورية، رسالة ماجستير.

**الملخص**

**الرواية التاريخية، رواية (نيشتمانى سارا) نموذجا**

ان هذا البحث دراسة تطبيقية عن رواية (نيشتمانى سارا) كرواية تاريخية، كأحد انواع الروايات، التي تستند في بنيتها الى التاريخ. ولكن هذا لايعني التعامل مع نص الرواية كموضوع تأريخي. بل الروائي يتناول أحداث التاريخ ويصوغها مرة ثانية بشكل فني ممزوجا بعالم الفكر في مخيلته، بحيث يشعر المتلقي أو القاريء بلذة النص الروائي.

ان الرواية التاريخية هي حقل لإعادة قراءة التاريخ بصيغة معمقة، ومحاولة إعادة إحياء الجوانب المخفية في التاريخ. وهكذا يتم ربط الماضي بالزمن الحاضر، حتى نخطوا بوعي تام نحو مستقبل مشرق. ومن هذا المنظور فإن رواية (نيشتمانى سارا) هي محاولة لإعادة تصوير أحداث القرن الماضي في كردستان العراق، و وضع التاريخ محل التساؤل والأستفهام.

## Abstract:

### Historical novel, with reference to Sara's Land novel

This study is entitled (Historical novel, with reference to Sara's Homeland as an example). is a practical analysis of the novel (Sara's Homeland) which is historical novel the structure of which hinges upon history. Yet, This does not necessarily mean any treatment of the text as a history subject matter. Rather, the novelist here narrates the historical events and reshapes them in an artistic mode tinged with ideas and conceptions in his own mind, where the receiver / reader feels the pleasure of the fiction.

the historical novel serves as a field for re-reading history more profoundly and an attempt to revive the dark and hidden aspects of history. Thus, we can connect past to the present time due consciousness. From this standpoint, the novel )Sara's Homeland) is an attempt to re-portray the events of the past century in Iraqi Kurdistan and calling history into question.

# پرۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧ دا

## لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەییە

**د. بورهان حاتەم عوسمان**
کۆلێژی ئاداب -بەشی مێژوو
زانکۆی سەڵاحەددین/ هەولێر
Burhan.Othman@su.edu.krd

### پێشەکی

گوندەکانی پارێزگای هەولێر، لەنێویشیاندا گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە خاوەن پێگەیەکی بەهێزی ئابووری و سیاسی بوون. لەڕووی ئابوورییەوە سەرچاوەی دابینکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری ناوچەکە بوون و تاڕادەیەکی زۆر ئاسایشی خۆراکیان پاراستووە. لەڕووی سیاسیشەوە پشت و پەنایەکی قایمی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بوون. بەشێوەیەك سەرکەوتنی خەباتی هێزەکانی پێشمەرگە لەدژی حکومەت تاڕادەیەکی زۆر بەسترابووەوە بە گوندەکانەوە و سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی پێویستییە مرۆیی و ماددییەکانیان بووە. بۆیە بەبێ هاوکاری گوندەکان نەدەتوانرا درێژە بەو خەباتە بدرێت. حکومەتیش بیانووی سەرەکی بۆ وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە هەر ئەومەسەلەیە بووە.

لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧، گرنگیی زۆری هەیە، چونکە سەرباری ئەو ڕۆڵە ئابووری و سیاسییەی ئەو گوندانە گێڕاویانە، بەڵام تا ئێستا بەشێوەیەکی ئەکادیمی لای لێ نەکراوەتەوە. بایەخی لێکۆڵینەوەکە زێتر لەوەدایە بەڵگەنامەییە و زانیارییەکانی نێوی لە خودی بەڵگەنامە نهێنییە بڵاونەکراوەکانی حکومەت وەرگیراوە، کە بەوردی ژمارە و پلان و بەرنامە و چۆنییەتی و ڕۆژ و مانگ و ساڵی وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەکەی

تێدا خراوەتەڕوو. هەرچەندە ئەم زانیارییە وردانە لەبارەی سەرجەم گوندەکان لەبەردەستدا نەبوون، بەتایبەتی ئەو گوندانەی کە لە قۆناغی دووەمدا وێرانکراون، بۆیە ئەمە یەکێك لەو گرفتانە بووە، کە توێژەر ڕووبەڕووی بووەتەوە. ساغکردنەوەی ناوی گوندەکانیش گرفتێکی دیکە بووە، چونکە ناوی زۆربەی گوندەکان لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتدا بە ڕێنووسی عەرەبی و بەشێوەی هەڵە نووسراون، بۆیە لە هەندێك کاتدا بە زەحمەت توانراوە ناوەکان بناسرێتەوە.

لەبارەی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکە، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەو بەڵگەنامە فەرمییە نهێنییانەی حکومەت بەستراوە، کە تا ئێستا بڵاونەکراونەتەوە. بەشێك لە بەڵگەنامەکان لە ئەرشیفی پارێزگای هەولێر وەرگیراون و دانەی کۆپیکراویان لای توێژەر پارێزراوە، بەشێکی دیکەشیان لە کەسایەتییەکی سیاسی وەرگیراون و دانەی ڕەسەنیان لای توێژەر پارێزراوە. لە گرنگترین ئەو بەڵگەنامانەش بریتین لە بەڵگەنامەکانی پارێزگای هەولێر، کە لەگەڵ دەزگا ئەمنی و سەربازی و کارگێڕییەکانی دیکەدا ئاڵوگۆڕی پێکراوە و ڕۆژانە زانیاری لەبارەی پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە تێدا خراوەتەڕوو. بە هەمان شێوە بەڵگەنامەکانی قایمقامییەتی شارۆچکەی کۆیە بایەخی تایبەتییان بۆ لێکۆڵینەوەکە هەبووە. لەکاتی کاولکردنی گوندەکاندا بە بەردەوامی قایمقامییەت و لێژنەی ئەمنی کۆیە نووسراو و برووسکەیان بۆ بەرپرسانی سەرووی خۆیان کردووە و تێیدا لە بەڕێوەچوونی پرۆسەکە و دوا پەرەسەندنەکان ئاگاداریان کردوونەتەوە. جگە لەمانەش چەندین کتێب و بڵاوکراوەی حکومی لە دەروازەی لێکۆڵینەوەکەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە.

سەبارەت بەو میتۆدەی، کە لە لێکۆڵینەوەکەدا پەیڕەوکراوە، دیارە لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکە بەڵگەنامەییە، بۆیە دوای خستنەڕووی بەڵگەنامەکان، میتۆدێکی ئاماری و شیکاری بەکارهێنراوە. تێیدا بایەخ بە ژمارەی گوندەکان دراوە و شیکاری بۆ بەشێك لە بەڵگەنامەکانیش کراوە.

لێکۆڵینەوەکە لە دەروازەیەك و سێ تەوەرە و ئەنجام پێکهاتووە. لە دەروازەدا بە کورتی تیشك خراوەتە سەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی

گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٨٧. لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە هۆکارەکانی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەکە و دواتریش سەرەتاکانی ئەو پرۆسەیە لە ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٨٧ کراوە. تەوەرەی دووەم تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی ئەو پلان و بەرنامەیەی، کە لە کۆبوونەوەکاندا بەرپرسانی سەربازی و کارگێڕی و ئەمنی، بۆ ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکان دایاناناوە. لە تەوەرەی سێیەم و کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا بەدرێژی باس لە پرۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧ دا کراوە. وەك ئەوەی حکومەت نەخشەی بۆ کێشابوو، پرۆسەکە بە دوو قۆناغی جیا بەڕێوەچووە. قۆناغی یەکەم ماوەی نێوان (٢٠ی نیسان تا ٢٠ی ئایاری ١٩٨٧)ی خایاندووە. قۆناغی دووەمیش لە ٢١ی ئایار تا ٢٠ی تەمموزی ١٩٨٧ بەردەوام بووە. هەر لەو تەوەرەیەدا ئاماژە بە هەڵوەشاندنەوەی هەردوو شارەدێی شۆڕش و تەقتەق کراوە و ئەو پێشنیاز و بڕیارانە خراوەتەڕوو، کە بۆ وێرانکردنی هەردوو شارەدێیەکە دەرکراون، بەڵام دواتر جێبەجێ نەکراون.

سەرباری ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی توێژەر لە بە ئەنجامگەیاندنی لێکۆڵینەوەکە، بەتایبەتی بەدەستخستنی بەڵگەنامەکان، بەڵام لێکۆڵینەوەکە وەك هەر کارنامەیەکی دیکەی ئەکادیمی لە کەموکوری بەدەر نییە، بۆیە هەرهەوڵێك بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و کەموکورییەکان، جێگەی سوپاس و پێزانینە.

## دەروازە:

## پوختەیەک لەبارەی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٨٧

شارۆچکەی کۆیە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق، لەنێوان هەرسێ لیوای هەولێر و سلێمانی و کەرکوکدا هەڵکەوتووە. دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی لیوای هەولێرەوە (تەیب، ٢٠٠٨، ل٢٣). لەڕووی کارگێڕییەوە تا کۆتایی سەردەمی حوکمڕانی عوسمانییەکان سەر بە سەنجقی کەرکوك بووە. دوای دامەزراندنی لیوای هەولێر لە ساڵی ١٩٢٣ شارۆچکەی کۆیە، کە لە هەردوو شارەدێی (ناوەند و تەقتەق) پێکهاتبوو، بووەتە شارۆچکەیەکی سەر بە لیواکە (محەمەد، ١٩٩٩، ل٦). ئەوەی پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە هەیە لەو ماوەیەدا، دیارە هەر لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ لە عێراقدا، گوندەکانی شارۆچکەکە بە گەرمییەوە پێشوازییان لە شۆڕشەکە کردووە (دڵزار، ١٩٩٤، ل٥). دوای دەرکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٥٨ جووتیاران سوودمەند بوون و بەشێکیان بۆ یەکەم جار بوونە خاوەن زەوی (عثمان، ٢٠١٩، ل٤٦-٤٨). هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ گوند و ناوچەکانی شارۆچکەی کۆیە بەشداری چالاکانەیان لە شۆڕشەکەدا کرد (صاڵح، ٢٠٠٨، ل٦١)، بەم هۆیەشەوە لەلایەن حکومەتەوە زیانی گەورە بە گوندەکان گەیەندرا. دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، بۆ ماوەیەك ئاشتی و سەقامگیری بۆ ناوچەکانی کوردستان لەنێویشیاندا گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە گەڕایەوە و بەشێك لە دانیشتوان توانییان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤ دا جارێکی تر شەڕ دەستیپێکردەوە و ناوچەکە ڕووبەڕووی نائارامی بوویەوە (صاڵح، ٢٠٠٨، ل١٠٠-١٠٦). دوای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە ساڵی ١٩٧٦ تا ناوەڕاستی هەشتاکان گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە بوونە شوێنی چالاکییەکانی شۆڕش و حەوانەوەی پێشمەرگەی سەرجەم لایەن و پارتە سیاسییەکان.

سەبارەت بە ڕەوشی ئابووری گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لەو ماوەیەدا. دیارە کۆڵەگەی سەرەکی ئابووری گوندەکان کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووە. بەگوێرەی

ئامارە فەرمییەکان لە ساڵی ١٩٥٨ دا ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکانی شارۆچکەی کۆیە (١٨٦٤٦٢) دۆنم بووە. ئەمە لە کۆی (٢٣٩٣٩٠٣) دۆنم ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکانی لیوای هەولێر، واتە زەوییە کشتوکاڵییەکانی ڕێژەی (٧،٧%)ی لیواکەی پێکهێناوە. لە گوندەکاندا چەندین جۆری بەروبوومی کشتوکاڵی بەرهەمهاتووە، بەتایبەتی توتن و گەنم و جۆ و داری بەرداری وەك هەنجیر و سێو و هەنار و ترێ. بەگوێرەی هەمان ئاماری پێشوو لە ساڵی ١٩٥٨ ڕووبەری (١٧٧٥) دۆنم لە شارۆچکەی کۆیەدا کراوەتە توتن و بەرهەمەکەشی (٢٨٢) تەن بووە، کە دەکاتە (٢٩،٩%)ی بەرهەمی توتنی لیواکە، ئەمەش لەدوای شارۆچکەی ڕەواندز بەرزترین ڕێژەی بەرهەمهێنانی توتن بووە لە لیواکەدا. هەر لە هەمان ساڵدا ڕووبەری (٤٢٢٠٠) دۆنم لە شارۆچکەکەدا کراوەتە گەنم و بەرهەمەکەی (٣٥٨٦) تەن بووە و ڕێژەی (٥،٥%)ی بەرهەمی گەنمی لیواکەی پێکهێناوە، بەرهەمی جۆش (١٩٧٠) تەن بووە و ڕێژەی (٥،٧%)ی لیواکەی پێکهێناوە. سەبارەت بە دارە بەردارەکانیش ژمارە و ڕێژەیان بەم شێوەیە بووە: ژمارەی دار هەنجیر (١٣٩٧٧) دار بووە و ڕێژەی (١٨،١%)ی لیواکەی پێکهێناوە، ژمارەی دار سێویش (٧٨٤٥) دار بووە و ڕێژەی (٢٠،٦%)ی لیواکەی پێکهێناوە. هەروەها ژمارەی دار هەناریش (٣٢٠٢٦) دار بووە و ڕێژەی (١٧%)ی لیواکەی پێکهێناوە (الجمهورية العراقية، ١٩٦١، ص٧٧، ٨١- ٨٢، ٨٤). ئەمە جگە لە بوونی چەندین جۆری دیکەی میوە و سەوزە، کە لە گوندەکاندا چاندراوە.

جگە لە لایەنی کشتوکاڵی، ئاژەڵداریش بەشێکی دیکەی گرنگی ئابووری گوندەکانی شارۆچکەکە بووە. بەگوێرەی ئاماری کشتوکاڵی ساڵی ١٩٥٨ چەندین جۆری ئاژەڵی وەك مەڕ و ماڵات و ڕەشەوڵاخ بەخێوکراوە. وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە (عثمان، ٢٠١٩، ل٣٥٦):

| یەکەی کارگێڕی | مەڕ | بزن | مانگا | گامێش |
|---|---|---|---|---|
| ناوەندی شارۆچکەی کۆیسنجەق | ١١١٠٠ | ١٩٩٨١ | ٣٩٤١ | ٣٧ |
| شارەدێی تەقتەق | ٩٨٥٤ | ١٣٢٢٥ | ٢٧٦٠ | ٧٩ |
| کۆی گشتی | ٢٠٩٥٤ | ٣٣٢٠٦ | ٦٧٠١ | ١١٦ |

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، زۆرترین ئاژەڵ، کە لە شارۆچکەکەدا بەخێوکراوە بزن بووە، کە (٣٣٢٠٦) سەر بووە. دواتر مەڕ، کە (٢٠٩٥٤) سەر بووە. جێگەی ئاماژەپێدانە شارۆچکەکە لەدوای شارۆچکەی ناوەندی هەولێر، زۆرترین ژمارەی (گامێش)ی لەسەر ئاستی لیوای هەولێردا تێدا بەخێوکراوە، بەتایبەتی لە شارەدێی تەقتەق. وێڕای ئەمانە، شارۆچکەکە دەوڵەمەند بووە بە سامانی پەلەوەر، یەکێك لە گرنگترین پڕۆژەکانیش لەو بوارەدا پڕۆژەی کێڵگەی پەلەوەری تەقتەق بووە، کە بە بڕی (٤) ملیۆن و (٢٢٢) هەزار دینار دامەزراوە، داهاتی ساڵانەی بەرهەمهێنانی (٢) ملیۆن و (٨٢٠) هەزار جووجەڵە بووە. هەروەها یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی دابینکردنی هێلکە بووە بۆ شار و ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و موسڵ و کەرکوك و شەرگات (المنشأة العامة لدواجن المنطقة الشمالية، ١٣/٩/ ١٩٨٧؛ محافظة اربيل- اللجنة الامنية، ٢/٦/ ١٩٨٨).

سەبارەت بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و دانیشتوانەوە، دەکرێت لەڕێگەی هەندێك سەرژمێریی دانیشتوان بارودۆخەکە ڕوونبکرێتەوە. بەگوێرەی ئاماری فەرمی ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە (١٤٩) گوند بووە، (٨٤) گوند کەوتوونەتە شارەدێی ناوەندی کۆیسنجەق و (٦٥) گوندیش لە شارەدێی تەقتەق. ژمارەی دانیشتوانی گوندەکانیش (٢٧٢١٥) کەس بووە، کە (١٣٥٠٩) نێر و (١٣٧٠٦) مێ بووە (الجمهورية العراقية، د. س، ص٢٥٠-٢٥٦). لەڕووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە بەگوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٦٥ ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی کۆیە (٤٥٠٧٦) کەس بووە، ژمارەی کورد (٣٨٣٦١) کەس و ژمارەی عەرەب (٦٦٩٣) کەس و ژمارەی کلدان و سریان (١٦) کەس و ئاشووری (٤) کەس و تورکمان (٢) کەس بووە (خصباك، ١٩٧٣، ص١٣٢-١٣٤). لەڕووی پێکهاتەی ئایینیشەوە بەگوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٦٥ (٤٤٥٠٥) کەس موسڵمان و (٣٠٠) کەس مەسیحی و (٤) جوولەکە و (٣) ئێزیدی و (٢) سابیئە هەبووە (الجمهورية العراقية، ١٩٧٣، ص٤٥٤-٤٥٧). بەگوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی کۆیە (٤٨١٤٧) کەس بووە، ژمارەی شارنشینەکان (١٧١٠٩) کەس بووە، کە (١٥٣١٩) کەس کەوتوونەتە ناوەندی شارۆچکەکە و (١٤٧٧) کەس لە شارەدێی تەقتەق و (٣١٣) کەسیش لە

شارەدێی شۆڕش بووە. ژمارەی گوندەکان (١٤٥) گوند بووە، ژمارەی گوندنشینەکانیش (٣١٠٣٨) کەس بووە، کە (٩٠٤٣) کەس لە ناوەندی شارۆچکەکە و (١٤١٣٠) کەس لە شارەدێی تەقتەق و (٧٨٦٥) کەس لە شارەدێی شۆڕش نیشتەجێ بوون (الجمهورية العراقية، ١٩٧٨، ص٤-٦). واتە ڕێژەی گوندنشین لە شارۆچکەکە (٦٤،٤%) بووە، بەمەش زۆرینەی دانیشتوانی شارۆچکەکە نیشتەجێی گوندەکان بوون.

خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەك خوێندن و تەندروستیش بەشێکی دیکەی لایەنی کۆمەڵایەتی شارۆچکەی کۆیە بوو. لە ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی قوتابخانەکانی شارۆچکەکە (٧٩) قوتابخانە بووە، کە (٥٣) قوتابخانە لە گوندەکاندا بووە. بەمەش نزیکەی (٦٥%)ی گوندەکان قوتابخانەی لێ نەبووە. ڕەوشی تەندروستی گوندەکانیش لەبارێکی نالەباردا بووە و زۆربەی هەرە زۆریان بنکەی تەندروستییان تێدا نەبووە، بۆیە چەندین نەخۆشی بڵاوبووەتەوە و خەڵکی لەڕێگەی پزیشکی میللی و سروشتییەوە چارەسەریان کردوون (حويزی، ١٩٨٤، ل ٢٣٠-٢٣١).

## تەوەرەی یەکەم:
## هۆکارەکان و سەرەتاکانی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە

### ١- هۆکارەکانی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە

لە سەرەتادا پێویستە پێناسەی هەردوو چەمکی ڕاگواستن و وێرانکردن بکەین و ئاماژەیەکی خێرا بە قۆناغەکانی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان بدەین. ڕاگواستن بە مانای گواستنەوە و گۆڕینی شوێنی جوگرافی بە زۆرەملێ دێت، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی تۆقاندن و فشارخستنەسەر و بەکارهێنانی هێزەوە، کە گۆڕینێکی هەمیشەیی لە شوێنی نیشتەجێبوون و ماڵی ئاسایی لە یەکەیەکی جوگرافی بۆ یەکەیەکی جوگرافیی دیکە لە خۆبگرێت، هەرچی وێرانکردنە مەبەست لێی تێکدان و خاپوورکردن و هەندێك جار سووتاندنی شوێنێکی دیاریکراوە، جا ئەمە خانوویەکی ئاسایی یا شوێنێکی پیرۆز یا باڵەخانە و دام ودەزگا بێت (عەبدوڵڵا، ١٩٩٩، ل٤).

چەندین هۆکار لە پشت ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیەدا بووە، کە حکومەت وەك بیانوویەك بەکاری هێناون بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە. لەپێش هەمووشیانەوە هاوکاریکردن و حەواندنەوەی گوندەکان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە. بەشێوەیەك لە زۆربەی هەرە زۆری بەڵگەنامە نهێنییەکانی دەزگا ئەمنی و سەربازی و کارگێڕییەکانی حکومەتدا، لەکاتی ڕووخانی گوند و شارۆچکەکاندا ئاماژە بە بوونی هێزەکانی پێشمەرگە کراوە، کە بوونەتە شوێنی حەوانەوە و دابینکردنی خۆراك و خواردەمەنیان و سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر هێزەکانی حکومەت. بۆ نموونە لەبارەی هۆکاری بڕیاری وێرانکردنی شارۆچکەی تەقتەق لە نووسراوێکی نهێنی پارێزگای هەولێر لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٨٧ دا ئاماژە بەوە کراوە، لەبەرئەوەی ناوچەکە بووەتە وێستگەیەکی پشوودان و حەسانەوەی پێشمەرگەکانی دەشتی کۆیە و بەستی شەڵغە و دەشتی هەولێر، بۆیە پێشنیازی ڕووخاندنی شارۆچکەکەیان بۆ بەرپرسانی سەرووی خۆیان کردووە (محافظة اربيل- اللجنة الامنية، ٩/١٥/ ١٩٨٧).
لەبارەی هۆکاری بڕیاری وێرانکردنی شارۆچکەی شۆڕش (دێگەڵە)ش لە نووسراوێکی نهێنی فەیلەقی (٥)ی سوپای عێراق، کە ئەرکی پاراستنی ناوچەکەی لە ئەستۆدا بووە، لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ دا ئاماژە بەوە کراوە، لەبەرئەوەی شارۆچکەی دێگەڵە کەوتۆتە ناوچەیەکەوە بووەتە مایەی هەڕەشەی پێشمەرگە بۆ سەر سوپا، لەلایەکی دیکەوە لەڕووی سەربازییەوە هیچ سوودێکی لێ نابینرێت، بۆیە پێشنیازی ڕووخاندنی شارۆچکەکەیان بۆ پارێزگای هەولێر کردووە (الفيلق الخامس، ١٠/١٠/ ١٩٨٧، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ١). هەروەها لە نووسراوێکی دیکەی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخستنی هەواڵگری ناوچەی باکوور (مديرية منظومة استخبارات المنطقة الشمالية)، کە لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧ ئاراستەی پارێزگای هەولێر کراوە، هاتووە: "پشتگیری لە وێرانکردنی شارۆچکەی شۆڕش دەکەین، لەبەرئەوەی بە بەردەوامی تێکدەرەکان هاتوچۆی شارۆچکەکە دەکەن و ڕۆژانە لە نزیکییەوە بازگە دادەنێن تا دەسەڵاتی هێزە سەربازییەکانمان لەوێدا لاواز بکەن. شارۆچکەی ناوبراو یەکێکە لە سەرچاوەکانی هێزە تێکدەرەکان بۆ بەدەستهێنانی کەرەستەی

خواردەمەنی و پێداویستییەکانی دیکەیان" (منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، ١٦/ ١١/ ١٩٨٧، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٢).

یەکێکی دیکە لە هۆکارە گرنگەکانی ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە نەوت بووە، بەشێوەیەك حکومەت هەوڵیداوە کورد لە ناوچە نەوتییەکانی کوردستان ڕاگوێزێت و دووریان بخاتەوە، چونکە پێی وابووە بەم هەنگاوە مەترسییەکانی کورد لەسەر پاشەڕۆژی عێراق کەمدەکاتەوە و نایهێڵێت. بۆیە زۆربەی هەرە زۆری ناوچە نەوتییەکانی کوردستان بەر سیاسەتی کۆچپێکردنی زۆرەملێ کەوتوون، لەوانەش ناوچەکانی شارۆچکەی کۆیە. لە شارەدێی تەقتەق سێ چاڵگەی گەورەی نەوت هەبوون، کە دەکەوتنە ناوچەی (شیوە سوور) بە دووری (١٠) کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای باشووری شاری کۆیە، درێژی چاڵگەکان (٢٠) کیلۆمەتر و پانییەکەشی (٧) کیلۆمەتر بووە، بە یەکێك لە باشترین جۆری نەوتی ئەوکاتی جیهان دادەنرا (مینە، ٢٠١٢، ل١٦٦، ١٧١). ئەمە جگە لەوەی ناوچەکە چەندین جۆری دیکەی سامانی کانزایی تێدا بووە، وەك (مەگنەتایت و گۆگرد و گەچ و بەردی کلس) (مینە، ٢٠١٢، ل١٧٢؛ عثمان، ٢٠١٩، ل١٥١). وێڕای ئەمانە چەندین هۆکاری دیکە هەبوون. لەوانەش: سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە. هەروەها وێرانکردنی هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە گوندەکان، کە بڕبڕەی پشتی ئابووری کوردستان بوو.

## ٢- ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٨٧

ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان بەسەر سێ قۆناغی مێژووییدا دابەش دەبێت: قۆناغی یەکەم لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٣، کە لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا بەشێك لە گوندەکانی شارۆچکەی کۆیەی گرتەوە. بۆ نموونە لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣دا لە ئەنجامی پەلاماری حەرەس قەومییەکان ژمارەیەك گوندی شارۆچکەی کۆیە سووتێنران لەوانەش (تۆبزاوە و هەرمۆتە و سماقووڵی گەلی و عەوداڵان) (بڕوانە: دلزار، ١٩٩٤، ل٥٥-٥٦؛ کۆیی، ٢٠٠٩، ل١٨٩٣-١٨٩٦). قۆناغی

دووەم لەنێوان ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٩)، کە زێتر لە ناوچە سنوورییەکانی وەك (باڵەك و مێرگەسۆر و بارزان و ناودەشت و هەڵەبجە و زاخۆ)دا بەڕێوەچوو. لەم قۆناغەدا گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە بەر ڕاگواستن و کاولکردن نەکەوتن، بەڵکو ئۆردوگای زۆرەملێی لێ دروستکرا، کە حکومەت ناوی نابوون بە (گوندی هاوچەرخ) و کرانە شوێنێك بۆ نیشتەجێکردنی ڕاگوێزراوەکانی ناوچەکانی دیکە. لەم چوارچێوەیەشدا لە ساڵی ١٩٧٨ ئۆردوگای شۆڕش (دێگەڵە) لەسەر جادەی سەرەکی هەولێر- کۆیە دروستکرا و بەشێك لە ڕاگوێزراوانی عەشیرەتی (برادۆست)ی لێ نیشتەجێکرا (قادر و جامباز، ٢٠١٣، ص٢٢٢؛ مینە، ٢٠١٢، ل١٨٨). قۆناغی سێیەم نێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٩) دەگرێتەوە، کە ئەم قۆناغە مەترسیدارترین و بەزەبرترین قۆناغی وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان بووە. لەم قۆناغەدا حکومەتی عێراق شەڕکردنی لەگەڵ ئێران کردە بیانوویەك بۆ کاولکردنی تەواوی گوندەکانی کوردستان، بەشێوەیەك لەو قۆناغەدا (٢٧٧٦) گوند لە سەرتاسەری کوردستاندا وێرانکران (عەبدوڵڵا، ١٩٩٩، ل٩-١٠)، کە گوندەکانی شارۆچکەی کۆیەش لەو چوارچێوەیەدا بوون.

لە دوای هاتنە سەر کاری سەددام حوسێن وەك سەرۆك کۆماری عێراق لە ساڵی ١٩٧٩، دەستیکرد بە پیادەکردنی سیاسەتی ڕاگواستن، کە سەرەتاش لە ساڵی ١٩٨٠زیاتر لە (١٢٠) هەزار کوردی فەیلی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەرەو سنووری ئێران ڕاگواست. دواتر ناوچەکانی کوردستانیشی گرتەوە، لەوانەش هەردوو شارەدێی (بیارە و تەوێڵە) لە پارێزگای سلێمانی. لە پارێزگای هەولێریش دوو گوندی سەر بە شارەدێی تەقتەق و چەند گوندێکی سەر بە شارۆچکەی مەخمور و ناوچەی باڵەکایەتی ڕاگوێزران (محەمەد، ٢٠٠٤، ل١٣٤-١٣٥؛ مینە، ٢٠١٢، ل١٧٧). بەم شێوەیەش هەر لە سەرەتای ڕاگواستندا گوندەکانی شارۆچکەی کۆیەی گرتەوە.

لە ساڵی ١٩٨٥ حکومەت بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستیکرد بە کاولکردنی گوندەکانی کوردستان. بەتایبەتی ئەو گوند و ناوچانەی، کە دەکەوتنە سەر جادە سەرەکییەکانی نێوان شارەکان و مەترسی ئەوەیان هەبوو هێزی پێشمەرگە بۆ بۆسەدانانەوە و شەڕ سوودی لێ ببینێت. بۆیە زۆربەی گوندەکانی سەر جادە

سەرەکییەکان ڕاگوێزران و وێرانکران. لەوانەش گوندەکانی سەر جادەی گشتی هەولێر-کۆیە (مینە، ٢٠١٢، ل١٩٥). لەم چوارچێوەیەشدا (١٧) گوند لە شارۆچکەی کۆیە ڕاگوێزران و کاولکران (محەمەد، ٢٠٠٤، ل١٣٨). لەو ماوەیەدا بەهۆی شەڕ و پێکدادان لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای حکومەت لە بەشێك لە گوندەکاندا، کە هێزەکانی حکومەت زیانی زۆریان بەرکەوت، بۆیە لە ئەنجامی نائارامی ناوچەکەدا بەشێك لە دانیشتوانی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە ناوچەکانی خۆیان جێهێشت. لە نووسراوێکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای هەولێر، کە لە ٨ی نیسانی ١٩٨٥ دا ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر کراوە، ئاماژە بەوە دراوە، کە ژمارەیەك مامۆستای هەردوو شارەدێی شۆڕش و تەقتەق لە شارۆچکەی کۆیە، سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێریان کردووە و ئاگاداریان کردوونەتەوە بەهۆی چۆڵکردنی بەشێك لە گوندەکان ناتوانن دەوام لە قوتابخانەکانیاندا بکەن (المديرية العامة للتربية في محافظة اربيل، ٤/٨/ ١٩٨٥). بۆیە دوای بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر لە نووسراوێکی نهێنیدا لە ١٦ی نیسانی ١٩٨٥ دا ئاماژەی بەوە کردووە، کە دانیشتوانی هەریەك لە گوندەکانی (سماقوڵی گرتك، سماقوڵی سەروچاو، سماقوڵی گەلی، کرۆژ، سکتان)، گوندەکانی خۆیان جێهێشتووە و چۆڵ بوونە و تەنیا شوانی مەڕ و ماڵاتی لێ ماوە (مديرية أمن محافظة اربيل، ٤/١٦/ ١٩٨٥).

لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٨٥ دا زۆربەی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە خرانە چوارچێوەی ناوچەی قەدەغەکراوی ئەمنی و کارگێڕی، بۆیە حکومەت خزمەتگوزارییە گشتییەکانی لەو گوندانەدا بڕی. لە نووسراوێکی نهێنی لێژنەی ئەمنی کۆیە، کە لە ٨ی ئابی ١٩٨٥ دا ئاراستەی پارێزگای هەولێر- لێژنەی ئەمنی کراوە، تیایدا لیستی ناوی (٨٠) گوندی شارۆچکەی کۆیە هاتووە، کە پێشمەرگەی تێدا بووە، بۆیە کەرەستەی خواردەمەنییان لێ بڕدراوە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ٨/٨/ ١٩٨٥). هەروەها هەموو ئەو بریکارانەی خۆراك، کە بەعسی نەبوون و خزم و کەسوکاریان لە پلەی یەکەم و دووەم لەنێو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا هەبووە، بریکارەکانیان هەڵوەشێندراوەتەوە. بەگوێرەی نووسراوێکی نهێنی لێژنەی ئەمنی

کۆیە لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥ بەم هۆیەوە (١١) بریکاری کەرەستەی خواردەمەنی لە شارۆچکەکەدا هەڵوەشێندراونەتەوە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١١/٣/ ١٩٨٥). سەبارەت بە قوتابخانەکانیش بەگوێرەی بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەی پارێزگای هەولێر- لێژنەی ئەمنی بۆ نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور (مكتب تنظيم الشمال) لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥ دەوامی (٧١) قوتابخانە لە گوندەکانی شارۆچکەکەدا تا کاتێکی نادیار ڕاگیراوە. هەروەها (٤) بنکەی تەندروستیش لە گوندەکان داخراون (محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ١١/١٦/ ١٩٨٥). بۆ خوێندنی ساڵی ١٩٨٦ بە هەمان شێوە خوێندن لە سەرجەم قوتابخانەکانی گوندەکانی شارۆچکەکە ڕاگیراوە (محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ٣/١٣/ ١٩٨٦). بەم شێوەیە لە ساڵی ١٩٨٦ سەرجەم گوندەکانی سەر بە شارۆچکەی کۆیە بوونەتە ناوچەی قەدەغەکراوی ئەمنی و خزمەتگوزارییە گشتییەکانیان لێ وەستێندراوە.

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٦ دا حکومەت دەستیکرد بە ئامادەکاری بۆ هەڵکوتانەسەر ئەو گوندانەی شارۆچکەی کۆیە، کە لەژێر کاریگەری هێزەکانی پێشمەرگە بوون و حکومەت دەسەڵاتی بەسەریانەوە نەمابوو. بۆیە لە نووسراوێکی نهێنی بارەگای فەرماندەیی هێزەکانی (٤١) لە ١١ی شوباتی ١٩٨٦ دا، کە ئاراستەی پارێزگای هەولێر کراوە، تیایدا داواکراوە ناوی ئەو گوندانەیان بۆ بنێرن، کە لەژێر کاریگەری هێزەکانی پێشمەرگەن و پێویستە پەلامار بدرێن و هێرش بکرێتە سەریان. پارێزگاش ناوی (١٣٨) گوندی شارۆچکەی کۆیەی بۆ فەرماندەییەکە ناردووە، کە (٤٩) گوند سەر بە شارەدێی ناوەندی قەزا و (٤١) گوند سەر بە شارەدێی شۆڕش و (٤٨) گوند سەر بە شارەدێی تەقتەق بوون (مقر قيادة قوات/ ٤١، ١١/٢/ ١٩٨٦).

## تەوەرەی دووەم:
## پلان و بەرنامەی وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧

حکومەتی عێراق لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٨٧)ەوە، کەوتە دانانی پلانێکی سەرتاپاگیر بۆ ڕاگواستن و کاولکردن و سووتاندنی گوندەکانی کوردستان، لەنێویشیاندا گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە. ئەم ماوەیە هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندنی چالاکییە سەربازییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە لەدژی حکومەت لە شارۆچکەکەدا. بۆیە لە چەندین بەڵگەنامەی نهێنی دەزگا ئەمنی و سەربازی و کارگێڕییەکانی حکومەت و حزبی بەعسدا ئاماژە بە مەترسی چالاکییەکانی پێشمەرگە کراوە. لە نووسراوێکی نهێنی سەرکردایەتی لقی هەولێری حیزبی بەعس، کە لە ١٧ی شوباتی ١٩٨٧ ئاراستەی پارێزگای هەولێر-لێژنەی ئەمنی کراوە، ئاماژە بەوە کراوە، کە لە شەوی ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٨٧ کۆمەڵێك پێشمەرگە چوونەتە گوندی دێگەڵە لە شارەدێی شۆڕش و بەسەرماڵەکاندا دابەشبوون و نانیان خواردووە. لەبارەی قەبارەی هێزە سەربازییەکانی ئەوێ لە خەڵکی گوندەکەیان پرسیوە، بۆیە لە نووسراوەکەدا هاتووە کە "زانیارییەکان بەڵگەنە لەسەر ئەوەی، کە تێکدەرەکان نیازی ئەوەیان هەیە پەلاماری شارەدێی شۆڕش بدەن" (حزب البعث العربي الاشتراكي القطر العراقي- قيادة فرع اربيل، ٢/١٧/ ١٩٨٧). هەروەها لە بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەدا لە ١٧ی ئاداری ١٩٨٧ لێژنەی ئەمنی پارێزگای هەولێر فەیلەقی (١) و فەیلەقی (٥)ی سوپای ئاگادارکردووەتەوە، لە هێرشێکی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ سەر شارۆچکەی کۆیە (اللجنة الامنية في محافظة اربيل، ٣/١٧/ ١٩٨٧). لە بروسکەیەکی دیکەی بەپەلەی پارێزگای هەولێر لە ٢٣ی ئاداری ١٩٨٧ بۆ وەزارەتی ناوخۆ، باس لەوە کراوە، کە لە شەوی ٢٢ی ئاداردا ڕەبییەکانی نزیك جادەی گشتی نێوان شارەدێی شۆڕش- کۆیە و گوندی گۆمەتاڵ لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە بە چەکی ئاربیجی و نارنجۆکی دەستی هێرشیان کراوەتە سەر و (٧) جاش کوژراون، کە سەر بە فەوجی (١٩) بوون. چەك و تەقەمەنی و بەڵگەنامە و کەلوپەلەکانی نێو ڕەبییەکەش دەستیان بەسەرداگیراوە (محافظة اربيل -الشؤون الداخلية، ٣/٢٣/ ١٩٨٧).

پلان و بەرنامەی ڕاگواستن و تێکدانی گوندەکانی کوردستان لەنێویشیاندا گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە، ڕاستەوخۆ لەلایەن (عەلی حەسەن مەجید)ی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعسەوە سەرپەرشتی کراوە و نەخشەی بۆ کێشراوە. ئەمەش دوای ئەوەی نێوبراو بەگوێرەی بڕیارێکی (سەددام حوسێن)ی سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حیزبی بەعس لە ٢٩ی ئاداری ١٩٨٧ کرایە بەرپرسی هەموو ناوچەکانی کوردستان و نوێنەرایەتی حیزبی بەعسی دەکرد بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی حیزبەکە لەو ناوچانەدا، بەشێوەیەك کە سەرجەم دەزگا مەدەنی و ئەمنی و سەربازییەکانی ناوچەکە دەبوو بڕیار لەو وەربگرن (الخرسان، ٢٠٠١، ص٨١٧).

بۆ دانان و خستنەڕووی بەرنامەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆك لەنێویشیاندا گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لە ١٣ی نیسانی ١٩٨٧ دا کۆنگرەیەك لە بارەگای فەیلەقی (٥)ی سوپا بەسەرپەرشتی لیوا ڕوکن (طالع خلیل ارحیم)ی فەرماندەی فەیلەقی (٥) بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا زۆربەی بەرپرسە سەربازی و حیزبی و کارگێڕییەکانی پارێزگای نەینەوا و هەولێر و دهۆکی حیزبی بەعس تێیدا بەشداربوون. لەوانەش (لیوا عبد سلمان حمندی/ ڕازگر (امین سر)ی لقی عموریەی سەربازی، ڕازگری لقی حزبی بەعس لە هەریەك لە پارێزگاکانی نەینەوا و هەولێر و دهۆك، پارێزگارەکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك، جێگری پارێزگاری نەینەوا، بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای نەینەوا، بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای دهۆك، فەرماندەی فیرقەی ٢٣، فەرماندەی فیرقەی ٣٣، فەرماندەی هێزەکانی/ ٣٨، فەرماندەی هێزەکانی/٤٥). لە سەرەتای کۆنگرەکەدا فەرماندەی فەیلەقی (٥) ئاماژەی بەوە داوە کە پلانی تێکدان و وێرانکردنی گوندەکان بۆ گەڕانەوەی ئارامی و ئاسایشە لە ناوچەکانی کوردستان و کۆتایی هێنانە بە کاری تێکدەرانە بۆ تا هەتایە. پاشان دەستنیشانی ئەو گوندە قەدەغەکراوە ئەمنیانە کراوە، کە پێویستە لەپێشەوە ڕابگوازرێن، هەروەها تاوتوێی ڕێکار و پێداویستی و بەرنامەی کاری بەرپرسیارێتی فەیلەقی (٥) بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ڕاگواستن کراوە. دواتر فەرماندەی فەیلەقی (٥)

بەگوێرەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی (عەلی حەسەن مەجید)ی ڕازگری نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور نەخشە و قۆناغەکانی پرۆسەی ڕاگواستنی گوندەکانی دیاریکردووە، کە بەم شێوەیە بووە:

١- لە ١١ی نیسان تا ٢٠ی نیسانی ١٩٨٧ قۆناغی ئاراستەکردن و هۆشیارکردنەوەی گوندنشینەکانە، بەشێوەیەك ئەو تێگەیشتنەیان لا دروست بکرێت، کە ڕاگواستنیان لە گوندەکانەوە بۆ کۆمەڵگاکان لە بەرژەوەندیی ئەوانە و زیانیان بەرناکەوێت. بۆ ئەو مەبەستەش لێژنەی ئەمنی کۆیە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەیان لەگەڵ گوندنشینەکانی شارۆچکەکەدا کردووە. بۆنموونە لە ١٦ی نیساندا لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکانی (شێخەلوان، گۆپتەپە، تەکەور) کۆبوونەتەوە (قائمقامیة قضاء کویسنجق، ١٦/٤/ ١٩٨٧، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٣).

٢- لە ٢١ی نیسان تا ٢٠ی ئایاری ١٩٨٧ قۆناغی یەکەمی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانە، کە بەپێی پلانەکە (٢٦) گوندی شارۆچکەی کۆیە، (١٥) گوند لە ناوەندی قەزا و (٤) گوندی شارەدێی شۆڕش و (٧) گوندی شارەدێی تەقتەق دەبێ لەو قۆناغەدا وێران بکرێن.

٣- لە ٢١ی ئایار تا ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧ قۆناغی دووەمی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانە. ئەرکی بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی پلانەکەش خراوەتە ئەستۆی فەرماندە سەربازییەکان. بەشێوەیەك ڕاگواستن و وێرانکردنی هەر کۆمەڵە گوندێك لەژێر سەرپەرشتی فەرماندەیەکی سەربازیی دیاریکراودا جێبەجێ بکرێت. بۆ نموونە وێرانکردنی گوندەکانی پارێزگای هەولێر لەنێویشیاندا گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لەژێر سەرپەرشتی فەرماندەی فیرقەی (٢٣) و فەرماندەی فیرقەی (٣٣) و فەرماندەی هێزەکانی/٤٥ و فەرماندەی بەرگری نیشتمانی/٥ بووە. ئەمە لەگەڵ دابینکردنی پێداویستیيە ئەندازەییەکانی وەك شۆفڵ و بلدۆزەر و ناقیلە لەکاتی جێبەجێکردنی پلانەکەدا (قیادة الفیلق الخامس، ٢١/٤/ ١٩٨٧، ص١-٢).

هەر لەو کۆنگرەیەدا فەرماندەی فەیلەقی (٥) چەندین ڕێنمایی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە خستووەتەڕوو. لەوانەش پێویستە جێبەجێکردنی قۆناغی

یەکەمی پلانەکە لەو گوندانەوە دەست پێبکات، کە لە ناوەندی شارەکان و ڕێگا سەرەکییەکانەوە نزیکن، ئەمەش لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- ئەو گوندانە لە ناوەندی شارەکان و ڕێگا سەرەکییەکان نزیکن و مایەی مەترسین.

٢- وێرانکردنی ئەو گوندانە وادەکات کە هێزەکانی پێشمەرگە لە شارەکان دووربخرێنەوە.

٣- وێرانکردنیان پێویستی بە پرۆسەی سەربازی گەورە نییە، چونکە ژمارەی پێشمەرگەی تێدا کەمە و ئەوان لە قووڵایی گوندەکاندا ژمارەی زیاتریان هەیە.

٤- بەهۆی نزیکی گوندەکانەوە، دەکرێت بە کەمترین هێزی سەربازی زۆرترین گوند ڕابگوازرێن (قیادة الفیلق الخامس، ٤/٢١/ ١٩٨٧، ص٣).

٥- ڕاگواستنی گوندە نزیك شارەکان کاریگەری دەروونی لەسەر هێزەکانی پێشمەرگە دەبێت لە گوندە دوورەکان و لەوانەیە ببێتە مایەی ئەوەی ژمارەیەك لەوان بگەڕێنەوە نێو ڕیزەکانی حکومەت. لەلایەکی دیکە فەرماندەی فەیلەقی ناوبراو ئاماژەی بەوە کردووە پێویستە لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵ بدرێت زۆرترین ژمارەی گوند ڕابگوازرێن. لە قۆناغی دووەمدا زیاتر جەخت لەو گوندانە بکرێتەوە، کە پێویستییان بە هێزی سەربازیی زیاتر و کاری هاوبەشی نێوان فەیلەقی (٥) و فەیلەقی (١) هەیە. هەروەها فەرماندەکە باسی لەوە کردووە، کە چەندین خێزانی نیشتەجێی گوندە قەدەغەکراوەکان ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە گوندەکانی خۆیان جێبهێڵن و لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان نیشتەجێ بن، کە دەزگا کارگێڕییەکان لە قۆناغی ئاراستەکردن و هۆشیارکردنەوەدا ئامادەیان کردووە. بۆیە دەکرێت ئەو خێزانانە بەر لە دەستپێکردنی قۆناغی یەکەم بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە سەربازییەکان و پارێزگارەکان ڕابگوازرێن (قیادة الفیلق الخامس، ٤/٢١/ ١٩٨٧، ص٥).

جگە لەمانە لە کۆنگرەکەدا بڕیاری ئەوە دراوە، کە سەرجەم فیرقە و فەرماندە سەربازییەکان بەیەکەوە کار بکەن و هەڵوێست و کارەکانی ڕۆژانەیان بۆ فەیلەقی (٥) بنووسن تا لە فەیلەقەوە بۆ نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور بەرز بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئاگاداری چالاکی رۆژانەی یەکە سەربازییەکان بن. فیرقە و فەرماندە

سەربازییەکانیش پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگاکان بکەن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان. پێویستە پارێزگاکانیش ئاماری ورد دەربارەی ئەو خێزانانەی، کە ڕادەگوازرێن بدەنە فەیلەق و فیرقە و فەرماندەییە سەربازییەکان، بۆ ئەوەی لە حاڵەتی فەراهەمنەبوونی خانوو، خیوەتی پێویست بۆ نیشتەجێکردنی خێزانە ڕاگوێزراوەکان دابین بکرێت. لە درێژەی پلانی وێرانکردنی گوندەکاندا ئاماژە بەوە کراوە، پێویستە فیرقە و فەرماندە سەربازییەکان سوود لە مەفرەزە ئەندازەییە سەربازییەکان وەربگرن، لەکاتی پشکنینی ڕێگا و ئەو گوندانەی وێران دەکرێن، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە مینڕێژ کرابن. هەروەها بەگوێرەی پلانەکە دەبوو پرۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکان لە یەك کاتدا بێت، ڕێگە بەوە نەدرێت گوندنشینەکان خانووەکانیان چۆڵ بکەن و گوندەکان بە چۆڵی بمێننەوە، تا نەبنە پەناگەیەك بۆ هێزەکانی پێشمەرگە (قيادة الفيلق الخامس، ١٩٨٧/٤/٢١، ص٦-٧).

## تەوەرەی سێیەم:
## پرۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧

پرۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لەلایەن بەرپرسانی سەربازی و سیاسی و کارگێڕی بە دوو قۆناغی جیا نەخشەی بۆ کێشراوە، وەك لە پێشتردا ئاماژەی پێدرا. دواتر هەر بەپێی ئەو پلان و بەرنامەیە پرۆسەکە ئەنجامدرا. بۆیە لە خوارەوەدا باس لە هەردوو قۆناغەکە دەکەین.

**١- قۆناغی یەکەمی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکان (٢٠/٤-٢٠/٥/١٩٨٧)**

بەر لە دەستپێکی پرۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردن، زانیاریی تەواو لەلایەن بەرپرسانی کارگێڕی و سەربازی دەربارەی گوندەکانی شارۆچکەکە تۆمارکراوە. لە نووسراوێکی نهێنی پارێزگای هەولێر، کە لە ٩ی نیسانی ١٩٨٧ بۆ فەیلەقی (٥) ناردراوە، واتە (١٢) ڕۆژ بەر لە دەستپێکردنی قۆناغی یەکەم. چەندین داتا و زانیاری لەبارەی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە خراوەتەڕوو. بەگوێرەی نووسراوەکە ژمارەی گوندەکانی شارۆچکەکە (١٤٦) گوند بووە و بە بەراورد لەگەڵ ئاماری ساڵی ١٩٧٧

تەنیا (١) گوند زیاد بووە، کە ئەویش لە ناوەندی قەزا بووە. لەو ژمارەیە (٤٩) گوند کەوتوونەتە ناوەندی قەزا و (٥٤) گوند لە شارەدێی تەقتەق و (٤٣) گوند لە شارەدێی شۆڕش بوون. (٨) گوند لەو کاتەدا و بەر لە دەستپێکردنی قۆناغی یەکەم ڕووخاو بووە، کە (٦) گوندی سەر بە شارۆچکەی ناوەند و (٢) گوند لە هەریەك لە شارەدێی تەقتەق و شۆڕش بوون. هەروەها تەنیا (١٢٨) گوند لەو کاتەدا ئاوەدان بوون و خەڵکیان تێدا بووە، کە (٤١) گوندی ناوەندی قەزا و (٤٨) گوندی شارەدێی تەقتەق و (٣٩) گوندی شارەدێی شۆڕش بوون (محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ٩/٤/ ١٩٨٧). بەم شێوەیەش نزیکەی دوو هەفتە بەر لە دەستپێکردنی قۆناغی یەکەمی ڕاگواستن و کاولکردن، (١٢٨) گوند لە شارۆچکەی کۆیەدا ئاوەدان بوون و ژیان تێیاندا ئاسایی بووە.

قۆناغی یەکەمی ڕاگواستن و وێرانکردن و سووتاندنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە، لە ڕۆژی ٢٠ی نیسانی ١٩٨٧ دەستپێکرد. واتە ڕۆژێك بەر لەو وادەیەی، کە لە پلانەکە نەخشەی بۆ کێشرابوو. دوو هەفتە بەر لە دەستپێکی وێرانکردنی گوندەکان گوندنشینەکان هەواڵی ڕاگواستنی خۆیان زانیوە، بۆیە زۆربەیان گوندەکانیان چۆڵکردووە، کە ئەمەش پێچەوانەی پلانەکانی حکومەت بوو، چونکە حکومەت دەیویست ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکان لە یەك کاتدا بێت، وەك لە پێشتردا باسی لێوەکرا. تەنیا ژمارەیەکی کەم لە خێزانەکان ماونەتەوە و حکومەت لەڕێگەی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر ڕایگواستوون. بەگوێرەی نووسراوێکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێر (٧) گەڵابە بۆ ڕاگواستنی گوندەکانی شارۆچکەکە تەرخانکراوە (مديرية بلديات محافظة اربيل، ١٩/٤/ ١٩٨٧). بەم شێوەیەش دوای کۆچپێکردنی دانیشتوانەکەی دەستکرا بە تێکدان و کاولکردن، کە هێزە سەربازییەکانی سوپا و چەکدارەکانی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی (جاش)ەکان تێیدا بەشداربوون. یەکەمین گوند لەسەر ئاستی شارۆچکەی کۆیە گوندی (شێخەلوان)ی سەر بە ناوەندی قەزا لە ٢٠ی نیساندا وێرانکرا (اللجنة الامنية في كويسنجق، ٢٠/٤/ ١٩٨٧). ئەم گوندە گوندێکی بچووك بووە و تەنیا لە (٦) ماڵ پێکهاتوون و ژمارەی دانیشتوانی (١٨) کەس بووە و (٧) کم لە کۆیە دوورە. بەگوێرەی نووسراوێکی نهێنی لێژنەی

ئەمنی کۆیە گوندەکە وەك بارەگایەکی پێشمەرگەی لێ هاتووە و هێزەکانی پێشمەرگە بە بەردەوامی سەردانیان کردووە. هەر بەگوێرەی نووسراوەکە (١٢) کەس لە دانیشتوانەکەی لایەنگری حکومەت بوون و ئەوانی دیکە پشتگیری پێشمەرگەیان کردووە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٢/٥/ ١٩٨٦). لەڕاستیدا ژمارەی لایەنگرانی حکومەت لەو گوندە و گوندەکانی دیکەشدا، کە لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەت ئاماژەیان پێدەکرێت، جێگەی متمانە نین، چونکە زۆربەی هەرە زۆری گوندنشینەکان دژی حکومەت بوون، یان لایەنگر یا هاوکار و یارمەتیدەری پێشمەرگە بوون. پێدەچێت موختاری گوندەکان زێتر بۆ خۆڕەپێشکردن لە حیزبی بەعس، ژمارەی لایەنگرانی حکومەتیان زیاد نووسیبێت و بۆ بەرپرسانی سەرەوەی خۆیان بەرزکردبێتەوە.

گوندی (گۆپتەپە)ی سەر بە شارەدێی شۆڕش وەك دووەمین گوند لە شارۆچکەکەدا لە ڕۆژی ٢١ی نیسان نیوەی وێرانکرا (قائمقامية كويسنجق، ٤/٢٢/ ١٩٨٧). لە ڕۆژی دواتردا، واتە ٢٢ی نیسان، نیوەکەی دیکەی ڕووخێندرا (قائمقامية كويسنجق، ٤/٢٣/ ١٩٨٧). ئەم گوندە (١٢) کم لە کۆیە دوورە و لە (٣٨) خانوو پێکهاتووە و ژمارەی دانیشتوانی (١٨٦) کەس بووە. بەگوێرەی نووسراوە نهێنییەکانی حکومەت، گوندەکە ڕێگای تێپەڕبوونی هێزەکانی پێشمەرگە بووە. هەر لە هەمان ڕۆژدا (٢٢ی نیسان) هەردوو گوندی (تەکەور)ی سەر بە شارەدێی شۆڕش و (کێلە سپی)ی سەر بە شارەدێی ناوەندی قەزا وێرانکران. گوندی یەکەمیان (١٠) کم لە کۆیە دوورە، لە (٢٥) خانوو پێکهاتووە و ژمارەی دانیشتوانی (١٢٣) کەس بووە. بەگوێرەی نووسراوە نهێنییەکانی حکومەت گوندەکە پێشمەرگەی تێدابووە و ڕێگای تێپەڕبوونیان بووە. گوندی دووەمیش (٨) کم لە کۆیە دوورە و تەنیا لە (٢) ماڵ پێکهاتووە و ژمارەی دانیشتوانی (٧) کەس بووە. حکومەت گوندەکەی وەك بارەگایەکی پێشمەرگە ئەژمار کردووە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٢/٥/ ١٩٨٦).

لە ڕۆژی ٢٣ نیسان نیوەی گوندی (گۆمەشین) و لەگەڵ گوندی (پیرەر)ی سەر بە شارەدێی شۆڕش وێرانکران، لە ڕۆژی دواتردا (٢٤ی نیسان) نیوەکەی دیکەی گوندی (گۆمەشین) لەگەڵ زەویدا تەختکرا (قائمقامية كويسنجق، ٤/٢٥/ ١٩٨٧،

العدد/ ١٥٣؛ قائمقامية كويسنجق، ٤/٢٥/ ١٩٨٧، العدد/ ١٥٥، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٤). گوندی یەکەمیان لە (٨٦) خانوو پێکهاتووە و ژمارەی دانیشتوانی (٤٦٦) کەس بووە. بەگوێرەی نووسراوە حکومییەکان ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگە هاتوچۆی گوندەکەیان کردووە. بەڵام (٧٩) کەس لایەنگری هێزەکانی پێشمەرگە بوون و (١) پێشمەرگەشی هەبووە. گوندی دووەمیان لە (٣١) خانوو پێکهاتووە و ژمارەی دانیشتوانی (١٥٢) کەس بووە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٢/٥/ ١٩٨٦). لە ڕۆژی ٢٥ی نیساندا گوندەکانی (هەواوانی سەروو، هەواوانی خواروو، قەیسەری، شیوەسەن، ئاسکی کۆیە، تۆپزاوە، مام مەحمودە)ی سەر بە شارەدێی ناوەندی قەزا وێرانکران (قائمقامية كويسنجق، ٤/٢٥/ ١٩٨٧). لە ڕۆژی ٢٦ی نیساندا هەرسێ گوندی (ئێلنجاغی گەورە (ئێلنجاغی شێخان)، ئێلنجاغی بچووك (ئێلنجاغی خوارێ)، مەرزان)ی سەر بە شارەدێی تەقتەق لەگەڵ زەویدا تەختکران (قائمقامية كويسنجق، ٤/٢٧/ ١٩٨٧، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٥). لە ڕۆژی ٢٨ی نیساندا هەردوو گوندی (باوەقوب و گورزەیی)ی سەر بە شارەدێی شۆڕش وێرانکران (قائمقامية كويسنجق، ٤/٢٩/ ١٩٨٧). لە ڕۆژی ٢٩ی نیساندا هەرچوار گوندی (تەرگێنە، ئاریان، باقلێن، ئەشکەوت سەقا)ی سەر بە شارەدێی شۆڕش کاولکران (قائمقامية كويسنجق، ٤/٣٠/ ١٩٨٧).

لە ڕۆژی ٣٠ی نیساندا هەردوو گوندی (گۆمەتاڵ و سماق شیرینی گەورە)ی سەر بە شارەدێی شۆڕش وێرانکران (مديرية ناحية شورش، ٤/٣٠/ ١٩٨٧، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٦). گوندی یەکەمیان (٧٢) خانوو و ژمارەی دانیشتوانیشی (٣٦٥) کەس بووە. بەگوێرەی نووسراوە نهێنییەکانی حکومەت (١٦٤) کەس لە گوندەکە لایەنگری پێشمەرگە بوونە و (١) پێشمەرگەشی لێبووە. ڕێگایەکی تێپەڕبوونی هێزەکانی پێشمەرگە بووە. گوندی دووەمیان (٢٦) خانوو و ژمارەی دانیشتوانیشی (١٢٩) کەس بووە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٢/٥/ ١٩٨٦). لە ١ی ئایاری ١٩٨٧ هەردوو گوندی (عەبدالان و بارەمیش)ی سەر بە شارەدێی ناوەندی قەزا وێرانکران. گوندی یەکەم (٥) خانوو و ژمارەی دانیشتوانیشی (٢٥) کەس بووە. گوندی دووەم (٢) خانوو و ژمارەی دانیشتوانیشی (٨) کەس بووە. لە ٢ی ئایاردا گوندی (شیلە/

شیلێ)ی سەر بەشارەدێی ناوەندی قەزا کاولکرا (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٢/٥/ ١٩٨٦؛ قائمقامية كويسنجق، ٥/٢/ ١٩٨٧). لە ٧ی ئایاردا گوندی (تاڵەبانی بچووك)ی سەر بە شارەدێی تەقتەق وێرانکرا. لە ٩ی ئایاردا گوندی (کونە گورگ)ی سەر بە شارەدێی تەقتەق کاولکرا (قائمقامية كويسنجق، ٥/٩/ ١٩٨٧). لە ١٠ی ئایاردا گوندی (تاڵەبانی گەورە)ی سەر بە شارەدێی تەقتەق وێرانکرا (قائمقامية كويسنجق، ٥/١١/ ١٩٨٧). لەنێوان ١١-٢٠ ئایاری ١٩٨٧ گوندەکانی (بیستانە، کانی کەند، داربەڕوولە، مام قلینج) ی سەر بە شارەدێی ناوەندی قەزا و گوندی (گەرمك)ی سەر بە شارەدێی تەقتەق وێرانکران (اللجنة الامنية في كويسنجق، ٥/١٢/ ١٩٨٧؛ اللجنة الامنية في كويسنجق، ٥/٢١/ ١٩٨٧). لە کۆتا ڕۆژی قۆناغی یەکەمیشدا هەموو ئەو گوندانەی تا ئەو کاتە وێران نەکرابوون، تۆپباران کراون، ئینجا کاولکراون. بەگوێرەی بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەی عەلی حەسەن مەجید بۆ فەرماندەی فەیلەقی (١) و (٥) ئەو گوندانەی کە لە قۆناغی یەکەمدا ڕاگواستن دەیانگرێتەوە و ماوەی ڕاگواستنیان کۆتایی پێهاتووە و هێشتا تێکنەدراون، پێویستە بە تۆپ و هاوەن لێیان بدرێت، ئینجا بچنە نێویانەوە و کاولبکرێن (قيادة مكتب تنظيم الشمال، ١٩٨٧/٥/٢٠). بەم شێوەیە لە قۆناغی یەکەمدا (٤٢) گوندی سەر بە شارۆچکەی کۆیە کاولکران. (١٧) گوندی سەر بە شارەدێی ناوەندی قەزا و (١٨) گوندی سەر بە شارەدێی شۆڕش و (٧) گوندی سەر بە شارەدێی تەقتەق. ئەمە لەکاتێکدا بەگوێرەی پلانی وێرانکردنی گوندەکان دەبوو لە قۆناغی یەکەمدا (٢٦) گوند وێران بکرێت. ئەمەش نیشانەی خێرایی بەجێگەیاندنی پرۆسەکەیە لەلایەن یەکە سەربازییەکانەوە.

لە قۆناغی یەکەمی وێرانکردنی گوندەکاندا، بەرپرسانی سیاسی و سەربازی ڕەخنەیان لە شێوەی جێبەجێکردنی پرۆسەکە گرتووە. بەتایبەتی وێراننەکردنی تەواوەتی بەشێك لە گوندەکان. لەو بارەیەوە لە بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەی (ڕازی حەسەن سەلمان)ی جێگری ڕازگری سەرکردایەتی نووسینگەی باکور لە ٢٥ی نیسانی ١٩٨٧ دا ئاماژە بەوەکراوە، کە عەلی حەسەن مەجید داوای کردووە، هەر هێزێك کە دەردەچێت بۆ وێرانکردنی گوندێك پێویستە گوندەکە بەتەواوی وێران بکات، ئینجا لە ناوچەکە بکشێتەوە (مكتب تنظيم الشمال، ٤/٢٥/ ١٩٨٧). لە

نووسراوێکی دیکەی فەرماندەی (هێزەکانی ڕەشید) لە ١٣ی ئایاری ١٩٨٧، کە بۆ پارێزگای هەولێر ڕەوانەکراوە، ئاماژە بەوەکراوە پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکان لە ئاستی پێویستدا نییە. بەشێك لە خانوو و کێڵگە و دیواری بیناکان بەتەواوی نەڕووخێندراون، ئەمەش یارمەتی هێزەکانی پێشمەرگە دەدات تا خۆیان لێ حەشار بدەن. بۆیە داوای کردووە دووبارە گوندەکان وێران بکرێنەوە، بەشێوەیەك لەگەڵ زەویدا تەخت بکرێن و هیچ شوێنەوارێکیان نەمێنێت. هەروەها داوای کردووە سەرجەم پاشماوەی خانووەکان وەك تەختە و دەرگا و پەنجەرە و کەرەستەکانی دیکە لە شوێنەکە لابرێن، ئەگەر ئەوەش نەکرا، ئەوە دەبێ بسووتێندرێن (آمرية مواقع قيادة قوات الرشيد، ١٣/٥/ ١٩٨٧).

**٢- قۆناغی دووەمی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکان (٢١/٥- ٢٠/٧/ ١٩٨٧)**

بۆ پلاندانان و جێبەجێکردنی پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکان لە قۆناغی دووەمدا، لە ١٠ ئایاری ١٩٨٧ لە بارەگای فەرماندەیی فەیلەقی (٥) دا بە ئامادەبوونی فەرماندەی فەیلەق لیوا ڕوکن (طالع خليل ارحيم) و پارێزگارەکانی پارێزگاکانی نەینەوا و هەولێر و دهۆك و ڕازگری حیزبی بەعس و بەڕێوەبەرە ئەمنییەکان لە هەر سێ پارێزگاکەدا، لەگەڵ (١٢) فەرماندەی دیکەی سەربازی، کۆنگرەیەك بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا فەرماندەی فەیلەق تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی، کە لە قۆناغی یەکەمدا تا ئەو کاتە جێبەجێکراوە، دواتریش باسی لە دەستپێکی قۆناغی دووەم کردووە، کە پێویستە بە بەراورد بە قۆناغی یەکەم بەخێراییەکی زیاتر پرۆسەکە تەواو بکرێت. ئاماژەی بەوەداوە کە لە قۆناغی یەکەمدا ڕۆڵی فەوجە جاشەکان بەگوێرەی پێویست نەبووە، بۆیە دەبێت لە قۆناغی دووەمدا ڕۆڵی زیاتر ببینن، بەتایبەتی ئەو فەوجانەی کە پێکهاتەی عەشایەری تێیاندا بەهێزە. هەروەها باسی لەوە کردووە لەبەرئەوەی گوندەکانی قۆناغی دووەم کەوتوونەتە قووڵایی ناوچەکانی ژێر هەژموونی هێزەکانی پێشمەرگە، بۆیە پێشبینی دەکەن لەو قۆناغەدا ڕووبەڕووی بەرگرییەکی سەخت ببنەوە. لەلایەکی دیکە لە کۆنگرەکەدا ئاماژە بەوەدراوە، کە هێزەکانی پێشمەرگە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر گوندنشینەکان هەیە و هەندێك

لە دانیشتوان پەیوەندییان پێوەکردوون و بوونەتە پێشمەرگە، بۆیە داواکراوە بەشێوەیەکی چڕ گوندنشینەکان هۆشیاربکرێنەوە و چاودێرییەکی توندی کەسانی گومانلێکراو بکەن. جگە لەمانەش بڕیاردراوە چاودێری جووڵەی تراکتۆری گوندەکان بکرێت و دەستب گیرێت بەسەر هەموو ئەو تراکتۆرانەی، کە لە دەرەوەی شارەکانن (قيادة الفيلق الخامس، ٢٤/٥/ ١٩٨٧، ص١-٥).

لە نووسراوێکی نهێنی لیژنەی ئەمنی کۆیەش بۆ پارێزگای هەولێر لە ١١ی نیسان جەخت لە گرنگی و مەترسی قۆناغی دووەمی وێرانکردنی گوندەکان کراوەتەوە. بۆیە چەندین داواکارییان هەبووە بۆ دابینکردنی ئامێر و ئۆتۆمبێل و کەرەستەی ئەندازەیی و هێزی سەربازی. لەوانەش: تەرخانکردنی سێ فەوجی جاش بۆ گەمارۆدان و پشکنین و هەڵکوتانە سەر گوندەکان، فەوجێکی مغاوير و (٥٠٠) چەکداری مەفرەزە تایبەتەکان، سریەیەکی تانك و سریەیەکی ناقیلە، سێ هاوەنی ١٠٠ ملم و سێ تۆپی مەدفەعی ١٠٦ ملم، سێ تیمی پزیشکی، سێ ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١١/٥/ ١٩٨٧).

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی نهێنی لیژنەی ئەمنی کۆیە لە ماوەی قۆناغی دووەمی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکاندا (٢١ی ئایار- ٢٠ی تەمموزی ١٩٨٧) ژمارەی ئەو گوندانەی شارۆچکەی کۆیە کە ڕاگوێزراون و لەگەڵ زەویدا تەخت کراون (٨٦) گوند بووە. (٢٦) گوند سەر بە شارۆچکەی ناوەند بوون، کە بریتی بوون لەمانە: (بارەمیش، مزگەوتۆکە، دارە مەزن، ئاودەڵۆك، حاجی قەڵا، شیواشۆك قەلەم، بامورتکان، کفرە دۆڵ، گرد هەنجیر، قەشقە، تیمارۆك، دۆندار، شەوگێڕ، باجوان، کێلە خوار، کافرۆشیان، حەمە بایزان، باواجی، کرۆژ، سماقوڵی سێنان، سماقوڵی گرتك، جەلی، پیبازۆك، قۆریتان، کۆلکە ڕەش، گرد گۆران). (٥٢) گوندیش سەر بە شارەدێی تەقتەق بوون، کە بریتی بوون لەمانە: (سوێرەلە، قازبەگیان، قوڕە بەرازەی گچکە، قوڕە بەرازەی گەورە، ناسراغا، داوداوە، کانی کورد، سوورە قەڵا، بانە قەڵات، قولقولە، تەکەلتوو، باغەنجیر، شیوەجان، تاحونە، قەسر خەرابە، خەرابە، ئیلەڵڵا، کانی سوور، کێلە سپی، کاولان، بۆگەد، کانی ڕەش، ئەلیاسە سوور، قەنبەر، باغە چنێرە، مەرزانی کانی قەبران، گرمك ساتوقەڵا، چۆم حەیدەر، گۆمەشین، کارێز، مخەڕەس، کانیبی،

جل بەسەر، کونە گورگ، کانی هەنجیر، مەلا زیاد، کانی لەلە، کانی ڕەش، بانی گوڵان، ڕەحماناوە، قزلو، قەسرۆك، ئۆمەرگومبەت، سێگردکان، سێ کانی، قەسر، بەردە سپی، کانی سلێمان، سارتکە، ئاوماڵ، شەیتان، شیواشۆکی گەورە). هەروەها (٨) گوندیش سەر بە شارەدێی شۆڕش بوون، کە بریتی بوون لەمانە: (قورتەلاس، شاخەپیسکە، بایزاغا، داربەسەری گەورە، داربەسەری گچکە، سماقە، نێرەگین، بەردبڕ) (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٣/٨/ ١٩٨٧).

لە وێرانکردنی گوندەکاندا لە قۆناغی یەکەم و دووەمدا شۆفڵ و بلدۆزەر بەکارهاتووە، کە هەندێکیان تایبەت بوون بە یەکە سەربازییەکان و ئەوانی دیکەش سەر بە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێر بوون. لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا تا کاتی ڕۆژئاوابوون کاریان کردووە. لە قۆناغی یەکەمی وێرانکردنی گوندەکاندا لە نووسراوێکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێردا ئاماژە بە (١٤) شۆفڵ و (٢) بلدۆزەری بەڕێوەبەرایەتییەکە لەگەڵ ناوی شۆفێر و ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان کراوە، کە بەشدارییان لە کاولکردن و تێکدانی گوندەکاندا کردووە (مديرية بلديات محافظة اربيل، ١٩/٤/ ١٩٨٧). لە قۆناغی دووەمی وێرانکردنی گوندەکانیشدا (٢٥) شۆفڵ بەکارهاتوون، لەگەڵ (٥) ئۆتۆمبێلی جۆری (فاون) بۆ گواستنەوەی شۆفڵەکان (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١١/٥/ ١٩٨٧) ژمارەیەکی زۆری شۆفڵەکان ڕۆژانە لەکاتی ڕووخاندنی گوندەکاندا لەکارکەوتوون. بۆ نموونە بەگوێرەی بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەی لێژنەی ئەمنی کۆیە بۆ پارێزگای هەولێر لە ٢٩ی نیسانی ١٩٨٧ دا (٤) شۆفڵ لەکارکەوتوون (اللجنة الامنية في كويسنجق، ٢٩/٤/ ١٩٨٧). تەنانەت لە هەندێك ڕۆژدا تەواوی شۆفڵەکان لەکارکەوتوون و پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکان وەستاوە. وەك لە نووسراوێکی لێژنەی ئەمنی کۆیە بۆ پارێزگای هەولێر لە ٤ی ئایاردا ئاماژە بەوەکراوە لەم ڕۆژەدا هیچ گوندێك لە شارۆچکەکە تێکنەدراوە، لەبەرئەوەی ئەو (١١) شۆفڵەی لایان بووە، سەرجەمیان لەکارکەوتوون و ئیشیان نەکردووە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ٤/٥/ ١٩٨٧). هەروەها لە ٧ی ئایاردا لێژنەکە لە بروسکەیەکدا داوای لە پارێزگای هەولێر کردووە تا فەرمان بکات بە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی کەرکوك، بۆ چاککردنەوەی دوو شۆفڵی لەکارکەوتوو، کە ڕۆژی ٢ی ئایار بۆیان

ڕەوانەكردوون. لە هەمان كاتدا فەرمان بكات بە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر بۆ چاككردنەوەی ئەو شۆفڵانەی، كە لە ڕۆژی ٤ی نیسان بۆیان ناردوون (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٩٨٧/٥/٧). لە بروسكەیەكی دیكەی هەمان لێژنە لە ١١ی حوزەیراندا ئاماژە بە لەكاركەوتنی (٨) شۆفڵ لەكۆی (١٥) شۆفڵ كراوە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٩٨٧/٦/١١).

خانووی گوندەكان زۆربەی هەرە زۆریان لە قوڕ و بەرد دروستكرابوون، بۆیە وێرانكردنیان ئاسان بووە. بەڵام مزگەوت و قوتابخانە و بنكە تەندروستییەكان لەبەرئەوەی لە شیش و كۆنكرێت دروستكرابوون، بۆیە زۆربەیان لەڕێگەی بەكارهێنانی (تی ئێن تی)یەوە تەقێندراونەتەوە و دواتر بە شۆفڵ تەخت كراون. بەر لە تەقاندنەوەشیان كەلوپەلەكانی ناویان گوازراوەتەوە. بەگوێرەی بەڵگەنامەیەكی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی پارێزگای هەولێر لە ڕۆژی ٤ی ئایاری ١٩٨٧ لێژنەیەك لەسەر ئاستی شارۆچكەی كۆیە لە هەریەك لە (فەقێ عەلی ئیسماعیل)ی پێشنوێژی مزگەوتی گەورەی كۆیە و (تەیب محەمەد بەهائەدین)ی پێشنوێژی مزگەوتی (بایزاغا)ی كۆیە و (حەسەن حەمەد مرۆ)ی پێشنوێژی مزگەوتی (سەرباغ)ی كۆیە پێكهاتووە، بە مەبەستی كۆكردنەوە و گواستنەوەی كەلوپەلەكانی نێو ئەو مزگەوتانەی، كە لە گوندەكانی شارۆچكەی كۆیەدا وێرانكراون (الامانة العامة لادارة شؤون الاوقاف، ١٩٨٧/٥/٤، بڕوانە: پاشكۆی ژمارە ٧). بەڵام ئەم ڕێكارانە لە هەموو گوندەكاندا جێبەجێ نەكراوە، لە هەندێك گونددا مزگەوتەكان بە هەموو كەلوپەلەكانی ناویەوە ڕووخێندراون.

جێگەی ئاماژەیە بەر لە وێرانكردن و دوای وێرانكردنیش بە كامێرای ڤیدیۆ وێنەی گوندەكان گیراوە و لە دەزگا حكومییەكاندا دۆكیۆمێنت كراوە. لەو بارەیەوە لە ٢١ی ئایاری ١٩٨٧ لە بروسكەیەكی نهێنی و بەپەلەی لێژنەی ئەمنی كۆیە بۆ پارێزگای هەولێر، داوای كامێرای ڤیدیۆ و وێنەگری پێویستی كردووە، تا وێنەی گوندەكان بگرن (اللجنة الامنية في كويسنجق، ١٩٨٧/٥/٢١، رقم المنشيء/ ٣٣٥).

لەلایەكی دیكە پێویستە ئاماژە بەوە بكرێت، كە سەرباری كاولكردنی خانوو و ماڵی گوندەكان، لە زۆربەی ناوچەكاندا كاری تاڵانكاریش كراوە و لەلایەن هێزە

سەربازی و جاشەکانەوە بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی بە تاڵان براوە. ئەمەش بەڕوونی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتدا هاتووە و دەزگا حکومییەکان خۆیان دانیان پێداناوە. بۆ نموونە بەگوێرەی بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەی پارێزگای هەولێر بۆ نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور لە ۳ی تشرینی یەکەمی ۱۹۸۸ ئاماژە بەوەکراوە، کە عەمید ڕوکن (عەلی ئەحمەد صالح)ی فەرماندەی فیرقەی (٤٦) دار ئەسپیندارەکانی هەر سێ گوندی (سماقووڵی سەروچاو و سماقووڵی گرتك و سماقووڵی گەلی)ی سەر بە شارەدێی ناوەندی شارۆچکەی کۆیەی بڕیوە و بە نرخی (٦٠) هەزار دینار فرۆشتوویەتی. هەروەها هەندێك لە سەرۆك جاشەکانیش دەیان لۆری دار ئەسپینداریان لە گوندەکانەوە بۆ ناو شاری هەولێر گواستووەتەوە و لەوێ فرۆشتوویانە (محافظة اربيل-لجنة مكافحة النشاط المعادي، ۱/۳/ ۱۹۸۸).

جگە لە بەرهەمی کشتوکاڵی، سەدان سەر ئاژەڵ لە گوندە وێرانکراوەکاندا تاڵان کراون و دەستیان بەسەرداگیراوە. تەنانەت بەهۆی زۆری ئاژەڵە تاڵانکراوەکان لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر لێژنەیەك لەژێر ناوی (لێژنەی وەرگرتن و حەواندنەوەی ئاژەڵە بە قاچاغ براوەکان) پێکهاتووە. ئەو لێژنەیە لە نووسراوێکدا لە ۱ی تشرینی دووەمی ۱۹۸۸ دا بۆ لێژنەی نەهێشتنی چالاکی دوژمنکارانە لە هەولێر، ئاماژەی بەوە کردووە، کە بەهۆی زۆری ئەو مەڕ و ماڵات و ئاژەڵانەی، کە لەلایەن یەکە سەربازییەکانەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێت، گرفتیان بۆ دروست بووە، چونکە ئاژەڵەکان پێویستیان بە شوێنی تایبەت و کرێکار و پاسەوان و ئالیك و داو و دەرمان هەیە. ژمارەیەکیشیان بەهۆی زۆر ڕۆیشتن و ماندووبوونەوە لەناوچوون. بۆیە داوایان کردووە بەزوویی ئەو ئاژەڵانە بفرۆشرێن و پارەکەی بچێتەوە گەنجینەی حکومەت (لجنة استلام وايواء الحيوانات المهربة، ۱/۱۱/ ۱۹۸۸).

**۳- هەڵوەشاندنەوە و بڕیاری وێرانکردنی هەردوو شارەدێی شۆڕش و تەقتەق**

دوا بەدوای بڕیاری ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان، ژمارەیەك شارەدێ لە سەرتاسەری کوردستان هەڵوەشێندرانەوە. لەم چوارچێوەیەشدا بەگوێرەی فەرمانێکی کۆماری لە ۱۱ی ئایاری ۱۹۸۷ دا (۲۹) شارەدێ هەڵوەشێندرانەوە،

لەنێویشیاندا هەردوو شارەدێی شۆڕش و تەقتەق (نێروەیی، ٢٠١٠، ل٢٠). ئەمەش لەبەرئەوە بوو کە هیچ مانایەك بۆ مانەوەی یەکە کارگێڕییەکان لەو ناوچانەدا نەمابووەوە و ئەو گوندانەی سەر بە هەردوو شارەدێیەکە بوون هەندێکیان بەتەواوی کاولکرابوون و هەندێکی دیکەشیان لە چاوەڕوانی وێرانکردندا بوون. سەبارەت بە شارۆچکەی شۆڕش لە سەرەتاکانی ئەیلوولی ١٩٨٧ دانیشتوانەکەی چۆڵیان کرد. لە نووسراوێکی نهێنی قایمقامییەتی ناوەندی شارۆچکەی هەولێر ئاماژە بەوە کراوە دوای ئەوەی لە شەوی ٣/٤ی ئەیلوولی ١٩٨٧ بارەگاکانی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی (جاش) لە شارۆچکەکە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە هێرشیان کرایە سەر، لە ئەنجامدا دانیشتوانی گوندی دێگەڵەی ناوەندی شارەدێی شۆڕش و کۆمەڵگەی دێگەڵەی تەنیشت شارەدێیەکە بەتەواوی چۆڵکراون و دانیشتوانەکەی کۆچیان بۆ نێو هەردوو شاری کۆیە و هەولێر کردووە. بۆیە قایمقامییەت پێشنیازی وێرانکردنی گوندەکە و کۆمەڵگەکەی کردووە (قائمقامية قضاء مركز اربيل، ٩/١٧/ ١٩٨٧). فەیلەقی (٥)ی سوپای عێراقیش، کە بەرپرسیارێتی سەربازی شارەدێیەکەی لە ئەستۆدا بووە، لە نووسراوێکدا لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ پێی وابووە بەهۆی ئەوەی گوندی دێگەڵە لە ناوچەیەکە بەردەوام هەڕەشەی پێشمەرگەی لەسەرە و بەهۆی هەڵوەشانەوەی شارەدێیەکە و سوود لێ نەبینینی لەڕووی سەربازی و ئابوورییەوە، بۆیە پێشنیازی کاولکردنی شارەدێیەکەی کردووە (برقية سرية وفورية من الفيلق الخامس، ١٠/١٠/ ١٩٨٧). بە هەمان شێوە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر هیچ لارییەکی لە تێکدانی شارەدێی شۆڕشدا نەبووە و پشتگیری ئەو هەنگاوەی کردووە (مديرية امن محافظة اربيل، ١١/١٣/ ١٩٨٧، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٨). بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێریش لە نووسراوێکدا بۆ پارێزگای هەولێر لە ٢٨ی تشرینی دووەمدا داوای وەستاندنی خوێندنی لە قوتابخانەی ناوەندی دێگەڵە کردووە. لە نووسراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە بەهۆی بارودۆخی نائاسایی ناوچەکە و بۆ سوودوەرگرتن لە مامۆستاکانی ئەو قوتابخانەیە و پڕکردنەوەی پێداویستی قوتابخانەکانی دیکە پێویستە خوێندن لەو قوتابخانەیە بوەستێت (المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، ١١/٢٨/ ١٩٨٧).

دوای نزیکەی ساڵێك لەو پێشنیازانەی، کە کران بۆ تێکدانی شارەدێیەکە، بەڵام نەبووە بڕیار و جێبەجێ نەکرا، بۆیە وردە وردە بەشێك لەو گوندنشینانەی شارەدێیەکە، کە دوای تێکدانی گوندەکان لەنێو دۆڵ و شاخەکان خۆیان حەشاردابوو، لەگەڵ بەشێك لە دانیشتوانی گوندی دێگەڵە هاتنەوە نێو شارۆچکەکە و تێیدا نیشتەجێبوون. بەشێوەیەك لە حوزەیرانی ١٩٨٨ دا (٢٥) خێزانی سەر بە شارۆچکەکە و (٣٢) خێزانی گوندەکانی (تەرگێنە، کانیبی، گۆمەتاڵ، سماق شیرین، گۆمەشین، کانی دەربەند، بانی ماران، عەلیاوە) لە شارۆچکەکەدا بوون (قائمقامية قضاء مركز اربيل، ٦/١٨/ ١٩٨٨). بۆیە جارێکی دیکە دەزگا سەربازی و ئەمنی و حزبی و کارگێڕییەکانی حکومەت پێشنیازی ڕووخاندنی شارۆچکەکەیان بۆ سەرووی خۆیان بەرزکردووەتەوە. لەوانەش بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر لە نووسراوێکی نهێنیدا بۆ پارێزگای هەولێر پێشنیازی تێکدانی شارۆچکەکەیان کردووە، ئەمەش بە پاساوی ئەوەی، کە ناوچەکە بووەتە دەروازەیەکی گرنگی هێزەکانی پێشمەرگە لە گوندەکانی سماقوڵی سەروچاوە و سماقوڵی گرتك (مديرية امن محافظة اربيل، ١٠/٢٢/ ١٩٨٨). پارێزگای هەولێریش لە نووسراوێکدا لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٨ بۆ نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور پێشنیازی ڕاگواستن و ڕووخاندنی شارۆچکەکەی کردووە، بەشێوەیەك دانیشتوانەکەی لە کۆمەڵگەی (باسرمە) نیشتەجێ بکرێن (محافظة اربيل-لجنة مكافحة النشاط المعادي، ١١/٢/ ١٩٨٨، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ٩). بەڵام نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور لە نووسراوێکدا لە ١٤ی تشرینی دووەمدا داوای کردووە ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندی دێگەڵە لەو کاتەدا ئەنجام نەدرێت و بۆ دوای تەواوبوونی وەرزی زستان دوابخرێت (قيادة مكتب تنظيم الشمال، ١١/١٤/ ١٩٨٨). بەڵام لە وەرزی زستانیشدا پرۆسەی ڕاگواستنی گوندی دێگەڵە جێبەجێ نەکرا، بەم شێوەیەش گوندەکە وێران نەکرا و وەك خۆی مایەوە.

سەبارەت بە ناوەندی شارەدێی تەقتەق، کە ژمارەی خانووەکانی (٨٨١) خانوو بووە (محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ٦/٢/ ١٩٨٨). دوای تێکدانی گوندەکانی سەر بە ناحیەکە لەلایەن بەرپرسان و دەزگا حکومی و سەربازی و ئەمنییەکانەوە

پێشنیازی وێرانکردنی شارۆچکەکە کراوە. لەم چوارچێوەیەشدا لە نووسراوێکدا نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور لە ٢٠ی تەمموزی ١٩٨٧، کە ئاراستەی پارێزگای هەولێر کراوە، ئاماژە بەوە دراوە، کە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی شارۆچکەکە پەیوەندییان بە هێزەکانی پێشمەرگەوە کردووە و لەکاتی پەلاماری پێشمەرگە بۆ سەر شارۆچکەکە زۆربەی دانیشتوانەکەی هاوکاری و ئاسانکارییان بۆ کردوون. بۆیە پێشنیازی وێرانکردنی شارۆچکەکە کراوە، پارێزگای هەولێریش لەلای خۆیەوە، بە نووسراوێکی نهێنی داوای ڕا و بۆچوونی هەریەك لە سەرکردایەتی لقی هەولێری حیزبی بەعس و بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگای هەولێر و ڕێکخستنی هەواڵگری ناوچەی باکووری لەو بارەیەوە کردووە (محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ٨/١/ ١٩٨٧).

ڕێکخستنی هەواڵگری ناوچەی باکوور لە ٣ی ئابدا وەڵامی پارێزگای هەولێری داوەتەوە و ئاماژەی بەوە داوە، کە پشتگیری لە پێشنیازەکە دەکەن، چونکە شارۆچکەکە بووەتە وێستگەی پشوودانی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا و زۆربەی پێداویستییەکانی خۆیان لەوێ بەدەست دەخەن (منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، ٨/٣/ ١٩٨٧). بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێریش لە ١٦ی ئابدا لاری نەبوونی خۆی لە وێرانکردنی شارۆچکەکە دەربڕیوە (مديرية امن محافظة اربيل، ٨/١٦/ ١٩٨٧). بە هەمان شێوە سەرکردایەتی لقی هەولێری حیزبی بەعسیش لە ٢ی ئەیلولولدا ڕەزامەندیی خۆی بۆ پێشنیازەکە دەربڕیوە (قيادة فرع اربيل، ٩/٢/ ١٩٨٧). پارێزگای هەولێریش لەلای خۆیەوە لە نووسراوێکدا لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٨٧ بۆ هەریەك لە نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور و فەرماندەیی فەیلەقی یەك لاری نەبوونی خۆی لە ڕاگواستن و وێرانکردنی شارۆچکەی تەقتەق ڕاگەیاندووە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژەی بەوە داوە، کە بەر لە تێکدانی پێویستە کۆمەڵگایەکی نیشتەجێبوون بۆ دانیشتوانەکەی ئامادە بکرێت، لەلایەکی دیکە دوو پرۆژەی گرنگی ئابووری لە شارۆچکەکەدا هەن دەبێت ڕەچاو بکرێن، یەکەمیان کێڵگەیەکی پەلەوەر، کە هی دەوڵەتە و سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵە. هێلکە و جووجەڵە بۆ ناوچەی باکوور دابین دەکات. دووەمیان پرۆژەی ئاوی تەقتەقە، کە سەرچاوەی سەرەکی ئاوی شاری کۆیەیە و ناکرێت دەستبەرداری بین (محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ٩/١٥/ ١٩٨٧).

پرۆژەی پەلەوەری تەقتەق یەکێك بوو لەو گرفتانەی، کە دەبووە کۆسپ لەبەردەم وێرانکردنی شارۆچکەکە، چونکە پرۆژەیەکی گرنگی ئابووری ناوچەکە بوو، یان دەبوو دوای کاولکردنی شارۆچکەکە لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە و بفرۆشرێتە کەرتی تایبەت، ئەمەش پێویستی بە پارێزگارییەکی بەردەوام هەبوو لەو هێرشانەی کە پێشمەرگە دەیکردە سەری. یان ئەوەتا دەبوو بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە. بەڵام هیچ یەکێك لەو دوو ئەگەرانە سەرکەوتوو نەبوون، چونکە پرۆژەکە سەرباری ئەوەی لەلایەن هێزێکی زۆرەوە پارێزگاری لێکراوە، بەشێوەیەك لە شەش ڕەبییەی جاش پێکهاتووە و ژمارەی چەکدارەکانی (٣٠٠) کەس بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەگوێرەی دانپێداهێنانی بەرپرسانی سەربازی نەتواندراوە بە باشی پارێزگاری لێ بکرێت (قیادة الفیلق الاول، ١٠/١٣/ ١٩٨٧). سەبارەت بە گواستنەوەشی بۆ جێگایەکی دیکە، کارێکی زەحمەت و تێچوونێکی ماددیی زۆری پێویست بووە، تەنانەت لە نووسراوێکی دامەزراوەی گشتی پەلەوەری ناوچەی باکووردا هاتووە: "بەرزکردنەوە و لەبەریەکهەڵوەشانەوە و دووبارە دانانەوەی مەکینە و ئامێرەکانی پرۆژەکە پێویستی بە تێچوونێکی دارایی زۆر هەیە، کە لەوانەیە بگاتە تێچوونی دامەزراندنی پرۆژەیەکی نوێ" (المنشأة العامة لدواجن المنطقة الشمالیة، ٧/٤/ ١٩٨٧). دوای ئەمانە نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور لە نووسراوێکی نهێنیدا لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ بۆ فەرماندەیی فەیلەقی یەك بڕیاری دواخستنی ڕاگواستن و وێرانکردنی شارۆچکەی تەقتەقی ڕاگەیاند (قیادة مكتب تنظیم الشمال، ١٩/١٠/ ١٩٨٧).

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێك بەسەر بڕیارەکە، جارێکی دیکە بەرپرسانی ناوچەکە پێویستبوونی وێرانکردنی شارۆچکەکەیان بۆ سەرووی خۆیان بەرزکردەوە. لەم میانەیەشدا لێژنەی نەهێشتنی چالاکی دوژمنکارانە لە کۆیە لە کۆبوونەوەیەکدا بە سەرۆکایەتی عەمید (عبدالجبار جسام صالح) لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٨ دا چەند زانیارییەکیان لەبارەی ناوچەکە بە پارێزگای هەولێر داوە، کە لەژێر ڕۆشنایی ئەمانەدا بڕیاری کاولکردنی شارۆچکەکە بدرێت. لەوانەش: شارۆچکەکە بووەتە شوێنی کۆبوونەوەی ئەو خێزانانەی، کە گوندەکانیان وێرانکراوە، لەگەڵ ئەو خێزانانەی دوای

پرۆسەی ئەنفالی ناوچەکانی تەقتەق و دەشتی کۆیە ڕوویان لەوێ کردووە، بەشێوەیەك (٧٤٧) خێزانی گوندەکان و پاشماوەی ئەنفالەکان لەوێدا نیشتەجێبوون. هەروەها تا ئەو کاتە (٤) پێشمەرگەی خەڵکی شارۆچکەکە، نەگەڕاونەتەوە و خۆیان ڕادەستی حکومەت نەکردۆتەوە. جگە لەمانەش بەشێوەیەکی بەردەوام هێزەکانی پێشمەرگە هاتوچۆی شارۆچکەکە دەکەن و بووەتە سەرچاوەی دابینکردنی خۆراك و سووتەمەنی بۆیان (لجنة مكافحة النشاط المعادي في كويسنجق، ١١/٩/ ١٩٨٨). بۆیە پارێزگای هەولێر لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٩ داوای لە لێژنەی نەهێشتنی چالاکی دوژمنکارانە لە کۆیە کردووە، کە هیچ خزمەتگوزارییەکی بەردەوام پێشکەش بە شارۆچکەی تەقتەق نەکەن، ئەمەش وەك ڕێخۆشکردنێك بۆ ڕووخاندنی (محافظة اربيل- لجنة مكافحة النشاط المعادي، ١/٢١/ ١٩٨٩). بۆ ئەو مەبەستەش لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٨٩ دا پارێزگای هەولێر ڕەزامەندی نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری بەدەستهێنا (محافظة اربيل- لجنة مكافحة النشاط المعادي، ٢/١٢/ ١٩٨٩). بەڵام لێژنەی کاروباری باکوور لە نووسراوێکدا لە ٢٤ی ئایاری ١٩٨٩ دا بۆ پارێزگای هەولێر ئاگاداری کردوونەتەوە، کە بڕیار دراوە شارۆچکەکە وێران نەکرێت (لجنة شؤون الشمال، ٥/٢٤/ ١٩٨٩). بەم شێوەیەش شارۆچکەکە وێران نەکرا و جارێکی دیکە ئاوەدانی و خزمەتگوزارییەکانی بۆ گەڕایەوە.

شایانی ئاماژەپێدانە جگە لە پێشکەشکردنی پێشنیاز بۆ ڕووخاندنی شارۆچکەکان، بەرپرسانی شارۆچکەی کۆیە، پێشنیازی وێرانکردن و سڕینەوەی هەندێك گەڕەکی ناو شاری کۆیەیەشیان کردووە. لەم چوارچێوەیەشدا لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٨٩ دا لە کۆبوونەوەیەکی لێژنەی نەهێشتنی چالاکی دوژمنکارانە لە کۆیە بڕیاردراوە گەڕەکەکانی (حەمامۆك و ئازادی و سەعدوناوە و شەوگێڕ) وێران بکرێن. ئەمەش لەبەرئەوەی بە بەردەوامی پێشمەرگە هاتوچۆی ئەو گەڕەکانەیان کردووە و شوێنی دابینکردنی ئازووقە و کەلوپەلە پێویستییەکانیان بووە. هەروەها هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردراوە بە تێکدان و دەستبەسەرداگرتنی خانووی ئەو پێشمەرگانەی شارۆچکەی کۆیە، کە تا ئەو کاتە خۆیان ڕادەستی حکومەت نەکردووەتەوە (لجنة مكافحة النشاط المعادي في كويسنجق، ١/١٦/ ١٩٨٩).

## ئەنجام

١- گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە بایەخی ئابوورییان لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر و باشووری کوردستان هەبووە. بەتایبەتی لەڕووی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە. تووتن گرنگترین بەرهەمی کشتوکاڵی گوندەکانی شارۆچکەکە بووە. بەشێوەیەك نزیکەی (٣٠%)ی تووتنی باشووری کوردستانی لێ بەرهەمهاتووە. بۆیە ڕووخاندنی ئەو گوندانە، کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابووری ناوچەکە هەبووە.

٢- لە بەڵگەنامە فەرمی و نهێنییەکانی حکومەتدا هۆکاری سەرەکی وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەکە گەڕێندراوەتەوە بۆ بوونی هێزەکانی پێشمەرگە لەو گوندانەدا، کە شوێنی حەوانەوە و سەرچاوەی خۆراکیان بووە و کەلوپەلە پێویستییەکانیان لێ دابینکردووە. بەڵام ئەمە تەنیا بیانوو بووە و هۆکاری سیاسی و ئابووری لە پشتەوە بووە.

٣- هەر لە ساڵی (١٩٦٣)ەوە بەشێك لە گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لەلایەن حکومەتی بەعسەوە ڕاگوێزراون و وێرانکراون. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٧ پرۆسەکە گشتگیر بوو و گەیشتە چڵەپۆپە. لەم ساڵەدا ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەکە بە دوو قۆناغ ئەنجامدراوە، قۆناغی یەکەم لە ٢١ی نیسان تا ٢٠ی ئایاری خایاندووە. کە بەپێی پلانەکە دەبوو (٢٦) گوند وێران بکرێن، بەڵام زیاتر لە (٤٢) گوند کاولکران. قۆناغی دووەم لە ٢١ی ئایار تا ٢٠ی حوزەیران بووە. لەو ماوەیەشدا (٨٦) گوند وێران کران.

٤- بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی وێرانکردن، ژمارەی خانووی گوندەکان و سەرژمێری گشتی دانیشتوان و پۆلێنکردنیان لەسەر بنەمای لایەنگر، یا نەیاری حکومەت لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا نووسراوە و کاتی وێرانکردنی گوندەکانیش بە کامێرای ڤیدیۆ تۆمارکراوە.

٥- جگە لە یەکە سەربازییەکان، فەوجەکانی جاش، کە کورد بوون، ڕۆڵی سەرەکییان لە پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکاندا هەبووە و پارێزگارییان لەو شۆفڵ و ئامێرانە کردووە، کە گوندەکانیان تێکداوە. هەروەها ڕووبەڕووی ئەو هێزانەی پێشمەرگە بوونەتەوە، کە هەوڵیان داوە پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکان ڕابگرن.

٦- دوای هەڵوەشانەوەی هەردوو شارەدێی (شۆڕش و تەقتەق)ی شارۆچکەی کۆیە، چەندین پێشنیاز لەلایەن دەزگا ئەمنی و سەربازی و کارگێڕییەکانی حکومەت کراوە بۆ وێرانکردنی هەردوو شارەدێیەکە، بەڵام لە کۆتاییدا (نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور) بڕیاری وێراننەکردنی داوە و وەك خۆیان ماونەتەوە. هۆکارەکەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەکۆتایی هەشتاکاندا چالاکییەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا تاڕادەیەك لاواز بووە و مەترسی لەسەر دەزگا حکومییەکان کەمتر بووەتەوە.

٧- وێڕای ئەوەی حکومەت وێرانکردنی گوندەکانی بەچڕی ئەنجامداوە، بەڵام بەشێك لە گوندنشینەکان ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکان بوونەتەوە و بە ئاسانی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان چۆڵنەکردووە، بەمەش توانیویانە لە هەندێك شوێندا پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان بکەن.

**سەرچاوەکان:**

**١-بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان**

**أ/ بەڵگەنامەکانی پارێزگای هەولێر:**


-المديرية العامة للتربية في محافظة اربيل، (٤/٨/ ١٩٨٥)، الموضوع: دوام المدارس، العدد/ ٤٢٩.

- مديرية أمن محافظة اربيل، مديرية الامن العامة، (٤/١٦/ ١٩٨٥)، الموضوع: دوام المدارس، العدد/ ١٨٠١.

- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، (١١/١٦/ ١٩٨٥)، برقية سرية وفورية الى مكتب تنظيم الشمال-التأميم، رقم المنشيء/ ٢٥٨٢.

- مقر قيادة قوات/ ٤١، الاركان العامة، الاستخبارات، (٢/١١/ ١٩٨٦)، سري وشخصي، الموضوع: اقتحام القرى التي تحت تأثير المخربين، العدد/ أ س/١/ ١/ ١٠٠.

- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، (٣/١٣/ ١٩٨٦)، الموضوع: مدارس موقوفة الدراسة، العدد/ ١٠٤٦.

- حزب البعث العربي الاشتراكي القطر العراقي- قيادة فرع اربيل، (٢/١٧/ ١٩٨٧)، سري وشخصي، الموضوع: معلومات، العدد/ ٣٨/ ١٩٥٥.

- اللجنة الامنية في محافظة اربيل، (٣/١٧/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى فل١/فل٥، العدد/ ١٠٤٦. ، ٣/١٧/ ١٩٨٧.

- محافظة اربيل-الشؤون الداخلية، (٣/٢٣/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى وزارة الداخلية - مديرية الامور السرية والسياسية، رقم المنشيء/ ١١٩٠.

- محافظة اربيل-الشؤون الداخلية، (٤/٨/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى وزارة الداخلية - مديرية الامور السرية والسياسية، رقم المنشيء/ ١٢٠٤.

- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، (٤/٩/ ١٩٨٧)، سري وشخصي، الموضوع: طلب اسماء قرى، العدد/ ١١٦٣.

- مديرية بلديات محافظة اربيل، (٤/١٩/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ١٢٢.

- قيادة الفيلق الخامس، الاركان العامة، الحركات، (٤/٢١/ ١٩٨٧)، سري للغاية، محضر المؤتمر المنعقد في مقر الفيلق الخامس بالساعة ١٠:٢٥ يوم ١٣ نيسان ١٩٨٧، الرقم/ ١/ ح٢/ ١١/ ٦٦١٩.

- مديرية امن محافظة اربيل، (٤/٢٢/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٢٩٤٥.

- مكتب تنظيم الشمال (٢٥/٤/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية، العدد/ ٤٢٥/٣٠٧٦.
- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، (٢٨/٤/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى قيادة فيلق الخامس وقيادة مكتب تنظيم الشمال، رقم المنشيء/ ١٥١١.
- الامانة العامة لادارة شؤون الاوقاف، (٤/٥/ ١٩٨٧)، مديرية الاوقاف والشؤون الدينية لمحافظة اربيل، شعبة المساجد والعتبات، سري، الموضوع: امر اداري، العدد/ ٢٩/١٠٣.
- آمرية مواقع قيادة قوات الرشيد، الحركات، (١٣/٥/ ١٩٨٧)، سري وشخصي وعلى الفور، الموضوع: ترحيل وتهديم القرى، العدد/ ح٢٢/ ٢٠٠.
- قيادة مكتب تنظيم الشمال، (٢٠/٥/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية، رقم المنشيء/ ٣٣٢٦.
- قيادة الفيلق الخامس، الاركان العامة، الحركات، (٢٤/٥/ ١٩٨٧)، سري للغاية، محضر المؤتمر المنعقد في مقر الفيلق الخامس بالساعة ١١ ليوم الاحد الموافق ١٠ ايار ١٩٨٧، العدد/ ح ٢/ ١١/ ٨٦٢٤.
- المنشأة العامة لدواجن المنطقة الشمالية، (٤/٧/ ١٩٨٧)، سري للغاية وعلى الفور، الموضوع: مشروع طق طق، العدد/ ٤٦٣.
- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، (١/٨/ ١٩٨٧)، سري و شخصي، الموضوع: بيان رأي، العدد/ ٢٨٠٤.
- منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، مديرية الاستخبارات العسكرية العامة، (٣/٨/ ١٩٨٧)، الموضوع: بيان رأي، الرقم/ ش٣/ق٣/ ١٣٠٩.
- مديرية امن محافظة اربيل، (١٦/٨/ ١٩٨٧)، الموضوع: معلومات، العدد/ ٨٩٩٨.
- مديرية امن اربيل، (٢٣/٨/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية و قيادة فرع اربيل للحزب القائد، رقم المنشيء/ ش.ش٣/٩٧٥٧.
- قيادة فرع اربيل، حزب البعث العربي الاشتراكي-القطر العراقي، (٢/٩/ ١٩٨٧)، الموضوع: بيان رأي، العدد/ ١١١١٨/٥٥.
- المنشأة العامة لدواجن المنطقة الشمالية/ اربيل (١٣/٩/ ١٩٨٧)، الموضوع: مشروع طق طق، العدد/ ٤٦٣.
- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، (١٥/٩/ ١٩٨٧)، برقيه سرية وفورية، رقم المنشيء/ ٣٣٥٧.
- قائمقامية قضاء مركز اربيل، (١٧/٩/ ١٩٨٧)، المراسلات السرية، الموضوع: معلومات، العدد/ ٢٧.
- الفيلق الخامس، (١٠/١٠/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، رقم المنشيء/٢/ح/ ١٢.

- قيادة الفيلق الاول، الامن الداخلي، (١٠/١٣/ ١٩٨٧)، الموضوع: تأمين حماية، الرقم/ ح/ ١٩/ ٥٨٨.
- قيادة مكتب تنظيم الشمال، مكتب السكرتارية، (١٠/١٩/ ١٩٨٧)، الموضوع: ازالة قصبة طق طق، العدد/ ٦٢٥٧.
- مديرية امن محافظة اربيل، (١١/١٣/ ١٩٨٧)، سري، الموضوع: بيان رأي، العدد/ ١٤٩٩٨.
- منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، (١٦/ ١١/ ١٩٨٧)، رئاسة الجمهورية، السكرتير، مديرية الاستخبارات العسكرية العامة، الموضوع: بيان رأي، الرقم/ ش٣/ ق٣/ ٢٠٠٨.
- المديرية العامة لتربية محافظة اربيل، (١١/٢٨/ ١٩٨٧)، سري، الموضوع: متوسطة ديكلة، العدد/ س/١٨٨٨.
- محافظة اربيل-لجنة مكافحة النشاط المعادي، (١/٣/ ١٩٨٨)، برقية سرية وفورية الى قيادة مكتب تنظيم الشمال، رقم المنشيء/ ٦٦٦٣.
- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، (٦/٢/ ١٩٨٨)، سري و شخصي، الموضوع: ازالة ناحية طق طق، العدد/ ٤١١٩.
- قائمقامية قضاء مركز اربيل، (٦/١٨/ ١٩٨٨)، الموضوع: قصبة شورش، الرقم/ ٥٠٢/٦٩.
- مديرية امن محافظة اربيل، (١٠/٢٢/ ١٩٨٨)، سري، الموضوع: ازالة قصبة شورش، العدد/ ش.ت. ١٥٩٣٣.
- لجنة استلام وايواء الحيوانات المهربة، (١١/١/ ١٩٨٨)، الموضوع: مواشي مهربة، العدد/ ١٠٧.
- محافظة اربيل-لجنة مكافحة النشاط المعادي، (١١/٢/ ١٩٨٨)، الموضوع: ازالة قصبة شورش (حاليا قرية ديكلة)، العدد/ ٧٧٧٣.
- قيادة مكتب تنظيم الشمال، (١١/١٤/ ١٩٨٨)، برقية سرية وفورية، رقم المنشيء/ ٣٧٢٤.
- محافظة اربيل- لجنة مكافحة النشاط المعادي، (١/٢١/ ١٩٨٩)، سري و شخصي، الموضوع: محضر اجتماع، العدد/ ٣٧٩.
- محافظة اربيل- لجنة مكافحة النشاط المعادي، (٢/١٢/ ١٩٨٩)، سري و شخصي، الموضوع: ازالة قصبة طق طق، العدد/ ٨١٨.
- لجنة شؤون الشمال، مجلس قيادة الثورة، (٥/٢٤/ ١٩٨٩)، سري و شخصي، الموضوع: ازالة ناحية طق طق، العدد/ ٤٠٨٦.

**ب/ بەڵگەنامەکانی قایمقامییەتی شارۆچکەی کۆیە:**

- اللجنة الامنية في كويسنجق، (٨/٨/ ١٩٨٥)، الموضوع: اجابة، سري للغاية، العدد/ لجنة/ ٨.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (١١/٣/ ١٩٨٥)، سرية وفورية، العدد/ ١٠٧.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (١٢/٥/ ١٩٨٦)، الموضوع: ارسال قوائم، سري و شخصي، العدد/ ٦٩٢.
- قائمقامية قضاء كويسنجق، (٤/١٦/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، العدد/ ١٢٤.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (٤/٢٠/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٢٣٥.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٢٢/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ١٣٩.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٢٣/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ١٤٢.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٢٤/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ٥٥.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٢٥/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ١٥٣.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٢٥/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ١٥٥.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٢٧/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ١٦٧.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٢٩/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ٣٣.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (٤/٢٩/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٢٤٦.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٢٩/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ٣٣.
- قائمقامية كويسنجق، (٤/٣٠/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ٣٩.
- مديرية ناحية شورش، ٤/٣٠/ ١٩٨٧، برقية سرية الى محافظة اربيل- الجنة الامنية، العدد/ ٤٢.
- قائمقامية كويسنجق، (٥/٢/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ١٨١.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (٥/٤/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل/ قوة دارمان، العدد/ ٥/٤/ ١٩٨٧.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (٥/٧/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل- اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٢٦٦.
- قائمقامية كويسنجق، (٥/٩/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ٨٢.
- قائمقامية كويسنجق، (٥/١١/ ١٩٨٧)، سري، العدد/ ١٩٥.

- اللجنة الامنية في كويسنجق، (١١/٥/ ١٩٨٧)، سري وشخصي، الموضوع: خطة مسح القرى، العدد/ ٢٨٤.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (١٢/٥/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل - اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٢٦١.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (٢١/٥/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل - اللجنة الامنية، رقم المنشيء/٢٧١.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (٢١/٥/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٣٣٥.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (١١/٦/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٤١٠.
- اللجنة الامنية في كويسنجق، (١٣/٨/ ١٩٨٧)، سري وشخصي، الموضوع: خطة مسح القرى، العدد/ ٢٩٨.
- لجنة مكافحة النشاط المعادي في كويسنجق، (٩/١١/ ١٩٨٨)، سري و شخصي، الموضوع: محضر اجتماع، العدد/ لجنة/ ٢٠٥.
- لجنة مكافحة النشاط المعادي في كويسنجق، (١٦/١/ ١٩٨٩)، سري و شخصي، الموضوع: محضر اجتماع، العدد/ ١١ .

**٢- بڵاوکراوە حکومییەکان:**

- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة (د. س)، المجموعة الإحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي الموصل واربيل، مطبعة الإرشاد، بغداد.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، دائرة الإحصاء المركزي (١٩٦١)، نتائج الإحصاء الزراعي والحيواني في العراق لسنة ١٩٥٨-١٩٥٩، مطبعة الحكومة، بغداد.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء (١٩٧٣)، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، بغداد.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء (١٩٧٨)، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ لمحافظة اربيل، بغداد.

**٣- کتێبەکان:**

**أ/ بەزمانی کوردی**

- تەیب، جەمال فەتحوڵا (٢٠٠٨)، کۆیە ١٩١٨-١٩٥٨ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، چ٢، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

- حویزی، طاهر احمد (١٩٨٤)، مێژووی کۆیە یا کۆیسنجق، ب٢، چاپخانەی نمیر، بەغدا.
- دڵزار، ئەحمەد (١٩٩٤)، بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، ب٣، ستۆکهۆڵم.
- صاڵح، شیلان تاهیر (٢٠٠٨)، کۆیە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٧٥ز. دا (توێژینەوەیەك لە بارودۆخی سیاسی)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.
- عثمان، بورهان حاتم (٢٠١٩)، بارودۆخی ئابووریی هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٧٥ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، کۆلێژی ئاداب.
- کۆیی، هۆشیار محەمەد ئەمین (٢٠٠٩)، کۆیە لە ساڵی ١٩٦٣ دا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب٤، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان.
- مینە، ئەمین قادر (٢٠١٢)، ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، سلێمانی.
- نێروەیی، عەلی تەتەر (٢٠١٠)، سیاسەتی حکوومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ١٩٧٥-١٩٩١، بەرگی دووەم، چاپخانەی زانکۆی دهۆك، دهۆك.

**ب/ بە زمانی عەرەبی:**
- قادر و جامباز، جبار و طارق (٢٠١٣)، قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكورد وكوردستان، مطبعة الحاج هاشم، اربيل.
- الخرسان، صلاح (٢٠٠١)، التيارات السياسية في كردستان العراق/ قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، مؤسسة البلاغ للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.
- خصباك، شاكر (١٩٧٣)، العراق الشمالي/ دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مطبعة شفيق، بغداد.

**٤- وتار و لێکۆڵینەوەکان:**
- محەمەد، خەلیل ئیسماعیل (هاوینی ١٩٩٩)، گۆڕینی نەخشەی ئیداری پارێزگای هەولێر لە ماوەی نیو سەدەدا، هەولێر (گۆڤار)، هەولێر، ژ (٣).
- عەبدوڵڵا، سلێمان (حوزەیرانی ١٩٩٩)، ڕاگواستنی گوندنشینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، سەنتەری برایەتی (گۆڤار)، هەولێر، ژ (١٢).

## پاشکۆی بەڵگەنامەکان

### پاشکۆی ژمارە (١)

پێشنیازی فەیلەقی دووی سوپای عێراق بۆ وێرانکردنی شارەدێی (شۆڕش)



سريه وفوريه    وقت الانشاء    ويوميه

من / فيل ٥ ( ش آ د )

الى / محافظه اربيل ـ اللجنه الامنيه

و / ق ق جح دو /٥

رقم المنش/ ٢ /ح / ١٢ /

( ٠ ) لوقوع قصبه شورش في منطقه تهديد من قبل المخربين ولالغاء الناحيه وعدم الاستفاده منها بما يخدم الجانب العسكري والاقتصادي نرتاي الموافقه على هدمها ( ٠ ) يرجى الاطلاع واعلامنا مع التقدير ( ٠ ) ق ق جح دو / ٥ (٠) رسالتكم سريه وفوريه ٥٦٤٥ في ٩/٤ ٠

اللواء الركن

ق/ قائد الفيلق الخامس

**پاشکۆی ژمارە (٢)**

پێشنیازی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی عێراق بۆ وێرانکردنی شارەدێی (شۆڕش)



بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
منظومة استخبارات المنطقة الشمالية
الرقم / ش٣/ ق٣/ ٨ـ٠٠
التاريخ ١٦/ ٢ت / ١٩٨٧

سري وشخصي

الى / محافظة اربيل ـ اللجنة الامنيـة
الموضوع / بيان رأي

كتابكم ٤٣٢٨ فـي ٨ ت٢ ٨٧

١ • نؤيد مقترح هدم القصبة المذكورة لتردد المخربين اليها باستمرار وقيامهم بنصب سيطرات على مقربة منها يومياً وذلك لضعف السيطرة عليها من قبل قطعاتنا •

